# گوڵان
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

سالی سی و یەکەم (١٤٢٢)- (٢٢)ی تەمموزی ٢٠٢٤


# کابینەی نۆیەم
# هەڕەشەکانی وەرچەرخان
# بۆ دەستکەوت و دەرفەت

## ڕایەڵەی پتەوی نێوان خەڵك و حکومەت
## بنەمای دەرکەوتنی حوکمڕانیی باشە






# یەکگرتنەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٦



هاوتەریبی هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی فیدراڵی و سەرۆکایەتیی کۆمار و پەرلەمانی عێراق، لە کوردستانیش هەوڵەکان بۆ یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارە لە هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی حکوومەتێکی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان چڕ کرانەوە.
هەرچەند ئەم بابەتە کاتێکی زۆری خایاند و وزە و ماندووبوونێکی زۆری بۆ تەرخان کرا، بەڵام کۆتاییهێنان بە دوو ئیدارەیی و یەکخستن و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە و پێکهێنانی حکوومەتێکی یەکگرتووی بەهێز ویست و ئامانجی خەڵکی کوردستان و دۆست و هاوپەیمانەکانمان بوو. سوپاس بۆ خوا توانرا بەسەر کێشە و ئاستەنگەکاندا سەر بکەوین.
بە مەبەستی تەواوکردنی کارەکانی پەیوەست بە یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارە، ڕۆژی ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٦، هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی کۆبوونەوە، شاندی پارتی پێک هاتبوو لە نێچیرڤان بارزانی، دکتۆر ڕۆژ، مەسرور بارزانی، مەلا محەمەد مەلا قادر، فەریق یەکەم عەلی[1]، دکتۆر کەمال کەرکووکی، مەحموود محەمەد و مەسعود ساڵەیی. لە یەکێتییش کۆسرەت ڕەسوڵ، بەرهەم ساڵح، عومەر فەتاح، مەلا بەختیار، جەلال جەوهەر، عوسمانی حاجی مەحموود، مستەفا سەید قادر، ئەرسەلان بایز و حەمە تەوفیق ئامادەبوون.
لە کۆبوونەوەکەدا، گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی گشتیی ناوچەکە و عێراق و کوردستان کرا و گرنگیی یەکڕیزی و تەبایی گەلەکەمان تەوەرێکی تری کۆبوونەوەکە بوو. لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا لەسەر هەنگاوی کردەیی بۆ یەکخستنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێک کەوتن.
ماوەیەکی زۆر بوو کۆبوونەوەکان هەر بەردەوام بوون، بەڵام هەرجارە و کۆسپ و کێشەیەکی نوێ دەهاتە بەردەم پرۆسەی یەکگرتنەوە. دیار بوو دیسان چەند کەسێکی ناو یەکێتی هەوڵی بەلارێدابردنی گفتوگۆکانیان دەدا. سەرەنجام کار گەیشتە ئەوەی کە بە تەلەفۆن پەیوەندیی بە عەدنان موفتی، سەرۆکی پەرلەمانەوە بکەم و، داوای کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانم کرد بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەی پەرلەماندا هەموو ڕاستییەکان بۆ خەڵکی کوردستان ڕوون بکەمەوە، کە هۆکاری یەکنەگرتنەوەی حکوومەت و شکستی کۆبوونەوەکان چییە. من زۆر جدی بووم لەوەی خەڵک بزانن چی ڕووی داوە.
دیار بوو دوای پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەم، عەدنان موفتی پەیوەندیی بە مام جەلالەوە کردبوو. مام جەلالیش گوشاری خستبووە سەر مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بۆ سەرخستنی کۆبوونەوەکان و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە.

---

(١) زەعیم عەلی پلەکەی بەرز بۆووەوە بۆ فەریقی یەکەم




(وەرزی تـەم ڕێـڕەوی بارزانییـەکان دوای کۆمـاری کوردسـتان ١٩٤٥-١٩٤٩) ناونیشـانی کتێبێکـی تـازە چاپکـراوە (عەبـاس غەزالـی) نووسـیویەتی، ئـەم کتێبـە بـە ئامانجـی تێگەیشـتنی مێژوویـی و بـە چاوێکـی بەراوردکارانـە پەرژاوەتـە سـەر ڕووداوەکانـی دوای ڕووخانـی کۆمـاری کوردسـتان لـە مەهابـاد، ناوەرۆکەکـەی بەپێـی گوتـەی بەشـداران و بەڵگەنامـە و نووسـینی کەسـانی ئـاگادار لـە ڕووداوە سیاسـی و سـەربازییەکانی ئـەو سـەردەم بـە یـار و نەیـارەوە داڕێـژراوە، بـە تایبەتـی لـە دۆخی بارزانییـەکان لـەدوای ڕووخانـی کۆمـاری کوردسـتان وردبۆتـەوە و چارەنـووس و بەرگریـی بارزانییـەکان لـە بەرانبـەر پەلامـاری دوژمنانـی نەتـەوەی کـورد دەگێڕێتـەوە.

کاتـێ خوێنـەر سـەرنج لـە ناوەرۆکـی ئـەم کتێبـە دەدات و دەیخوێنێتـەوە و وەسفی لێهاتوویـی بارزانیـی نەمـر و خۆڕاگریـی بارزانییـەکان گوتـەی گەزەنەفۆن مێژوونووسی یۆنانیی وەبیر دەهێنێتـەوە، چۆن ئەو لەشکرە سەدوبیست هـەزار کەسە لە چیاکانی کوردستان تێکشکێنراون، ئەو کتێبـە بە پێچەوانـەی ڕای ئـەو کەسانەی پێیـان وایـە کـورد لـە سـەدەی بیسـتەمدا بەشدارییەکی چالاکانەی لە بونیادی مێژوودا نەکردووە نیشان دەدا، کـە شـوێن پەنجەیـان بەسـەر ڕووداوەکانـی مێـژوودا دیـارە.

کتێبەکـە کراوەتـە سـێ بـەش، بەشـی یەکـەم: گەڕانـەوە(١٩٤٦-١٩٤٧)، کـە چەندیـن ناونیشـان لەخـۆ دەگرێـت، لەوانـە لەشکرکێشـیی ئەرتەشـی شـا، هێرشـی سـوپای ئێران بۆ سـەر بارزانییـەکان، شـەڕەکانی نەڵـۆس و گۆجـار و مەرگـەوەڕ، گەڕانـەوە بـۆ عێـراق، بەشـی دووەم: دابـڕان (١٩٤٧-١٩٤٩) ئـەو بابەتانـە لەخۆدەگرێـت، هاتنـی بارزانـی بـۆ مەهابـاد، لـە گادەرەوە بـۆ سـیمی دیانـا، بارودۆخـی منـداڵ و ئافرەتانـی بارزانییـەکان، باوەڕمەنـدی بـە ڕێبـازی شـێخ ئەحمـەدی بارزانـی و خۆڕاگریـی بارزانییـەکان، بەشـی کۆتایـی و سـێیەم: پەڕینـەوە(١٩٤٧)، پاشەکشـە، هەڵوێسـتی زلهێـزان، شـەڕی ماکـۆ، ئـاراس.

نووسـەر بـۆ ئـەم کتێبـە پشـتی بـە چەندیـن سـەرچاوە و ژێـدەری کـوردی و عەرەبـی و فارسـی و ئینگلیـزی و چاوپێکەوتـن بەسـتووە، لەگـەڵ پاشـکۆیەك بـە چەندیـن بەڵگەنامـە، دەستخۆشـی لـە عەبـاس غەزالـی نووسـەری کتێبـی (وەرزی تـەم ڕێـڕەوی بارزانییـەکان دوای کۆمـاری کوردسـتان ١٩٤٥-١٩٤٩) دەکەیـن بـۆ ئەو ماندووبوونـەی بـە هیـوای بەرهەمـی زیاتر.

هیوا قەرەنی :

**ڕاپەڕین بە شێوەیەکی زۆر خێرا فراوان دەبێت و پێویستی بە تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەتی هەیە**



د.دلاوەر بوزو میکائیل :

**سەرۆکی حکومەتی کوردستان بەردی بناغەی پرۆژەیەکی ستراتیژی بە ناوی عەلوەی ئاکرێ دانا**



دکتۆر ئەکرەم هەواس :

**جینۆسایدی کوردی فەیلی بە مەبەستی تەعریب و تالانکردنی ماڵ و موڵک و داگیرکردنی خاکەکەیان بوو**



مامۆستا هیشام ساڵح محەمەدئەمین :

**دابەشکردنی ئایینی ئیسلام بۆ عیبادات و سیاسەت مەترسیدارە، چونکە ئیسلام گشتگیرە بۆ بەختەوەری و خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی**






■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگران:
**کەمال ئاکرەیی**
**هاوکار ڕەحمان**

**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

هاوژین دڵشاد :

## بۆ بەرەوپێشچوونی فوتساڵ پێویستە بەرپرسان پشتگیریمان بکەن



دکتۆر سەباح سوبحی :

## سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا مێژوویی و لە پێناوی بەهێزبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان بوو



## بۆچی پرۆژە زۆرەکانی نیشتەجێبوون نەبووەتە هۆکاری چارەسەری کرێنشینی؟




## ئەو شتانەی پەستانی خوێن بەرزدەکەنەوە



## کیبۆردێک بە تایبەتمەندییەکی جیاوازەوە



## کۆتایی هاتنی ٥٨مین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «کارڵۆڤی ڤاری»














# ڕایەڵەی پتەوی نێوان خەڵک و حکومەت
# بنەمای دەرکەوتنی حوکمڕانیی باشە



«هەموو ئەو بیرمەندانەی کاریان لەسەر بنەچەی سەرهەڵدانی (هزر و فەلسەفە) کردووە، ئەو پرسیارە دەورووژێنن کە بۆچی لە ئەسینا هزر و فەلسەفە سەری هەڵدا، بەڵام سپارتا دەرنەکەوت؟ لەگەڵ ئەوەی هەر لە سەرەتای سەدەکانی پازدە هەتا نۆزدە، بیرمەندان و فەیلەسووفەکانی ئەورووپا وەڵامی ئەم پرسیارەیان بەو جۆرە دەدایەوە، بەوەی (سەرهەڵدانی هزر لە ئەسینا یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی عەبقەرییەتی عەقڵی ئەورووپی کە دەگمەنە لەناو تەواوی مرۆڤایەتیدا)، بەڵام توێژینەوە هاوچەرخەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم کە زۆر بە قووڵی بە ناخی ڕۆژهەڵاتناسیدا ڕۆچوون، گەیشتوونەتە ئەو ئاکامەی کە هۆکاری بنەڕەتیی سەرهەڵدانی (هزر و فەلسەفە) لە ئەسینا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتی دەوڵەتە شاری یۆنانی هەوڵیان داوە لە گۆڕەپانە گشتییەکان لەگەڵ خەڵک وەڵام بۆ ئەو پرسیارە وەربگرنەوە (چۆن حوکمڕانیی ئەم دەوڵەتە بکەین؟). ئەرستۆ کە بە باوکی سیاسەت دادەنرێت، بەو جۆرە سیاسەتی بە مانای پۆلیتیکۆس (Politikos) دارشتووە کە ئامانج لێی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە شاری (پۆڵس)ی یۆنانییە و ئەوەشی ئەم سیاسەتە دروست دەکات، پۆلیتیکە (politike) کە ئیبن ڕوشد بە هاوشاری، یان هاووڵاتی ( المدنی) کردوویەتی بە عەرەبی».




**کتێبی «في دلالة الفلسفة وسؤال النشأة»**

**● سیاسەتی حوکمڕانی بەرجەستەی ئیرادەی هاووڵاتییانە فۆرمێك نییە کۆپی بکرێتەوە**

لەوانەیە «لی کوان یو» سەرۆکی کۆچکردووی سەنگافورا، ئیلهامی سەرکەوتنی «چیرۆکی سەرکەوتنی سەنگافورا»ی لەو وتە بەرزەی «تیب ئۆنیلی سەرۆکی کۆنگرێسی ئەمریکا» وەرگرتبێت کە لە ساڵی ١٩٢٣ گوتوویەتی: «هەموو سیاسەت پرسی ناوخۆیە - all politics is local»، کە وەك سەرۆکی کۆنگرێسی دەوڵەتێکی گەورەی ئەمریکا مەبەستی لە «هەموو سیاسەت» سیاسەتی بەڕێوەبردنی وڵاتە و دەبێت هەموو سیاسەتێك بۆ چارەکردنی کێشە لۆکاڵییەکانی وڵات دروست بکرێت. لەسەر ئەم بنەمایە «لی کوان یو» لە کتێبی «چیرۆکی سەرکەوتنی سەنگافورا» نووسیویەتی: «ئەگەر بتەوێت تۆ ببیتە میکانیکێکی باش، ئەوە کتێب زۆرە فێرت دەکات، چۆن کاری میکانیکی بکەیت. ئەگەر بتەوێت ببیتە خەیاتێکی باش و جلوبەرگەکانی خۆت بدوورێت، کتێب زۆرە فێرت دەکات، چۆن جلەکانت بدووریت و.. هتد، بەڵام من دڵنیا بووم لەوەی ئەگەر هەموو کتێبی کتێبخانەکانی جیهان بگەڕێم، تەنیا یەك لاپەڕە نادۆزمەوە، فێرم بکات چۆن وڵاتێکی وەك سەنگافورا بونیاد بنێمەوە، کە هیچ سەرچاوە و داهاتێکی نییە و هاووڵاتیانیشی لە یەك نەتەوەدا بەرجەستە نابن. بۆیە بڕیارم دا، خۆم کتێبی چیرۆکی سەرکەوتنی سەنگافورا بنووسمەوە».

لەسەر ئەم کتێبە مەزنەی «لی کوان یو»، «هنری کیسنجەر» نووسیویەتی: «کاتێك ئەم کتێبەم دەخوێندەوە بۆ دەرکەوت لە دەرەوەی — سیستمی لیبراڵ دیموکراتی ڕۆژئاوا- سیستمێکی دیکە هەیە کە بتوانێت حوکمڕانیی باش دروست بکات و دەوڵەت بونیاد بنێتەوە». هەروەها «هێڵمۆت کۆڵ» کە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا لەسەر دەستی ئەو دروست بوو، کە نازناوی «بسمارکی دووەمی ئەڵمانیا»یان پێداوە، لەسەر ئەم کتێبە نووسیویەتی: «بە بونیادنانەوەی سەنگافورا بەم شێوازە، لی کوان یو، هونەرێکی تازەی دەوڵەتمەداری و دەوڵەتداری فێرکردین». کەواتە کتێبی چیرۆکی سەرکەوتنی سەنگافورا، ئەو ڕاستییە بۆ مرۆڤایەتی ئاشکرا دەکات، هەموو نەتەوەیەك توانای بەرهەمهێنانی حوکمڕانیی باش و بونیادنانەوەی وڵاتەکەی خۆی هەیە، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە «بۆچی بەشێك لە نەتەوەکان لە پرسی حوکمڕانیی باش و بونیادنانەوەی وڵات سەردەکەون و بەشێکیشیان شکست دەهێنن؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا نووسەری سویسری «ئەندریاس ڤایمەر» لە کتێبی «بونیادنانی نەتەوە: بۆچی هەندێك لە نەتەوەکان هاوشانی یەك سەردەکەون و ئەوانی دیکە دەکەون؟» بەراوردی نێوان شەش ئەزموونی جیاوازی کردووە، (سویسرا و بەلجیکا، پتسوانا و سۆماڵ، چین و ڕووسیا)، لەم شەش ئەزموونەدا، سێیان (سویسرا، پتسوانا، چین) وەك نموونەی سەرکەوتوو پێناسە دەکات و سێ وڵاتەکەی دیکە (بەلجیکا، سۆماڵ، ڕووسیا) وەك نموونەی پەرتەوازەیی نەتەوەیی و شکست لە بونیادنانی دەوڵەتی هاوچەرخی نەتەوەیی پێناسە دەکات و سەرکەوتن گرێ دەداتەوە بە «ڕایەڵەی پتەوی نێوان هاووڵاتیانی ئەو دەوڵەتە» و شکست گرێ دەداتەوە بە «پەرتەوازەیی و پچڕانی ڕایەڵەی نێوان هاووڵاتیانی ئەو دەوڵەتە»، بەڵام سەرەنجام هەموو سەرکەوتنەکان گرێ دەداتەوە بە سیاسەتی «حوکمڕانیی باش» و شکستەکان گرێ دەداتەوە بە «سیاسەتی حوکمڕانیی فاشیل»، لەمەش زیاتر سیاسەتی «حوکمڕانیی باش»یش گرێ دەداتەوە بە دووبارە بونیادنانەوەی تێکڕای ژێرخانەکانی وڵات و سوودوەرگرتن لە توانای مرۆیی هاووڵاتیانی.

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە بۆچی لە نێوان گەلێك کە لە کۆمەڵێك نەتەوە و ئایینی جیاواز پێکهاتوون، ڕایەڵەی پتەو بۆ بونیادنانەوەی وڵات دروست دەبێت، بەڵام لە زۆر دەوڵەتدا ئەم ڕایەڵە دەپچڕێت و نەتەوەیەکی هامۆجیش پەرتەوازە دەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ دوو هۆکاری گرنگ دەگەڕێتەوە. یەکەمیان ئەوەیە وەڵامی دروست بۆ ئەم پرسە لەناو سەنتراڵیەتی «هزر و سیاسەتی ڕۆژئاوا» پەردەپۆش دەکرێت و پەردەی لەسەر هەڵناماڵدرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هۆکاری سەرەکیی شکستی بەشێکی

**هۆکاری سەرەکیی شکستی بەشێکی زۆری نەتەوەکان لە گەیشتن بە حوکمڕانیی باش، دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینی چەمکی «دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ» بۆ دەوڵەتی «کۆڵۆنیاڵی»ی دروستکراوی دەستی ڕۆژئاوا**

**تەنیا ١٠٠ ڕۆژ لە دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم تێنەپەڕیبوو، هەموو شتێک زۆر بە نەرێنی گۆڕانکاری زۆر تراژیدی بەسەردا هات، کە زەمینەیەکی زۆر نالەبار و قورسی بۆ کارنامەکەی حکومەت دروست کرد**

**بۆ ڕێگرتن لە وشکەساڵی و گۆڕینی کەشوهەوا و پاراستنی ژینگەی کوردستان، هەر لەم کابینەیەدا بەردی بناغەی چەندین بەنداو و پۆندی گەورە و مامناوەندی دانراون**

**ئەم بەنداو و پۆندانە جیا لەوەی سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران و نەهێشتنی کاریگەرییەکانی وشکەساڵی، لە هەمان کاتدا بوونە ناوچەی گەشتیاری و سەرچاوەیەکی دیکەی داهات بۆ هەرێمی کوردستان**



**بۆ ئەوەی هاووڵاتیان خۆیان لەناو کارنامەی ئەم کابینەیەدا ببیننەوە و بۆیان بسەلمێت کە بە ڕاستی هاووڵاتی سەنتەری ئەم کابینەیەیە، دەست کرا بە دووبارە ڕێکخستنەوەی هەیکەلی کارگێڕیی حکومەت و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و هەنگاوهەڵگرتن بۆ حکومەتی ئەلکترۆنی**

زۆری نەتەوەکان لە گەیشتن بە حوکمڕانیی باش، دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینی چەمکی «دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ» بۆ دەوڵەتی «کۆڵۆنیاڵی»ی دروستکراوی دەستی ڕۆژئاوا، ئەمەش بەو مانایەی ئەوروپا کە خۆی بە دایکی «دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ» پێناسە دەکات، ئەم مودێلەی دەوڵەتی بۆ نەتەوەکانی دیکە بەڕەوا نەزانی و هەوڵی داوە نەتەوەکانی دیکە بکاتە کۆڵۆنیاڵی خۆی.

هۆکاری دووەم بۆ پەرتەوازەیی بەشێکی زۆری نەتەوەکان، هەر لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی «حزبی سیاسی و ئایدیۆلۆژیەتی نامۆ بە نەتەوەکان»، هەر بۆیە کاتێك بۆ مێژووی نزیکەی ١٠٠ ساڵی کۆی نەتەوە کۆڵۆنیاڵییەکان دەگەڕێینەوە، دەبینین، جیا لەوەی هەیکەلەی دەوڵەتی «کۆڵۆنیاڵی» چوارچێوەیەکی باش نییە بۆ حوکمڕانی، لە هەمان کات حزبی سیاسیش هێندەی دیکە نەتەوەکەی پەرتەوازە کردووە، بەمەش زەمینەیەکی لەبار دروست بووە بۆ حوکمڕانیی دیکتاتۆری، کۆمۆنیستی، یان لە هەندێك حاڵەتدا بۆ دیموکراتیەکی فشۆڵ وەك هیندستان و تورکیا. ئەگەر لەماوەی ئەم ١٠٠ ساڵەشدا بۆ ئەزموونی تاك و تەرای سەرکەوتووی نەتەوەکان بگەڕێین، دەبینین لە کۆی جیهاندا لە ژمارەی پەنجەکان تێپەڕ نابن. هەر بۆ نموونە لە هەموو کیشوەری ئاسیا ئەوەی پێی بگوترێت ئەزموونی سەرکەوتوو بریتین لە «تایوان، سەنگافورا، کۆریای باشوور و ژاپۆن» و لە هەموو ئەفریقیا تەنیا ئاماژە بە «پتسوانا» دەکرێت. جارێ دیار نییە سەرکەوتنی ڕواندا درێژە بکێشێت، لە هەموو ئەمریکای لاتینیش تەنیا ئاماژە بە «چیلی و کۆستاریکا» دەکرێت. سەرکەوتنی ئەم ئەزموونانەش هەمووی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لەناو ئەم ئەزموونە سەرکەوتووانە لانی کەم لە سەرەتای دەستپێکردن تا سەرکەوتن، یان حزبی سیاسییان نەبووە، یان یەك حزب هەبووە و فرەحزبی بوونی نەبووە.

هەڵوەستکردن لەسەر ئەم پاشخانە مێژووییەی (سیاسەتی حوکمڕانیی نەتەوەکانی جیهان)، دەروازەیەکمان بۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەك بۆ کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکاتەوە و بتوانین هەڵسەنگاندێکی واقیعییانەی بۆ بکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەموو ئەو خاڵانەی ئاماژەیان پێکرا، لە واقیعی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە.




**• هاووڵاتی وەك سەنتەری بەرنامەی کابینەی نۆیەم**

مسرور بارزانی سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کاتێك لە تەمووزی ٢٠١٩ لەناو پەرلەمانی کوردستان بەرنامەی کابینەکەی پێشکەش کرد، ڕاشکاوانە ڕایگەیاند «هاووڵاتی سەنتەری کارنامەی حکومەت دەبێت». ئەم کارنامەیە لەسەر ئەو بنەمایە دارێژرابوو، کە لە ماوەی چوار ساڵی کابینەکەدا لەناو ژینگەی پەیوەندییەکی سەقامگیریی نێوان (هەرێم و حکومەتی فیدراڵی) جێبەجێ دەکرێت و ئامانجی یەکەمیش کە هەنگاوی بۆ هەڵگیرا، ئەوە بوو کە هەوڵەکان بخرێنە گەڕ بۆ ئەوەی هەموو کێشە هەڵواسراو و کەڵەکەبووەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی چارەسەر بکرێن، بەڵام نەك هەر وا دەرنەچوو، بەڵکو تەنیا ١٠٠ ڕۆژ لە دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم تێنەپەڕیبوو، هەموو شتێك زۆر بە نەرێنی گۆڕانکاری زۆر تراژیدی بەسەردا هات، کە زەمینەیەکی زۆر نالەبار و قورسی بۆ کارنامەکەی حکومەت دروست کرد.

کابینەی نۆیەم لەناو ئەو بارودۆخە سیاسییە دژوار و ئاڵۆزەدا و پێش ئەوەی پەتای کۆرۆنا بڵاو ببێتەوە، جوامێرانە دەستی کرد بە جێبەجێکردنی بەرنامەکەی و لە یەکەم هەنگاو بڕیاری دا، کە بە هیچ شێوەیەك نابێت کاریگەریی حزبی سیاسی ببێتە هۆکاری سازشکردن لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامەی ئەم حکومەتە و، هەنگاوی یەکەمی بە چاککردنەوەی سەرجەم ڕێگاوبانەکانی نێوان پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان پێش وەرزی بارانبارین دەستپێکرد، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان لە وەرزی زستان تووشی ئاستەنگی ڕێگاوبانەکان نەبن.

لەدوای تەواوبوونی ماوەی کەرەنتینەی پەتای کۆرۆنا کە بارودۆخی ئابووریی هەرێم زۆر نالەباریش بوو، دەست کرا بە دانانی بەردی بناغە بۆ پرۆژەیەکی ستراتیژیی گەورە کە پەیوەندیدار بوو بە ئاسایشی خۆراکی هەرێمەوە، بۆ ئەمەش بەردی بناغەی چەندین سایلۆی گەورە و چەندین کارگەی گەورەی دروستکردنی خۆراك لە هەموو پارێزگاکان دانران، بۆ ئەوەی کەرتی کشتوکاڵ تووشی نائومێدی نەبن، هەروەها جووتیارانیش لەوە دڵنیا بکرێنەوە، کە بەرهەمەکانیان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەکڕدرێتەوە.

**بەردی بناغەی چەندین سایلۆی گەورە و چەندین کارگەی گەورەی دروستکردنی خۆراك لە هەموو پارێزگاکان دانران، بۆ ئەوەی کەرتی کشتوکاڵ تووشی نائومێدی نەبن، هەروەها جووتیارانیش لەوە دڵنیا بکرێنەوە، کە بەرهەمەکانیان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەکڕدرێتەوە**

دروستکردنی زەمینەری لەبار بۆ هاندانی وەبەرهێنەران و سەرمایەدارانی ناوخۆ و بیانی بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی گەورە لە کەرتەکانی (پیشەسازی، گەشتیاری و کشتوکاڵ) بکەن.

**بۆ فەراهەمکردنی هەلی کار بۆ گەنجان، کابینەی نۆیەم بڕیاری دا، لە پرۆژەیەکی هەر کۆمپانیایەک لە کوردستاندا دەبێت ٧٥٪ ی دەستی کار هاووڵاتیانی کوردستان بن، ئەمەش دەروازەیەکی باشی بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجەکان کردەوە**

**لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا بەردەوام هەرێمی کوردستان لەژێر گەمارۆ و شەڕی ئابووریی حکومەتی فیدراڵیدا بووە و هەتا ئێستاش بە تەواوەتی ئەم کێشە ئابوورییانەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی چارەسەر نەکراون**

**ئەو حزبە سیاسییانەی کە هاوپەیمانن بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم، نەک بە ئاستی پێویست پشتیوانی جێبەجیکردنی بەرنامەی کابینەی نۆیەم نەبوون، بەپێچەوانەوە زۆر جار هەوڵیان داوە، کار بۆ پەکخستنی بەرنامە چاکسازییەکەی ئەم کابینەیە بکەن**

ئەم هەنگاوەی لەلایەك بۆ گەیشتن بە خۆبژێویی بوو، لەلایەکی دیکەوە بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجەکان بوو.

بۆ ئەوەی هاووڵاتیان خۆیان لەناو کارنامەی ئەم کابینەیەدا ببینەوە و بۆیان بسەلمێت کە بە ڕاستی هاووڵاتی سەنتەری ئەم کابینەیەیە، دەست کرا بە دووبارە ڕێکخستنەوەی هەیکەلی کارگێڕیی حکومەت و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و هەنگاوهەڵگرتن بۆ حکومەتی ئەلکترۆنی و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی سیستمی بانکی بە شێوازی «سیستمی بانکی دیجیتاڵی» لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان بە ڕێگەی پرۆسەی «هەژماری من». ئەم پرۆسەیە کە هەتا ئێستا بە تەواوەتی تەواو نەبووە، بەڵام زیاتر لە ٥٠٠ هەزار مووچەخۆر ئێستا لە چوارچێوەی ئەم سیستمە خاوەنی حیسابی بانکیی خۆیانن و پرۆسەکەش هەتا ئێستا بەردەوام کاری تێدا دەکرێت.

هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی هەرێمی کوردستان و دروستکردنی چەندین کۆگای ساردکەرەوە بۆ هەڵگرتنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و دووبارە ساغکردنەوەیان لە وەرزەکانی دیکەی ساڵدا.

بۆ ڕێگرتن لە وشکەساڵی و گۆڕینی کەشوهەوا و پاراستنی ژینگەی کوردستان، هەر لەم کابینەیەدا بەردی بناغەی چەندین بەنداو و پۆندی گەورە و مامناوەندی دانراون، کە بەشێکی زۆریان تەواو بوون و ئەوانی دیکەش کاریان تێدا دەکرێت. ئەم بەنداو و پۆندانە جیا لەوەی سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران و نەهێشتنی کاریگەرییەکانی وشکەساڵی، لە هەمان کاتدا بوونە ناوچەی گەشتیاری و سەرچاوەیەکی دیکەی داهات بۆ هەرێمی کوردستان.

بۆ فەراهەمکردنی هەلی کار بۆ گەنجان، کابینەی نۆیەم بڕیاری دا، لە پرۆژەیەکی هەر کۆمپانیایەك لە کوردستاندا دەبێت ٧٥٪ ی دەستی کار هاووڵاتیانی کوردستان بن، ئەمەش دەروازەیەکی باشی بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجەکان کردەوە.

لە بواری ڕیفۆرمی تەندروستی و چاودێریی تەندروستی، کابینەی نۆیەم لەسەر هەموو ئاستەکان هەر لە (ڕێکخستنەوەی کرێی نەخۆشخانە ئەهلییەکان، کوالیێتیی دەرمان، ڕێگرتن لە هێنانە ناوەوەی خۆراکی خراپ و بێ کوالیێتی و ماوەبەسەرچوو، ڕیفۆرمێکی ڕیشەیی ئەنجام دا بۆ ئەوەی تەندروستیی هاووڵاتیان پارێزراو بێت.

ئەمانەی ئاماژەیان پێکرا، چەند نموونەیەکن لە جێبەجێکردنی کارنامەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە تیایدا هاووڵاتی نەك هەر سەنتەر بووە، بەڵکو هاووڵاتی وەك سەنتەر خۆی لە جێبەجێکردنی ئەم کارنامەیەدا دەبینێتەوە.

## ● مامەڵەی دیپلۆماتی و سیاسییانەی کابینەی نۆیەم لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە

لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمەوە لە ٢٠١٩ هەتا ئێستا (تەموزی ٢٠٢٤)، بارودۆخی سیاسی و دیپلۆماتیی هەرێم لە هیچ کابینەیەکدا وەك کابینەی نۆیەم لە ژێر هەڕەشەی ڕاستەوخۆی لەو جۆرەدا نەبووە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەو هەڕەشە و مەترسییانە دەکەین:

● لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا بەردەوام هەرێمی کوردستان لەژێر گەمارۆ و شەڕی ئابووریی حکومەتی فیدراڵیدا بووە و هەتا ئێستاش بە تەواوەتی ئەم کێشە ئابوورییانەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی چارەسەر نەکراون. ئەمە سەرباری ئەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێم لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە ڕەت کراوەتەوە و بەپێی بڕیاری دادگای پاریس هەناردەکردنی نەوتی کوردستان ڕاگیراوە.

● لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا بەردەوام هەرێمی کوردستان لەلایەن «چەکدارە لە یاسا دەرچووەکانی گرووپە شیعەکانی عێراق، هێرشی ڕۆکێتی و بالیستیکی کۆماریی ئیسلامیی ئێران، بۆمباران و کاولکاری بە هۆی شەڕی نێوان چەکدارانی پەکەکە و سوپای تورکیا» بە ئامانج گیراوە و بە دۆرن و ڕۆکێت و تۆپ و فڕۆکە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بۆمبباران کراون.

● بە درێژایی ئەم پێنج ساڵە ئەو حزبە سیاسییانەی کە هاوپەیمانن بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم، نەك بە ئاستی پێویست پشتیوانی جێبەجیکردنی بەرنامەی کابینەی نۆیەم نەبوون، بەپێچەوانەوە زۆر جار هەوڵیان

داوە، کار بۆ پەکخستنی بەرنامە چاکسازییەکەی ئەم کابینەیە بکەن.

● بە درێژایی ئەم پێنج ساڵە ئەو لایەنە سیاسییانەی ناویان لە خۆیان ناوە «ئۆپۆزسیۆن»، وەک نەیار مامەڵەیان لەگەڵ کارنامەی کابینەی نۆیەم کردووە و، تەنانەت بە سیاسەتێکی پۆپۆلیستیی ئەوتۆش مامەڵەیان کردووە، کە زۆر جار گەیاندوویانەتە ئاستی «تیرۆری هزری» و، لاوازکردن و ناشیرینکردنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان.

لەناو ئەم هەرەشەو ئالنگارییە گەورانەدا لە ئێستادا وەرچەرخانێکی گەورە هاتووەتە ئاراوە کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

١. لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی، پەیوەندییەکان بەراورد بە ساڵانی پێشوو، لە باشترین ئاستدان و لێکتێگەیشتنی زۆر باش هەیە، بۆ چارەسەرکردنی کێشە کەڵەکەبوو و هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی.

٢. لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، پەیوەندییەکان بە تەواوەتی ئاسایی بوونەتەوە و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی تارانیان کردووە و بریار بوو خوالێخۆشبوو سەرۆک ئیبراهیم رەئیسی لە سەردانەکەیدا بۆ عێراق، سەردانی هەرێمی کوردستانیش بکات، بەڵام وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران سەردانی هەولێری کردووە.

٣. لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ کۆماری تورکیا، پەیوەندییەکان زۆر باشن و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی تورکیایان کردووە و لەگەڵ سەرۆک کۆمار کۆبوونەوە، سەرۆک کۆماری تورکیاش سەردانی هەولێری کردووە.

٤. لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی وڵاتانی کەنداو (ئیمارات، قەتەر، عەرەبستانی سعودی و کوەیت و بەحرێن) پەیوەندییەکان زۆر باش گەشەیان کردووە و لەگەڵ شانشینی ئوردنی هاشمیش چووەتە قۆناغی پەیوەندیی پتەو و لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی دیکەش ئێستا لە قۆناغی ئەوەداین کونسوولگەری و نوێنەرایەتییان لە هەولێر بکەنەوە.

٥. لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ ئەمریکا و بەریتانیا، پەیوەندییەکان گەشەی گەورەیان بەخۆیانەوە بینیوە و، گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە راشکاوی بڵێت بە ٣٦٠ پلە پشتگیریی هەرێمی کوردستان دەکەین لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە عێراق.

٦. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو کۆڕ و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکان وەك (کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس، کۆنگرەی میونیشن بۆ ئاسایشی جیهان، لووتکەی حکومەتەکانی جیهان، لووتکەی بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا COP و.. هتد» ئامادەبوونیان هەیە و پەنێڵی فەرمییان بۆ رێك دەخرێت و وتاری سەرەکی پێشکەش دەکەن. ئەمە بێجگە لەو دیدار و کۆبوونەوانەی لە پەراوێزی ئەو کۆڕ و کۆڕبەندانە لەگەڵ سەرۆك و سەرۆك وەزیران و بڕیاربەدەستانی وڵاتانی جیهان ئەنجامی دەدەن.

٧. لەسەر ئاستی سیاسەت و پرۆسەی ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش، ئەوەی جێگەی تێرامان و گەشبینییە، ئەوەیە دوای ئەوەی نەتوانرا لە ماوەی دووساڵی رابردوو هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، ئێستا گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئامادەباشییان دەربڕیوە کە لە٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێت، ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی کەش و پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان تا رادەیەك سەقامگیر بووە و هەنگاو بۆ سەقامگیریی زیاتر هەڵدەگرێت.

ئەوەی لە ماوەی ئەم ساڵە پڕ مەترسی و هەرەشە و ئالنگارییەی کابینەی پێنجەمدا بوو بۆ وانەیەك لە حوکمڕانیی باش، ئەوەیە کە کاتێك بەرنامەی کاری حکومەت لەسەر بنەمای «سەنتەربوونی هاووڵاتی» بونیاد دەنرێت، ئەوا حەتمەن ئیرادەی گەلی خۆی لەگەڵ دەبێت و لە بەردەم هەرەشە و ئالنگارییەکان خۆڕاگر دەبێت و وەرچەرخانی گەورەی ئەرێنییش بۆ بەرژەوەندیی نیشتمان بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

**ئەو لایەنە سیاسییانەی ناویان لە خۆیان ناوە «ئۆپۆزسیۆن»، وەک نەیار مامەڵەیان لەگەڵ کارنامەی کابینەی نۆیەم کردووە و، تەنانەت بە سیاسەتێکی پۆپۆلیستیی ئەوتۆش مامەڵەیان کردووە، کە زۆر جار گەیاندوویانەتە ئاستی «تیرۆری هزری» و، لاوازکردن و ناشیرینکردنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان**

**لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی، پەیوەندییەکان بەراورد بە ساڵانی پێشوو، لە باشترین ئاستدان و لێکتێگەیشتنی زۆر باش هەیە**

**کاتێک بەرنامەی کاری حکومەت لەسەر بنەمای «سەنتەربوونی هاووڵاتی» بونیاد دەنرێت، ئەوا حەتمەن ئیرادەی گەلی خۆی لەگەڵ دەبێت و لە بەردەم هەرەشە و ئالنگارییەکان خۆڕاگر دەبێت و وەرچەرخانی گەورەی ئەرێنییش بۆ بەرژەوەندیی نیشتمان بە دوای خۆیدا دەهێنێت**



هیوا قەرەنی

سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین بۆ گوڵان:

# ڕاپەڕین بە شێوەیەکی زۆر خێرا فراوان دەبێت و پێویستی بە تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەتی هەیە

# پردی دەربەندی ڕانیە تەواو بووە و ڕاکێشانی هێڵی پاڵەپەستۆی بەرزی بازیان – ڕانیە جێبەجێ کراوە

**هیوا قەرەنی، سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین لەم دیدارەی گۆڤاری گوڵاندا باس لە گرنگترین پرۆژەکانی دەڤەرەکە دەکات، کە وێڕای قەیرانی دارایی و کۆرۆنا و چەندین ئالنگاریی دیکە، لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا جێبەجێ کراون. ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین یەکێکە لەو دەستکەوتانەی کە لەم کابینەیەدا بۆ خەڵکی دەڤەرەکە جێگەی دڵخۆشی بووە و چەندین بەڕێوەبەرایەتیی گشتی و بەڕێوەبەرایەتیی دیکە لە ڕاپەڕین کراوەتەوە، هەمووی لەپێناو شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و زیاتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان. بە وتەی سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین وێڕای ئەم پرۆژە و خزمەتانە خەڵکی ناوچەکە چاوەڕوانی پرۆژەی زیاتر و خزمەتگوزاریی باشترن، بەتایبەتی لەو پرۆژە و کارانەی کە ڕۆڵیان هەیە بۆ دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجەکان. لەم دیدارەدا گرنگترینی ئەو پرۆژانە دەخەینە ڕوو کە لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا و بۆ ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین جێبەجێ کراون، هاوکات گرنگترین پێداویستیی و داواکارییەکانی خەڵکی دەڤەرەکەش لەسەر زاری هیوا قەرەنی سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین دەخەینەڕوو.**

* ڕەنگە بوون بە ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین ئەو وەرچەرخانە بێت لە سنووری دەڤەرەکەدا کە هاووڵاتیان هیوای زۆریان لەسەر هەڵچنیوە، وەکو سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین، دەکرێت بزانین گرنگترینی ئەو پرۆژانەی لە ماوەی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە دەڤەری ڕاپەڕین جێبەجێ کراون، زیاتر لە چ بوارێکدان؟

- پێش وەڵامدانەوەی پرسیارەکەتان دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە دەڤەری ڕاپەڕین وێڕای تایبەتمەندییەکانی و خەبات و قوربانیدانی خەڵکەکەی، لە زۆر ڕووەوە پێویستی بە هەڵمەتی ئاوەدانی و جێبەجێکردنی پرۆژە هەیە، بەتایبەتی کە زۆربەی ئەم ناوچانە لە پێش ساڵانی ١٩٩٠ـەوە وێران کراون و ژێرخانەکەی بە تەواوەتی خاپوور کرابوو، تەنانەت لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیشەوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە قەرەبووی دەڤەرەکە و خەڵکەکەی نەکرایەوە. لە ئێستادا تەواوی دەڤەرەکە بە شێوەیەکی زۆر خێرا و فراوان لە گەورەبووندایە، بۆیە پێویستیمان بە پلانێکی گشتگیر هەیە، بۆ پەرەپێدانی سەرجەم سێکتەرەکان و کەرتە جۆراوجۆرەکان. بە خۆشحاڵییەوە تەنیا لە چەند مانگی ڕابردوودا چەند پرۆژەی گەورە و ستراتیژی بە ئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرایەوە، لەوانە تەواوکردنی پردی دەربەندی (ڕانیە - بنگرد). لە ماوەکانی ڕابردووشدا بەڕێز قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەردانی دەڤەرەکە و لە

**بەردی بناغەی کارگەی وشککردنی گەنمەشامیی قەمتەران دانرا**

**نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵان لە قەڵادزێ کرایەوە**



**چەندین پرۆژەی وەبەرهێنان بە سەرمایەی زیاتر لە ملیارێک و ٣٠٠ ملیۆن دۆلار چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە**

**دەیان پرۆژەی ڕاکێشانی تۆڕی ئاو بۆ چەندین گەڕەک و گوند ئەنجام دراون و دەیان بیری ئاوی خواردنەوە لێدراون**

نزیکەوە کۆبوونەوەی لەگەڵ یەکە ئیدارییەکان و خەڵکی ناوچەکە، گوێبستی داواکارییەکانیان بوو، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ دانانی بەردی بناغە و کردنەوەی چەند پرۆژەیەکی گەورە و ستراتیژی، لەوانە ڕاکێشانی هێڵی پاڵەپەستۆی بەرزی ١٣٢ کەی ڤی (بازیان-ڕانیە) و کردنەوەی نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵانی قەڵادزێ و دانانی بەردی بناغەی چەند پرۆژەیەکی کشتوکاڵی کە لە ڕیزبەندی پێشەوەی کارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەرینە. هاوکات ڕیزبەندییش بۆ ئەو پرۆژە تەواونەکراوانە دانرا کە بە تێچوونێکی کەم تەواو دەبن، بۆ ئەوەی بودجەی بۆ دابین بکرێت، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ ئەنجامدانی دەیان پرۆژەی تۆڕی کارەبا و ئاوی خواردنەوە و قوتابخانە و شەقام و پێداویستییەکانی دیکە، کە بۆ ئەو گەڕەکە نوێیانەی لە ناو سەنتەری ڕانیە و قەزا و ناحیەکانی دەڤەرەکە دروست کراون.

*** وەکو ئاماژەت پێدا پرۆژەکانی کەرتی کشتوکاڵ لە ڕیزبەندی پێشەوەی پرۆژەکانی ئەم دەڤەرە دادەنرێت، دەکرێت بزانین لەم ڕووەوە چ پرۆژەیەك ئەنجام دراوە و پلان و بەرنامەتان بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی چییە؟**

- دەڤەری ڕاپەرین بە خاك و ئاو و کەشوهەوا و ژینگەی لەبار دادەنرێت بۆ گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵ و دۆزینەوەی هەلی کار، بەتایبەتی بۆ گوندنشینەکان، بە خۆشحاڵییەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا کەرتی کشتوکاڵ لە دەڤەرەکە بووژاوەتەوە و بەرهەمهێنان زیادی کردووە و بەردی بناغەی چەند پرۆژەیەکی گەورەی پیشەسازیی خۆراکیش دانراون، لەوانە دانانی بەردی بناغەی کارگەی وشککردنی گەنمە شامیی قەمتەران لە ڕانیە، کە پرۆژەیەکی کشتوکاڵیی پیشەسازییە و بەرهەمی جووتیارانی دەڤەرەکەی بۆ وەردەگرێت، توانای ئەم پرۆژە پیشەسازییەی خۆراکی لە کاتژمێرێکدا ٨٠ تەن گەنمە شامی وشك دەکات، ئومێدیشمان زۆرە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان هانی زیاتری وەبەرهێنەکان بدرێت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی کشتوکاڵی و پیشەسازی و گەشتیاری، لەم پێناوەدا پلان و بەرنامەی باش دانراون.



*** ئاماژەت بە فراوانبوونی دەڤەرەکە دا، کە وا پێویستی کردووە لە کەرتەکانی کارەبا و ئاوی خواردنەوەدا گرنگییەکی زیاتر بە دەڤەرەکە بدرێت، لەم ڕووەوە چی ئەنجام دراوە؟**

- دابینکردنی ئاو و کارەبا دوو پێداویستیی گرنگی هاووڵاتیان و فراوانبوونی دەڤەرەکەیە، بەتایبەتی لەگەڵ وشکەساڵی و گۆڕانکاریی کەشوهەوا و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمادا، ئەم دوو خزمەتگوزارییە داواکاری و خواستی زیاتر و بەردەوامی لەسەرە، بەشەخسی لەگەڵ هەردوو بەڕێزان وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزیری کارەبا پەیوەندیی ڕاستەوخۆم هەیە بۆ دابینکردنی پێداویستی و داواکارییەکانی هاووڵاتیاندا، لە سەردانەکانیشیاندا کاری باشیان لە دەڤەرەکەمان ئەنجام داوە.

سەبارەت بە کارەباش یەکێك لەو پرۆژە ستراتیژییانەی کارەبا هێڵی پاڵەپەستۆی بەرزی بازیان – ڕانیە بوو، کە لە توانایدا هەیە ٤٥٠ مێگاوات کارەبا بۆ دەڤەرەکە بگوازێتەوە و ئەگەر پرۆژەیەکی بەرهەمهێنانی کارەباش دابنرێت، لەم ناوچەیە ئەوا دەتوانرێت لێرەشەوە کارەبا بگوازرێتەوە بۆ تەواوی دەڤەرەکە و ناوچەکانی دەوروبەر، ڕاکێشانی ئەم بڕە کارەبایەش لەگەڵ فراوانبوونی دەڤەرەکە و بەرزبوونەوەی خواست زۆر پێویستە بۆ چارەسەرکردنی بارزۆری و ئۆڤەرلۆد، پرۆژەکە بە تێچوونی نزیکەی **٣٤** ملیار دینار جێبەجێ کرا و لەلایەن جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرایەوە. وێستگەیەکی ٥٠ مێگاواتی بەرهەمهێنانی کارەباش لە قەڵادزێ لە بەرنامەدایە، بەو ئومێدەی بە زووترین کات دەست بە جێبەجێکردنی بکرێت. هەروەها بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی کارەبا لەگەڵ چەندین بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی نوێ لەم سنوورە کرایەوە، لە لایەکی دیکەوە داوای دامەزراندنی وێستگەیەکی کارەبای مۆبایلمان بۆ (حاجیاوا)ش کردووە، کە بەوەش گرفتی گەورەی کارەبا لەو سنوورە چارەسەر دەبێت. ئەم پرۆژە گەورانە هاوکاتە لەگەڵ ڕاکێشانی تۆڕی ئاو بۆ دەیان گەڕەك و گوند، بەتایبەتی لێدانی بیری نوێی ئاو و ڕاکێشانی تۆڕی ئاوی خواردنەوە بۆ گوند و گەڕەکە نوێیەکان و ڕاکێشانی کارەبای بەردەوام بۆ پرۆژەکانی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە.

**ئەم مانگە ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر ئەنجامدانی شەش پرۆژەی دیکە داوە**

**گرفتی دووسایدی ناو بازاڕی ڕانیە کە ١٢ ساڵە هەیە چارەسەر کرا**



**لەم چەند ساڵەی دواییدا کەرتی کشتوکاڵ لە دەڤەرەکە بووژاوەتەوە و بەرهەمهێنان زیادی کردووە و بەردی بناغەی چەند پرۆژەیەکی گەورەی پیشەسازیی خۆراکیش دانراون**

**بەداخەوە لە ماوەکانی ڕابردوودا نەمانتوانیوە وەکو پێویست هانی وەبەرهێنەران و سەرمایەگوزاران بدەین پرۆژەی گەشتیاریی گەورە دابمەزرێنن**

*** ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین دەڤەرێکی فراوانە و پێویستی بەوە هەیە زیاتر گرنگی بە ڕێگەوبانەکانی بدرێت. ئایا گرنگترینی ئەو پڕۆژانەی ڕێگەوبان چییە کە لەم دەڤەرە ئەنجام دراون؟**

- یەکێك لەو پڕۆژە ستراتیژی و گرنگانەی کە بەردی بناغەی لەم کابینەیەدا دانرا و لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠ بە گوژمەی زیاتر لە ١١ ملیار و ٣٨٧ ملیۆن دینار تەواو کرا پردی دەربەندی ڕانیە-بنگرد بوو لە سەر زێی بچووك بە درێژایی ٤٢٠ مەتر و ١٥ مەتر پانی و ٣٢ مەتر بەرزی، کە ئیدارەی ڕاپەڕین و شارۆچکەی دووکان و سلێمانی پێکەوە دەبەستێتەوە و کارئاسانیی زۆر بۆ هاتوچۆی هاووڵاتیان و جووتیاران و گەشتیاران دەکات. لە لایەکی دیکەوە بەردەوام لەگەڵ بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن گفتوگۆ و قسەی جدیمان هەبووە بۆ ئاوڕدانەوەی وەزارەتەکە لە ڕێگەوبانەکان و نۆژەنکردنەوە و قیرتاوکردنەوەیان. ناوچەکەمان ناوچەیەکی شاخاوییە و لە زستاندا ئاو و هەوایەکی سەختی هەیە و ڕێگەوبانەکانیش تووشی زیان دەبنەوە و زۆر ڕێگەوبانیش بەهۆی قەیرانی داراییەوە چەند ساڵێك بوو نەتوانرابوو پڕۆژەی نۆژەنکردنەوە و قیرتاوکردنی بۆ ئەنجام بدرێت، بە خۆشحاڵییەوە ماوەی دەستبەکاربوونم لە ساڵی ٢٠١٨ ـەوە توانیمان زۆر پڕۆژەی ڕێگەوبان لە تەواوی دەڤەرەکە ئەنجام بدەین و، چەندین پڕۆژەی دیکەی ڕێگەوبانیش لە ڕێگەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوونەوە خراوەتە پلان و لە قۆناغەکانی جێبەجێکردندان و هەنگاوی باشی بۆ نراوە، لەوانە لە ١٠ی تەموزی ئەمساڵ بە تێچوونی زیاتر لە شەش ملیار و ٧٠٠ ملیۆن دینار ڕەزامەندی لەسەر ئەنجامدانی شەش پڕۆژە بۆ سنووری شارەوانیی ڕانیە درا، هەروەها لە ٨ی تەموزی ئەم مانگەش دەست کرا بە قیرتاوکردنی ڕێگەی دۆڵی بالیسان، هەروەها بەردی بناغەی پڕۆژەی نۆژەنکردنەوە و قیرتاوکردنەوەی ڕێگەی سەرەکیی قەڵادزێ — دارەشمانە دانرا، دواجار سەرجەم ئەم ڕێگەوبانانە بۆ خزمەتی هاووڵاتیانی دەڤەرەکە و هاووڵاتیانی سەرجەم کوردستان دەبێت. گرنگییەکی زۆریشمان بە ڕێگەوبانەکانی مەرزی کێلێ داوە، ئەم مەرزە



بۆ ڕەخساندنی هەلی کار و بووژانەوەی بازرگانی و ئابووری لە دەڤەری ڕاپەڕین و بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو دیوی سنووری ئێران گرنگە. هەر لەم کابینەیەشدا بەدووسایدکردنی ڕێگەی ڕانیە تاکو سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین جێبەجێ کرا، هەروەها گرفتی دوو سایدی ناو بازاڕی ڕانیە کە ١٢ ساڵە هەیە، چارەسەر کرا و قەرەبووی دووکاندارەکانیش دەکرێتەوە.

*** ناوچەی ڕاپەڕین جگە لەوەی ناوچەیەکی کشتوکاڵییە هاوکات ناوچەیەکی گەشتیارییشە، ئایا چی کراوە لە ڕێگەی دەستەی وەبەرهێنانەوە تاوەکو پڕۆژەکانی گەشتیاری لە تەواوی ناوچە شاخاوییەکانی دەڤەرەکە زیاتر بکرێت؟**

- ناوچەی ڕاپەڕین بە ناوچەیەکی گەشتیاری دادەنرێت، بەداخەوە لە ماوەکانی ڕابردوودا نەمانتوانیوە وەکو پێویست هانی وەبەرهێنەران و سەرمایەگوزاران بدەین پڕۆژەی گەشتیاریی گەورە دابمەزرێنن، لە پلان و بەرنامەدا هەیە گرنگیی زیاتر بە ناوچە گەشتیارییەکان بدرێت، ئامادەین هەموو هاوکاری و پشتگیرییەکی کەرتی تایبەت بکەین، بۆ ئەوەی بێنە دەڤەرەکە و پڕۆژەی گەشتیاری ئەنجام بدەن.

هەر سەبارەت بە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە کەرتی نیشتەجێبووندا لە تەواوی سەنتەری ڕانیە و قەزاکانی، ژمارەیەکی زۆری پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون کراونەتەوە، لەم چەند ساڵەی دواییدا توانیومانە سەرجەم ئەم یەکانەی نیشتەجێبوون و بە پڕۆژەکانی دروستکردنی گەڕەکی نوێیەکانیشەوە، سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی کارەبا و ئاوی خواردنەوە و شەقام و خوێندنگە و پێداویستییەکانی دیکەیان بۆ دابین بکەین.

یەکێك لە پڕۆژە گرنگ و ستراتیژییە گەورەکانی دەڤەرەکە کە ئومێدەوارم دەست بە جێبەجێکردنی بکرێت، بەنداوی دەڵگەیە کە بۆ سامانی ئاو و ماسی و گەشتیاری گرنگیی لە ڕادە بەدەری دەبێت، هاوکات ئومێدەوارم گرنگیی زیاتر بەو بوارانە بدەین کە هەلی کار بۆ گەنجەکانمان دابین دەکات، هەر لە پڕۆژەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیارییەوە تاوەکو گرنگیدان بە بوارەکانی وەرزش و هونەر و کردنەوەی یاریگەیەکی پێشکەوتوو.

**ئامادەین هەموو هاوکاری و پشتگیرییەکی کەرتی تایبەت بکەین، بۆ ئەوەی بێنە دەڤەرەکە و پڕۆژەی گەشتیاری ئەنجام بدەن**

**یەکێک لە پڕۆژە گرنگ و ستراتیژییە گەورەکانی دەڤەرەکە کە ئومێدەوارم دەست بە جێبەجێکردنی بکرێت، بەنداوی دەڵگەیە کە بۆ سامانی ئاو و ماسی و گەشتیاری گرنگیی لە ڕادە بەدەری دەبێت**




**د.دلاوەر بوزو میکائیڵ**

**قائیمقامی قەزای ئاکرێ بۆ گوڵان:**

# سەرۆکی حکومەتی کوردستان بەردی بناغەی پڕۆژەیەکی ستراتیژی بە ناوی عەلوەی ئاکرێ دانا

# لە سەردانەکەی ئەمساڵدا سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئاکرێی بە پایتەختی نەورۆز ناساند

# دەڤەری بارزان و ئاکرێ بە تەواوبوونی پرۆژەی تونێلی چیای مەتین پێکەوە دەبەسترێنەوە

# سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا، پرۆژەی ئاوی ئاکرێ بدرێتە کۆمپانیایەکی دیکە

ئاکرێ، شارێکی گرنگە لە هەرێمی کوردستان و پێکهاتووە لە شارەدێیەکانی گردەسین و بجیل و دینارتە و زیاتر لە٣٠٠ گوند کە ناوچەیەکی شیاو بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و لە ڕووی گەشتیاریشەوە بایەخی باشی پێدراوە. سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی نەورۆزی ئەمساڵ لەگەڵ چەندین کونسوولی وڵاتان لە کردنەوەی ئاگری نەورۆز ئامادە بوون. لەو بۆنە نەتەوەییەدا چەندین پڕۆژە و کاری ڕاگەیاند.

گۆڤاری گوڵان لە دیدارێکدا لەگەڵ دکتۆر دلاوەر بوزو میکائیل قائیمقامی ئاکرێ باسی لەو پڕۆژانە کرد.



**ئاکرێ سنوورێکی گەشتیاری و کشتوکاڵییە و لە بەرهەمەکانی برنج و سماق زۆر بەناوبانگە بە تەواوبوونی پڕۆژەی عەلوەکە، هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی ئەو بەرهەمانەش زیاتر گەشە دەکەن. لە ئێستادا برنج و سماق و تەحین بوونەتە براند و ڕەوانەی دەرەوەش دەکرێن**

*** ئەو پڕۆژە گرنگ و ستراتیژییانە چی بوون لە سەردانەکەی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ ئاکرێ، بڕیاریان لەسەر درا؟**

- وەکو دەزانین لە ڕاگەیاندنی بەرنامەی کابینەی نۆیەمدا تەئکید لە کار و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان کرایەوە. بەتایبەتی لە بواری گەشتیاری و کەرتی کشتوکاڵدا. لەو کاتەی کە ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان سەردانی ئاکرێی کرد، ڕایگەیاند «شاری ئاکرێ پایتەختی نەورۆزە»، ئەمەش وادەکات کە گەشتیار پێش نەوروز و لە کاتەکانی دیکەش زیاتر سەردانی ئاکرێ و سنوورەکەی بکەن. هاوکات پڕۆژەی عەلوەی هاوچەرخی ئاکرێ بەردی بناغەی بۆ دانا، کە پڕۆژەیەکی گەورە و ستراتیژییە بە گوژمەی (٢٢)ملیۆن دۆلار جێبەجێ دەکرێت.، ئەو پڕۆژەیە بنکەکانی تەندروستی و ئاگرکوژێنەوە و بەنزینخانە و ساردکەرەوە و عەلوەو عەلاف و چەندین پێداویستی بۆ هاوکاریی جووتیاران و کەرتی کشتوکاڵی لەخۆ گرتووە، کە خەڵکی دەڤەری ئاکرێ و شێخان و بەردەڕەش سوودی لێوەردەگرن. هەروەها جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ چەندین جار تەئکیدی لە پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی ئاکرێ کردەوە، کە بۆ ماوەی چەندین ساڵە دراوەتە کۆمپانیایەکی بیانی و نەیتوانیوە تەواوی بکات. ئەوە بوو لەم سەردانەیدا بڕیاری دا، ئەو کێشەیە لەگەڵ کۆمپانیاکەی پێشتر چارەسەر بکرێت و پڕۆژەکە دەست پێ بکاتەوە، کە ٥٠٪ی تەواو کراوە و ئێستا دراوەتە کۆمپانیایەکی ئێرانی و ناوخۆیی، بۆ ئەوەی پێکەوە پڕۆژەکە تەواو بکەن. بەتەواوبوونی ئەو پڕۆژەیەی ئاوی خواردنەوە زیاتر لە٩٠٪ی کێشەی کەمئاوی لە ئاکرێ چارەسەر دەبێت. هەروەها پێش ئەوەی من وەکو قائیمقام لە ئاکرێ دەست بەکار بم، هەر لە کابینەی نۆیەمدا بڕیاری جێبەجێکردنی پڕۆژەی تۆنێلی چیای مەتین درا، بە جێبەجێکردنی



ئەو پڕۆژەیە و تەواوبوونی، دەڤەری بارزان بە ئاکرێ دەبەستریتەوە و ماوەی هاتوچووەکەش کەم دەبێتەوە .

*** ئەو هەشت پڕۆژە خزمەتگوزارییانە چین کە لەلایەن پەرەپێدانی پارێزگای دهۆك و وەزارەتی شارەوانی لە کابینەی نۆیەمدا دەستیان پێکراوە؟**

- هەر لە کابینەی نۆیەمدا لە ڕێگای بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای دهۆك شەش پڕۆژە و دوو پڕۆژەش لە لایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە ڕاگەیەندران کە ئێستا لە ژێر ئەنجامدانن، ئەوانیش قیرتاوکردن و کۆنکرێتکردن و ئاوڕێژی شەقام و کۆڵانەکانی ناو گەڕەکەکانی شاری ئاکرێیە، بەتەواو بوونی ئەو پڕۆژانە لە ٤٧ گەڕەکی ناو سەنتەری ئاکرێ کێشەی ٢٥ گەڕەکیان کۆتایی دێت. بۆ ئەو پڕۆژانە بڕی ١٢ ملیار دینار تەرخان کراوە. لەلایەکی دیکەوە ئێمە هەم لە ناو سەنتەری قەزا و هەم لە ناحیە و گوندەکان کێشەی ئاوی خواردنەوەمان هەیە. لەو پڕۆژەی ئاوانەی جێبەجێ کراون، پڕۆژەی ئاوی سەرەکیی گوندی گرێمیرە و پڕۆژەی ناحیەی گرێسێن و گوندەکانی ئەو ناحییەش دەستیان پێکراوە، لەگەڵ چەند گوندی دیکەی سنوورەکەمان لەوانە (سماقوق و سالەی و کۆچینە و کورتەشێخ و باترمان و چەندین گوندی دیکە) و دابینکردنی گازوایل بۆ ئەو تانکەرانەی کە ئاوی خواردنەوە بۆ ئەو گوندانە دەبەن و پڕۆژەی ئاوی گەڕەکی سەرهڵدان و یانزەی ئەیلوول لە ناحییەی بجیل ئەو پڕۆژانە و پڕۆژەی ئاوی گەڕەکی ڕوناهی و ئەوە بە بڕی سێ ملیار و چوار سەد و شانزە ملیۆن دینار جێبەجێ کراون. ئەو پڕۆژەی ئاوانەی لە ژێر جێبەجێکردندان بە بڕی دوو ملیار و سەد و چل و یەك ملیۆن دینارە کە ئەوە بۆ پڕۆژەی ئاوی گوندەکانی (گێزنا و تۆڕی ئاوی گوندەکانی دینارتە و کۆچینە مەرزین و ڕەزیلکو و چەندین گوندی دیکە)یە، هاوکات

**لە ڕووی گەشتیاری تا ئێستا هیچ وەبەرهێنەر و بزنسمانێك بەتایبەتی وەبەرهێنەری ناوخۆ نەهاتوون پڕۆژەی ستراتیژی لە سنووری ئاکرێ جێبەجێ بکەن**

**چەندین قوتابخانەی هەژدە پۆلی لە ئاکرێ دروست کراون، یان لەژێر جێبەجێکردندان، بەمەش هەر گرفتێکی بینایەی قوتابخانە مابێت، کۆتایی دێت**

**لە ئاکرێ نەخۆشخانەیەکی گشتی هەیە، بە ناوی گوڵان کە نەخۆشخانەیەکی زۆر پێشکەوتووە و هەموو ئامێرێکی پزیشکیی هاوچەرخ و پێویستی تێدایە**

**بوونی ئاکرێ بە ئیدارەیەکی سەربەخۆ، ئومێد و خەونێکی گەورەی هەموو خەڵکی سنووری ئاکرێیە ئەو داواکاری و هیوایەیان هەیە**

**لە دەڤەری ئێمە چەند گوندێک هەن، کە برا مەسیحییەکانی تێدا نیشتەجێن، ئەو شەڕانەی پەکەکە پێشتر و ئێستاش کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر ڕەوشی ژیانیان دروست کردووە**

پرۆژەی ڕێگاوبانی دەرەوەی قەزاکە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و بەڕێوەبەرایەتیی ئاوەدانکردنەوەی دهۆک کاری لەسەر دەکەن، ئەو پرۆژانەش قیرتاوکردنی تۆڕی ڕێگاوبانی گوندەکانی سنوورەکەیە، کە بڕی ئەو بودجەی بۆی خەرج کراوە، زیاتر لە حەوت ملیار دینارە.

*** ئایا ئاکرێ چۆن فراوانتر دەکرێت و ماستەرپلانی بۆ دانراوە، لەگەڵ ئەو فراوانییەی بەخۆیەوە دیتووە، کێشە و گرفتەکانتان چین؟**

- بەپێی ئەو ماستەرپلانەی هەیە بۆ ئاکرێ ٢٢ گوندی سنوورەکە کەوتوونەتە ناو ماستەرپلانەکە و کەوتوونەتە سەر شارەوانیی قەزای ئاکرێ و، بوونەتە گەڕەك لە گەڕەکەکانی ناو سەنتەری شارەکە کە ئەمەش کێشەیەکی زۆری بۆ دروست کردووین، ئەویش ئەوەیە دەبێت گوندەکان کار و مامەڵەی کوژاندنەوەیان لە لایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و دارایی و ئەوقاف و کاروباری ئایینی و چەند لایەنێکی دیکەی پەیوەندیدار بۆ بکرێت، تاوەکو بتوانین کار لەسەر ماستەرپلان و بەرفراوان بوونەکە بکەین، لە پاشان کار و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیان بەپێی پلان و بەرنامە بودجەیان بۆ تەرخان بکرێت. سەرەڕای ئەمەش سنووری شارەوانیی قەزای ئاکرێ بەرفراوانییەکی زۆری بە خۆیەوە دیتووە و دەتوانین بڵێین لەچاو ١٥ بۆ ٢٠ ساڵ پێش ئێستا دوو بۆ سێ و زیاتر بەرانبەر بەرفراوان بووە، کار و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیش لەگەڵیدا زیاد بوون.

*** وەکو دەزانین ئاکرێ ناوچەیەکی دیاری گەشتوگوزاری و کشتوکاڵییە لە هەرێمی کوردستان، بۆ پەرەپێدان لەم دوو کەرتە گرنگە چیتان کردووە؟**

- بێگومان ئاکرێ سنوورێکی گەشتیاری و کشتوکاڵییە و لە بەرهەمەکانی برنج و سماق زۆر بەناوبانگە بە تەواوبوونی پرۆژەی عەلوەکە، هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی ئەو بەرهەمانەش زیاتر گەشە دەکەن. لە ئێستادا برنج و سماق و تەحین بوونەتە براند و ڕەوانەی دەرەوەش دەکرێن، بەڵام لە ڕووی گەشتیاری تا ئێستا هیچ وەبەرهێنەر و بزنسمانێك بەتایبەتی وەبەرهێنەری ناوخۆ نەهاتوون پرۆژەی ستراتیژی لە سنووری ئاکرێ جێبەجێ بکەن، بەڵام وەکو جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە سەردانەکەی بۆ ئاکری فەرمووی: پێویستە بۆ کەرتی گەشتیاری لە دروستکردنی هۆتیل و مۆتێلەوە دست پێ بکەین، چونکە تا ئێستا هوتێل و مۆتێل زۆر کەمە لەو شار و سنوورەدا، بەڵام پلان و بەرنامە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، کە کار بکەین بۆ بەرەوپێشەوەبردنی ئەو کەرتە گرنگە. لە بواری گەشتیاری ئێمە گلەیی لە وەبەرهێنەران و بزنسمانانی ناوخۆ دەکەین کە نەهاتوون دەست لەناو دەستی ئێمە بنێن و هاوکاریی تەواویان بۆ مسۆگەر بکەین لە بواری گەشتوگوزاردا، هەر بۆیەش ئێمە سێ چوار پرۆژەی ستراتیژیی گەشتیاریمان هەیە، ڕاوەستاون وەکو شاری سەردەم کە شارێکی یارییە و پرۆژەیەکی دیکە کە دروستکردنی باڵاخانەیەکی نیشتەجێبوونە، ئەوانە تا ئێستا کارکردنیان تێدا ڕاوەستاوە. کەسێك و وەبەرهێنەرێکی ناوخۆ نایەت ئەو پرۆژە گرنگ و بەرهەمهێنانانە دەست پێ بکاتەوە، کە دەبنە هۆکار و بنەمایەکی بەهێز بۆ گەشەکردنی گەشتوگوزار لە ئاکرێ و سنوورەکە. دوو سێ پرۆژەش وەبەرهێنەر لە ساڵی ٢٠١٢ زەوییەکانیان تا ئێستا وەکو خۆی بەجێ هێشتووە و پرۆژەکانی لەسەر ئەنجام نەدراوە. ئێمە سەرنجمان داوەتە ئەو کەسانەی زەوییان بۆ پرۆژەکان وەرگرتووە، ئەگەر ئەنجامی نەدەن، زەویەکانیان لێوەردەگرینەوە.

*** لە ڕووی بینایەی پەروەردە سنووری ئاکرێ بە شارەدێ و گوندەکانیان کێشەیان چییە و چۆن چارەسەری دەکەن؟**

- لەم ڕووەوە کەمترین گرفتمان هەیە و چەندین قوتابخانەی هەژدە پۆلی لە ئاکرێ دروست کراون، یان لەژێر جێبەجێکردندان، بەمەش هەر گرفتێکی بینایەی قوتابخانە مابێت، کۆتایی دێت. لەلایەکی دیکەوە پێویستە ئەو پرۆژە گرنگ و زانستی و ڕۆشنبیرییە ئاماژەی پێ بکەین، کە زانکۆی دهۆك لەسەر دەستی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان دانرا، ئەمە گەورەترین کار و پرۆژەیە بۆ هەموو سنوورەکە و هەر ساڵێك کۆلێژێکی تازەی تێدا دەکرێتەوە.

*** ئایا ئاکرێ نەخۆشخانەی گشتی و فریاکەوتن و قەرەوێڵەیی و پسپۆڕییەکانی تێدایە؟**



- لە ئاكرێ نەخۆشخانەیەكی گشتی هەیە، بە ناوی گوڵان كە نەخۆشخانەیەكی زۆر پێشكەوتووە و هەموو ئامێرێكی پزیشكیی هاوچەرخ و پێویستی تێدایە. هەروەها نەخۆشخانەی فریاكەوتن و لەدایكبوونی منداڵانیش لە شاری ئاكرێ هەیە، بەڵام لێرەدا داواكارین بەشێك بكرێتەوە بۆ قەستەرەی دڵ كە پێویستیەكی گرنگە بۆ سنوورەكەمان بۆ ئەمەش ڕەزامەندی لەسەر دراوە و بودجەشی بۆ تەرخان كراوە.

*** ئایا داواكاریتان لە حكومەت و سەرۆكی حكومەتی كوردستان هەیە، كە ئاكرێ و سنوورەكەی كە زۆر بەرفراوانە ببێتە ئیدارەیەكی سەربەخۆ؟**

- بوونی ئاكرێ بە ئیدارەیەكی سەربەخۆ، ئومێد و خەونێكی گەورەی هەموو خەڵكی سنووری ئاكرێیە ئەو داواكاری و هیوایەیان هەیە. بەڵام ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆكی حكومەتی كوردستان ئەو بڕیارەی تا ئێستا نەداوە، كە ئاكرێ ببێتە ئیدارەی سەربەخۆ. ئاكرێ لە ڕووی بەرفراوانی و ئاوەدانی و بوونی پێداویستیی كارگێڕییەوە شیاوە بۆ بوونی بە ئیدارەی سەربەخۆ، بەڵام ئیدارەی سەربەخۆ جگە لە پێداویستیی كارگێڕی، پێویستی بە كاری زۆر هەیە، لەوانە پێویستی بە بودجە و میزانییەی تایبەتی هەیە بۆ دروستكردنی چەندین باڵەخانە و یەكەی ئیداریی پێویست بەتایبەتی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەكان.

*** ئایا شەڕی چەكدارانی پەكەكە و سوپای توركیا بەتایبەتی لەو ئۆپەراسیۆنەی ئێستای سوپای توركیا تا چەند كاریگەریی خراپی لەسەر ئاكرێ و بە تایبەتی گوندەكانی بووە؟**

- هەر شوێن و ناوچەیەك شەڕی تێدا بێت، ئەوە بە تەئكید بارودۆخێكی نەخوازراو بۆ دانیشتووانەكەی دروست دەبێت. لە دەڤەری ئێمە چەند گوندێك هەن، كە برا مەسیحییەكان تێدا نیشتەجێن، ئەو شەڕانەی پەكەكە پێشتر و ئێستاش كاریگەریی زۆر خراپی لەسەر ڕەوشی ژیانیان دروست كردووە.



دکتۆر سەباح سوبحی

ئەندامی لیژنەی نەوت و غاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا مێژوویی و لە پێناوی بەهێزبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان بوو

# لە ئایندەیەکی نزیکدا نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردە دەکرێتەوە

**بۆ ئەوەی بزانین سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا تا چەند گرنگ بووە و، لە کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ لایەنی سوننە و شیعەکان جەختی لەسەر چی کردووەتەوە، ئایا پاش ئەم سەردانە مێژووییەی سەرۆك بارزانی کێشە هەڵواسراوەکان چارەسەر دەکرێن و نەوتی هەرێمی کوردستان هەنادرە دەکرێتەوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر سەباح سوبحی ئەندامی لیژنەی نەوت و گاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ ئەنجام دا.**

*** بەشێکی زۆر لە میدیا عێراقی و عەرەبییەکان و سەرکردە سیاسییەکانی عێراق، سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدایان، زۆر بە گرنگ وەسف کرد، ئایا گرنگیی سەردانەکەی لە چیدا بوو؟**

- دەبێت هەموو لایەك بزانێت کە جەنابی سەرۆك بارزانی سەردانی شوێنێك دەکات، دەبێت پرسێکی زۆر گرنگ هەبێت، ئەو بابەتە گرنگەی کە جەنابی سەرۆك لەو سەردانە باسی کرد و جەختی لەسەر کردەوە، پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەت بوون و ئەو کێشانەی کە لە نێوان هەرێم و بەغدا هەیە، تاوەکو بتوانرێت چارەسەرێکیان بۆ بدۆزرێتەوە. بۆیە سەردانەکەی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا مێژوویی بوو و تائێستا بە گرنگترین ڕووداوی ئەمساڵ دەژمێردرێت. بۆیە سەردانەکە دەنگدانەوەی هەبوو لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهانیش، بێگومان ئەو بابەتانەی کە جەنابیان باسیان کرد، زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو، وەك ئەو کێشانەی کە پێشتر لەگەڵ چەند لایەنێکی سیاسیی عێراق هەبوو، چونکە هەموو کاتێك ئەو لایەنانە کێشە و گرفتیان دروست دەکرد کە لەلای جەنابی سەرۆك ئەو کێشانە جێگەی قبووڵکردن نەبوون، هەر ئەمەش بوو، وای کرد کە جەنابیان سەردانی بەغدا بکات، کە چاویان کەوت بە بەرپرسە باڵاکانی حکومەت و بەرپرسە حزبیەکانی لایەنە سیاسییەکانی عێراق، لە ئەنجامی ئەو سەردانە مێژووییەدا چەندین دەستکەوتمان بەدەست هێنا، کە گرنگترین ئەوە بوو کێشە و گرفتەکان چارەسەرێکی بۆ دۆزرایەوە لە لایەنی پاراستن و ڕێزگرتن لە قەوارەی هەرێمی کوردستان، کە بەپێی دەستوور دانی پێدا نراوە و چارەسەرکردنی لایەنی دارایی وەکو مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی هەموو مادده و یاساکانی کە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستان هەیە، هەر بۆیەش حکومەتی عێراقی ئێستا بە گڕوتینێکی زۆرەوە کار دەکات بۆ جێبەجێکردنیان. ئێمەش وەکو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەو سەردانەی جەنابی سەرۆك بارزانی جگە لەوەی زۆر دڵخۆش بووین، ئەم سەردانەی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ ئێمەی ئەندامانی کورد و کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە هێز و پاڵپشتییەکی زۆر گەورە، کە لە دوای سەردانەکەی جەنابی سەرۆك ئەندام

> **سەردانەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا مێژوویی بوو و تائێستا بە گرنگترین ڕووداوی ئەمساڵ دەژمێردرێت**

و فراکسیۆنە عێراقییەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەران زۆر بە باشی و کاریگەری گوێ لە ئێمە دەگرن و حیساب بۆ ڕاوبۆچوون و قسەکانمان دەکەن و ئەو فشارەی پێشتر لەسەرمان بوو، نەماوە. لەمەش گرنگتر لەو سەردانەدا جەنابی سەرۆك گفتوگۆ و جەختی لەوە کردەوە کە قەوارەی هەرێمی کوردستان بەپێی دەستوور هاتووە و کەس ناتوانێت دەستکاری بکات و وەکو خۆیشی دەمێنێتەوە و بە هیچ شێوازێك لەسەر ئەو گۆی زەوییە هێزێك نییە بتوانێت دەستکاریی قەوارەی هەرێمی کوردستان بکات. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت، قۆناغێکی باش و تازە لە دوای ئەو سەردانە لە عێراق دروست ببێت.

*** بەرنامەی سەردانەکەی جەنابی سەرۆك بارزانی هەمە لایەنە بوو، هاوکات کۆبووونەوەکانی لەگەڵ هەموو لایەنە عێراقییەکان بە سوننە و شیعەوە بوو، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە مەرام و نییەتێك هەیە بۆ ڕاستکردنەوەی کۆی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا؟**

- بابەتی عێراق وەکو پرۆسەی سیاسی چەندین کێشە و گرفتی تێدایە، چ لە ڕووی لاوازیی حکومەتی عێراقی کە جاربەجار هەندێ لایەنی سیاسی عێراقی دەستتێوەردان دەکەن و فشار دەخەنە سەر حکومەتەکە کە ناهێڵن کاروبارەکانی بە ڕێکوپێکی بەڕێوە بچێت، چ لە ڕووی هەرێمیشەوە کە وڵات هەیە دەستتێوەردان دەکات و فشار دەخاتە سەر حکومەتی عێراقی کە بە شێواز و ئاراستەیەك دەیبات، کە هەڵسوکەوتی حکومەتی عێراق بە شێوازێك بێت لە شێوازەکان کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان نەگونجێت، بەڵام ئەو بابەتە لە ئەنجامی سەردانە مێژووییەکەی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا وەك خۆی نامێنێت، ئەو ڕەهەندە جیاوازانەشی کە باس کران لە گفتوگۆ و کۆبوونەوەکانی، کار و هەنگاوێکی زۆر گرنگ بوون، ئەمەش وای کرد کە لایەنە سیاسییەکان کۆبوونەوەیەك لەسەر ئاستی ئیدارەی دەوڵەت بە بەشداری جەنابی سەرۆك بارزانی ئەنجام بدەن و دانیشتن و کۆبوونەوەکە زۆر ڕاشکاوانە بوو و بە بێ سانسۆر باسی گرفت و کێشەکان کران. جەنابی سەرۆك بارزانی باسی لەو کێشە و گرفتانە کرد کە لە ماوەی ڕابردوو تووشی هەرێمی کوردستان بووە، لە میانی ئەو کێشە و گرفتانەدا، زۆربەی لایەنەکان کە لە کۆبوونەوەکەدا بەشداربوون دانیان بەوەدا نا کە فشار دەکەنە سەر هەرێمی کوردستان بە هۆکاری جیاواز و ئەو هۆکارانەش دەرەکی یان ناوخۆیین، جەنابی سەرۆك توانی زۆر بە ڕوونی و ڕاشکاوانە تیشك بخاتە سەر برینەکان کە ئەو کێشە و گرفتە سەرەکییانەی لە عێراق هەیە، چۆن بتوانن چارەسەری بۆ بدۆزنەوە و چۆن پاڵپشتی لە حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین و، چۆن پرۆسەی سیاسی بە شێوازێکی ڕێکوپێك و دیموکراسی و دوور لە فشار و دوور لە عەقڵییەتی مەرکەزی بەڕێوە بچێت. ئەو بابەتەی کە جەختی لەسەر کرایەوە، جێبەجێکردنی دەستوور بوو، ئێمە باش دەزانین کە چەندین ساڵە دەناڵێنین بە هۆی چەندین بابەتی چارەنووسسازەوە، لەوانە ماددەی (١٤٠ و ١٠٦ و ١٠٧) کە ئەو ماددە یاساییانە هەمووی ڕاوەستاون بەبێ هۆکار و دوادەخرێن و کۆسپ و کێشەیان بۆ دەدۆزرێتەوە، یان هەندێك یاسا هەیە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی دەرچووە، بەڵام جێبەجێ ناکرێن، چونکە لایەنێکی سیاسیی عێراقی بەو یاسایانە ڕازی نییەو دەزانن بە هۆی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە هەرێمی کوردستان سوودمەند دەبێت. جەنابی سەرۆك بارزانی لەسەر هەموو ئەو پرس و کێشانە گفتوگۆی ڕاشکاوانەیان کرد و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگە چارەسەرکردنەکانی خستەڕوو .

> **لە دوای سەردانەکەی جەنابی سەرۆک ئەندام و فراکسیۆنە عێراقییەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەران زۆر بە باشی و کاریگەری گوێ لە ئێمە دەگرن و حیساب بۆ ڕاوبۆچوون و قسەکانمان دەکەن**

*** وەکو ئاماژەت پێدا، سەرۆك بارزانی چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکانی عێراق ئەنجام دا. ئایا لەم کۆبوونەوانەدا ڕێگەیەك، یان ئومێدێك بۆ چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ دۆزراوەتەوە؟**

- بێگومان سەرۆك بارزانی کە سەردانی شوێنێك دەکات، ئەوە هیچ مەجالی گفتوگۆی تێدا نییە کە دەبێت دەرئەنجامی باشی هەبێت، لەو سەردانەی جەنابی سەرۆك بارزانی زۆر لەو کێشانە گرێ کوێرەکانیان چارەسەر کران و دەرئەنجامی باشیان بۆ دۆزراوەتەوە، بەڵام

> **هەندێک یاسا هەیە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی دەرچووە، بەڵام جێبەجێ ناکرێن، چونکە لایەنێکی سیاسیی عێراقی بەو یاسایانە ڕازی نییەو دەزانن بە هۆی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە هەرێمی کوردستان سوودمەند دەبێت**

دەرکەوتنی دەرئەنجامەکان پێویستی بە کاتە، چونکە ئەو پرس و بابەتانەی باس کران زۆر هەستیار و گرنگ بوون. بە بۆچوونی خۆم هەر لەو ساڵەدا زۆر لە کێشەکان چارەسەر دەکرێن، لەوانە هەندێ یاسا ماوەتەوە، یان جێبەجێ نەکراون و کێشە و گرفتیان بۆ دروست کراوە، یان بابەتە دەستوورییەکان هەموو ئەوانە چارەسەر دەکرێن. بە شێوەیەکی گشتی لایەنە سیاسییەکانی عێراق پاش ئەو سەردانە بە چاوێکی دیکە و بە چاوی دۆستایەتی و هاوبەشی لەو خاکە و لە عێراقدا سەیرمان دەکەن، بەو چاوەی هەرێمی کوردستان کیانێکی فیدراڵییە و پێویست ناکات جیامان بکەنەوە، بە هۆی ئەوەی کە سیستمێکی فیدراڵیمان هەیە، هاوکات ئەو فشارانەی کە لایەنە سیاسییەکانی عێراق لە دژی هەرێمی کوردستان دروستی دەکەن، ئەمەش لەو سەردانەدا چارەسەر کراوە و کۆتایی پێ دێت.

*** ئایا کۆبوونەوەکانی سەرۆك بارزانی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و هاوپەیمانیی سیادەی دەوڵەت و ئامادەبوونی سەرۆك بارزانی لە کۆبوونەی هاوپەیمانییەکاندا بۆ ئەم قۆناغەی عێراق تا چەند گرنگ بوو؟**

- ئەو سەردانەی جەنابی سەرۆك بارزانی لە کاتێکی هەستیاردا بوو، لە کاتێکدا بوو کە سوننەکان لە ناوماڵی خۆیاندا کێشەیان هەیە و کێشەکە ئەو کاتە دروست بوو کە محەمەد حەلبوسی کە سەرۆك پەرلەمان بوو، لادرا، بەڵام کە جەنابی سەرۆك بارزانی وەکو کەسایەتی و کاریزمایەکی عێراقی هاتە بەغدا و لەگەڵ لایەنەکانی سوننە ناوبژی کرد و دانیشت، تاوەکو ناو ماڵی سوننە ڕێك بخات و چەند ڕێگە چارە و هەوڵێکی بۆیان دانا، چونکە بابەتی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران پەیوەندی بە هەموو پێکهاتەکانی عێراقەوە هەیە و پەرتەوازەیی نێوان سوننەکان کاریگەریی لەسەر هەموو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق دەبێت و کاریگەری خراپی لەسەر پرۆسەی سیاسیی هەموو عێراق دروست کردووە، بابەتێکی دیکە ئەوە بوو کە لایەنە سیاسییەکانی شیعە هەر یەکەیان تێڕوانینێکی لەسەر هەرێمی کوردستان و بەرانبەر حکومەتی کوردستان هەبوو، لەو سەردانەی جەنابی سەرۆك بارزانی ئەو تێڕوانینەش لەسەر هەر سێ بنەمای سەرەکی کە عێراقی نوێی لەسەر دامەزراوە کە ئەوانیش (تەوافوق و تەوازن و شەراکەت)ـە تەوحید کرا.

*** لەو کاتەوە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕاگیراوە، هەرێمی کوردستان تووشی کێشە و گرفتی دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران بووە، ئەمەش بارقورسیی لەسەر حکومەتی عێراقی فیدراڵیش دروست کردووە، بۆیە دەپرسین: بۆچی حکومەتی عێراقی فیدراڵ پەلە لە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان ناکات؟**

- ئەو کێشەیە حکومەتی عێراق خۆیان دروستیان کرد، بە هۆی سکاڵایەکیان لە دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە پاریس، کە ئەوەش وای کرد، بابەتی نەوتی هەرێمی کوردستان بچێتە چوارچێوەی نێودەوڵەتی و نەیانهێشت نەوتی هەرێمی کوردستان بڕوات. ئەگەرچی بە هەموو شێوازێك هەوڵ درا، چارەسەرێك بۆ ئەو بابەتە بدۆزنەوە، دوای ئەوەی ڕێزدار مەسرور بارازنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە مانگی چواری ساڵی ٢٠٢٣سەردانی بەغدای کرد، ئەوەش هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ چارەسەری کێشەی نەوت و ڕێککەوتن لە نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجام درا، بەڵام بەداخەوە نەوتەکەی هەرێمی کوردستان لە (٢٠٢٣/٣/٢٥) ڕاوەستا بە هۆکاری هونەری و تەکنیکی و سیاسی و یاسایی و دوا هەوڵ کە درا، بۆ دووبارە ڕەوانەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەیەك لەلایەن کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەرانی نەوتی هەرێم لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ بوو، لەو کۆبوونەوەیەدا ڕێککەوتن کرا لەسەر دوو خاڵی سەرەکی:

یەکەم: چاوخشانەوەیەك بکەن بەسەر ئەو گرێبەستانەی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری نەوتی هەرێم.

دووەم : ڕەچاوکردنی تێچووی دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا. بێگومان کۆبوونەوەکەی یەکەم دەرئەنجامی باشی هەبوو، ئەگەرچی کۆبوونەوەی داهاتوو ماوە لە پاش ئەو

**پەرتەوازەیی نێوان سوننەکان کاریگەریی خراپی لەسەر پرۆسەی سیاسیی هەموو عێراق دروست کردووە**

**پاش سەردانەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی، هەموو ئەو نییەت خراپی و دژایەتییانەی بەرانبەر هەرێمی کوردستان هەبوون، کۆتاییان پێ هاتووە**

**هەندێ لایەن لە ئەنجومەنی نوێنەران کشانەوە و لایەن هەیە لە ناو پەرلەمان نین و دەستتێوەردان دەکەن، بۆیە ئەو بابەت و یاسایەش پێویستی بە گفتوگۆیەکی سەرتاسەری لە نێوان هەموو لایەنە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمانیش هەیە**

**پەکەکە ڕۆڵێکی زۆر نەرێنی و خراپی لە ناوچەکەدا هەیە و کێشە و گرفتی گەورەی بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان دروست کردووە**

**ئەرکی حکومەتی عێراقە خاک و ئاو و ئاسمانی وڵاتەکەی بپارێزێت و ئێمەش بەپێی دەستوور بەشێکین لەو سیستمی بەرگرییەی لە عێراقدا هەیە**


کۆبوونەوەیە ئومید هەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردە بکرێتەوە، بەڵام من هەناردە نەکردنەوە، یان پەلەنەکردن بۆ هەناردەکردنەوەی نەوتی کوردستان بۆ سێ هۆکار دەگێڕمەوە، کە هۆکاری یەکەم سیاسییە، دووەم یاساییە، سێیەم تەکنیکییە، ئەگەرچی نییەتی ئەوەش لەلای عێراق، یان لایەنە سیاسییەکانی عێراق بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە کە لەو ڕێگەیەوە هەوڵیان دا قەوارەی هەرێمی کوردستان لاواز بکەن، بەڵام من دڵنیام پاش سەردانەکەی جەنابی سەرۆك بارزانی، هەموو ئەو نییەت خراپی و دژایەتییانەی بەرانبەر هەرێمی کوردستان هەبوون، کۆتاییان پێ هاتووە. لەلایەکی دیکەوە زۆر جار حکومەتی عێراقی فیدراڵ جەخت لەسەر دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە، دەتوانین بڵێین ڕاستە حکومەتی عێراقی پەلەی نەکردووە لە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان، چونکە لە ڕێگەی نەوتی بەسراوە هەوڵی ئەوە دراوە کە قەرەبووی ئەو بڕە نەوتەی هەرێمی کوردستان بکاتەوە، کە هەناردە دەکرا، چونکە دەرهێنان و هەناردەکردن و گواستنەوەی نەوتی بەسرا تێچووی کەمترە لە نەوتی هەرێمی کوردستان و ئەمەش قازانجی زیاترە بۆ حکومەتی عێراقی، ئەگەرچی هەموو ئەو کارانەی عێراق لەو بارەوە کردوویەتی، تەفسیری ئەوە هەڵدەگرێت کە مەبەستیان دژایەتی و لاوازکردنی هەرێمی کوردستان بێت.

*** ئەگەر هەر لەسەر پرسی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنەوەی نەوتی کوردستان ڕابوەستین، ئایا تا چەند ئەم سەردانەی جەنابی سەرۆك بارزانی ڕێخۆشکەرە بۆ چارەسەری کێشەکە، کە هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بۆ لایەنی دارایی و ئابووری هەرێم و بەغدا زۆر گرنگە؟**

- وەکو لە پێشتر ئاماژەمان پێدا سەردانەکەی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا مێژوویی بوو و سەردانەکە بچووك ناکەینەوە و نایخەینە چوارچێوەی کێشەی مووچە و بودجە و کێشەی نەوت و گاز و ماددەی ١٤٠ و چەندین کێشەی هەڵواسراوی دیکە، بەڵکو سەردانەکە زۆر گەورەترە لەو کێشانە و سەردانێکە لەسەر ئاستی ئەوەی کە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ گشت کێشەکان بدۆزێتەوە و سەرچاوە بنەڕەتییەکەش بدۆزێتەوە کە کێشەکان دروست دەکات لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، تاوەکو ئەو سەرچاوەیە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. سەردانەکەی جەنابیان تەنیا بۆ ئەوە نەبوو کە کێشەی نەوت چارەسەر بکرێت، یان پەیوەندیی نێوان هەریم و چەند لایەنێکی سیاسی بێت، لەگەڵ ئەوەی کە کۆبوونەوەی لەگەڵ هاوپەیمانی سیادەی دەوڵەت و لەگەڵ لایەنە شیعیەکان ئەنجام دەدا، سەڕای ئەمە باسی هەموو کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان عێراق و هەرێمیش کراوە و ڕێگەچارەشیان بۆ دۆزراوەتەوە، یەکێك لەو کێشانە چارەسەرکردنی کێشەی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانە کە من تەئکید دەکەمەوە لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا لە پاش ئەم سەردانەی جەنابی سەرۆك بارزانی کێشەی نەوتی هەرێمی کوردستان بە کۆتایی دێت و هەناردە دەکرێتەوە.

*** وەکو دەزانین بە یاسای نەوت و غاز کێشەکانی بواری نەوت لە نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر دەکرێت، ئایا ئەو یاسایە بەچی گەیشت و بۆچی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گفتوگۆ و خوێندنەوەی بۆ ناکرێت؟**

- یاسای نەوت و گاز زۆر ترسناکە و زۆریش بە کێشە و گرفتە، هەر وەکو ئەوەیە کە دەستوور دەنووسیتەوە، لەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەراندا کێشە و گرفتی سیاسی تێدایە و هەندێ لایەن لە ئەنجومەنی نوێنەران کشانەوە و لایەن هەیە لە ناو پەرلەمان نین و دەستتێوەردان دەکەن، بۆیە ئەو بابەت و یاسایەش پێویستی بە گفتوگۆیەکی سەرتاسەری لە نێوان هەموو لایەنە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمانیش هەیە، دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکان لە گفتوگۆکاندا بەشدار بن و هەمووشیان لەسەر یاساکە ڕازی بن، ئەگەر یەك لایەن لەسەر یاسای نەوت و گاز ڕازی نەبێت، یاساکە فەشەل دەهێنێت، هەر بۆیەش لەم خولەدا یان لە ماوەی ڕابردووی ئەم خولەدا توانیمان گفتوگۆشی لەسەر ئەنجام بدەین، ئەگەرچی لە ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠١١ ڕەشنووسی یاساکە هەیە، بەڵام تەنیا بە پەرلەمان ئەو یاسایە تەواو نابێت، بەڵکو ڕێککەوتنی



سیاسیی هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراقی فیدڕاڵ و هەرێمی کوردستانیشی پێویستە.

*** وەك ئاشکرایە ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر دەستتێوەردانی هەرێمایەتی بەتایبەتی ئێران و تورکیا لەسەر عێراقی فیدڕاڵی هەیە، لەگەڵ ئەوەش دەبینین پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغداش، بەتایبەتی بەو سەردانەی سەرۆك بارزانی باش بووە، ئەگەرچی ڕۆڵی حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ لە پاراستنی سەروەریی خاکەکەی بەپێی پێویست نییە، یان لاوازە، ئایا ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- پێشتر داوامان لە حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ کردبوو کە هاوکاری و هەماهەنگی و پاڵپشتیی هێزی پێشمەرگەیی کوردستان بکات، چونکە پێشمەرگە بەشێکە لە سیستمی بەرگریی عێراقی فیدڕاڵ، بەپێی دەستوور دەبێت پاڵپشتی لە هەرێمی کوردستان بکات بە پێدانی ئامێر و تەکنەلۆژیای هاوچەرخ و پێشکەوتوو بۆ پاراستنی سنوورەکان، لەم لەشکرکێشییەدا تەنیا لایەنێکی نێودەوڵەتی بە خەتابار نابینین، چونکە پەکەکە ڕۆڵێکی زۆر نەرێنی و خراپی لە ناوچەکەدا هەیە و کێشە و گرفتی گەورەی بۆ ئابووریی هەرێمی کوردستان دروست کردووە، وەکو دیتمان دەست و پیلانیان لە سووتاندنی قەیسەری هەولێر هەبوو کە بازار و سەرچاوەیەکی کار و ئابوورییەکی زۆر گەورەی شاری هەولێرە، هەر بۆیە هۆکاری سەرەکیی ئەو ئۆپەراسیۆنەی ئێستای تورکیاش لە ناو خاك و سنووری هەرێمی کوردستان و عێراقدا پەکەکەیە، لەلایەکی دیکەوە ئەرکی حکومەتی عێراقیشە کە خاك و ئاو و ئاسمانی وڵاتەکەی بپارێزێت و ئێمەش بەپێی دەستوور بەشێکین لەو سیستمی بەرگرییەی لە عێراقدا هەیە و بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکانیش نابێت ئێمە وەکو عێراق ببینە مەترسی بۆ سەر دراوسێکانمان و لەسەر عێراق پێویستە هێزی پاراستنی سنوورەکانی زیاد بکات و چەك و پێداویستی پێشکەوتووش بداتە هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی ئێمە لەگەڵ شەڕ و توندوتیژی نین وەکو هەرێمی کوردستان و دەمانەوێت هەموو کێشەکان بە گفتوگۆ و ئاشتییانە چارەسەر بکرێت.

نێکۆڵاس ڤێرۆن، توێژەری باڵایە لە ئەنستیتیوتی پێتەرسۆن بۆ ئابووریی نێودەوڵەتی لە واشنتۆن دی سی. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسی گرنگ دەدات، وەك سیستمە داراییەکان و چاکسازی دارایی لە جیهاندا، لە نێویاندا دەستپێشخەرییە داراییە جیهانییەکان و ئەو پەرەسەندنانەی لە ئێستادا لە نێو یەکێتیی ئەورووپادا ڕوودەدەن، بەم دواییەش چەندین وتاری نووسیوە لەسەر پرسەکانی تایبەت بە سزا ئابوورییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەسەر ڕووسیا و بابەتی سڕکردنی یەدەگی بانکی ناوەندیی ڕووسیا لە ئەورووپا. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرەکانی پەیوەندیدار بوون بە پرسی ئابووریی ناسیۆنالیستی، بەتایبەتی لە نێو یەکێتیی ئەورووپا و بابەتی ئەوەی ئایا پەیوەندییە بازرگانییەکان دەبنەهۆی ڕێگریکردن لە ڕوودانی شەڕ؟ بۆچی ئەم پەیوەندییانە نەبوونە هۆی بەرگرتن بە هەڵگیرسانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا؟ بەمجۆرەش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

## نێکۆڵاس ڤێرۆن

**توێژەری باڵا لە ئەنستیتیوتی پێتەرسۆن بۆ ئابووریی نێودەوڵەتی لە واشنتۆن دی سی بۆ گوڵان:**

# زۆر جار بڕیارە سیاسییەکان بیرکردنەوەیەکی ئابوورییان لە پشت نییە




*** ئێوە وەك توێژەرێك كارتان لەسەر چەمكی ناسیۆنالیزمی ئابووری كردووە، لەبەر ئەوە لە سەرەتادا دەمانەوێت بپرسین: چۆن پێناسەی ئەم چەمكە دەكەن و ئایا لە تێڕوانینی ئێوەدا ڕەهەند و ڕایەڵە سەرەكییەكانی چین؟**

- لە ڕاستیدا چەند پێناسەیەك هەیە بۆ ئەم چەمكە، بەڵام یەكێك لە پێناسەكانی ناسیۆنالیزمی ئابووری پەیوەستە بە خستنەگەڕی هەوڵ و كۆششەكان بۆ پاراستن و برەودان بە كۆمپانیا نیشتمانییەكان لە چوارچێوەی ئەو ململانێیەی لەسەر ئاستی جیهاندا لەئارادایە، كە بەرجەستە دەبێت لەوەی حكومەت لە ڕێی سەرچاوەكانییەوە و بە شێوازی جۆراوجۆر دەستتێوەردان لە بازاڕدا بكات، لە بەرژەوەندیی كۆمپانیا نیشتمانییەكان و كاراكتەرە ناوخۆییەكان. كەواتە ئەگەر وەڵامەكە پوخت بكەینەوە، ئەوا ناسیۆنالیزمی ئابووری لە بنەڕەتدا بریتییە لە دەستتێوەردان لە بازاڕدا لە ڕێی بەكارهێنانی سەرچاوەكانی حكومەتەوە.

**ناسیۆنالیزمی ئابووری لە بنەڕەتدا بریتییە لە دەستتێوەردان لە بازاڕدا لە ڕێی بەكارهێنانی سەرچاوەكانی حكومەتەوە**

*** ئایا دەكرێت لە ڕوانگەی ئەو پێناسەیەی ئاماژەتان پێكرد، بڵێین كە ناسیۆنالیزمی ئابووری دژ و پێچەوانەیە لەگەڵ ئەوەی پێی دەوترێت ئابووریی تەوەربەند لەسەر بازاڕ؟**

- من پێم وانییە، چونكە هیچ ئابوورییەك نییە كە بە تەواوەتی تەوەربەند بێت لەسەر بازاڕ، بە چەشنێك كە حكومەت بە هیچ شێوەیەك دەستتێوەردانی تێدا نەكات. لەگەڵ ئەوەشدا ناسیۆنالیزمی ئابووری دژ بە پرەنسیپی ململانێی بازاڕە، كە دەتوانین بەم شێوەیە گوزارشتی لێبكەین: تاوەكو پاڵنەری ناسیۆنالیزمی ئابووری گەورەتر و زیاتر بێت،

ئەوا چنینەوەی بەرهەمی ململانێی بازاڕ کەمتر دەبێتەوە. کەواتە پرسەکە پەیوەستە بەوەی چۆن پارسەنگییەك لە نێوانیاندا بهێنرێتەدی.

*** کەواتە دەکرێت بڵێین ناسیۆنالیزمی ئابووری لایەنی نەرێنی و خراپیشی هەیە؟**

- بە دڵنیاییەوە لایەنی خراپی هەیە، کە لە شێواندنی بازاڕەوە سەرچاوە دەگرێت. چونکە ئەگەر لە ڕوانگەی شرۆڤەکارییەکی ئابوورییەوە لەم مەسەلەیە بڕوانیت، ئەوا ڕەنگە ئەمە ببێتە هۆی لەدەستدانی سامانێکی زۆر. هەرچەندە ئاماژە بەوە دەکرێت کە لایەنی ئەرێنی و سوودبەخشیشی هەیە، کە دەکرێت ئەمە بە شێوەی پرسیار بکرێت و بوترێت: ئایا سوودی ئەم سیاسەتەی چییە لە ڕووی برەودان بە داهێنانکاری و هێنانەئارای هەلی کار و سوودە ستراتیژییەکانەوە؟ کە لێرەدا گفتوگۆ و مشتومڕەکان ئاڵۆزتر دەبن، چونکە ئەو سوودانە لە ڕوانگەی دید و بۆچوونی جیاوازەوە لێکدەدرێنەوە، کە ئەویش بەندە بەوەی کە تۆ لە چ چوارچێوەیەکی شرۆڤەکاریدا لەم مەسەلانە دەڕوانیت.

*** زۆر باشە، ئەوەی تا ئێستا تاوتوێمان کرد، لە چوارچێوەی تیۆریدا بوو. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك وڵاتانی ئەوروپا ناسیۆنالیزمی ئابووریان پیادە کردووە و ئایا دەرئەنجامەکانی چی بوون؟**

- ڕوونە لای ئێوە کە مێژووی ئەوروپا تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیست بە ڕادەیەکی گەورە مێژووی ململانێ و ڕکابەریی نێوان وڵاتە جیاوازەکان بووە. بەلای کەمەوە لە سەدەی نۆزدەوە ئەم مێژووە بریتی بوو لە ململانێی نێوان وڵاتان لەسەر بنەما و لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمدا، کەواتە ئەم میراتی ململانێیە هەیە لە نێو ئەم وڵاتانەدا کە زۆر نزیك بوون لە یەکەوە. بە دڵنیاییەوە ئەمانە بوونە هۆی برەودان بە ناسیۆنالیزمی ئابووری. هەرچۆنێك بێت دواتر هەوڵەکانی ئاوێتەبوونی ئەوروپا لە ساڵی ١٩٥٠ دەستی پێکرد، کە پرەنسیپە بنەڕەتییەکەی ئەوە بوو کە لە کۆتاییدا ناسیۆنالیزمی ئابووری لە بەرژەوەندیی ئەوروپا نابێت، بە چەشنێك کە سەردەکێشێت بۆ هەڵگیرسان و بەرپابوونی شەڕ لە نێو وڵاتانی ئەوروپادا بە شێوەیەك کە هەموان باجەکەی دەدەن و تێیدا زیانمەند دەبن. کەواتە بناغەی ئاوێتەبوونی ئەوروپا هەروەك لە ڕاگەیاندراوەی شوومان – لە ٩ی ئایاری ساڵی ١٩٥٠- دا گوزارشتی لێکرا، ئەوە بوو کە باشترین ڕێگاچارە بۆ بەرگرتن لە بەرپابوونی شەڕ لە نێو ئەوروپادا، بریتییە لە کۆششکردن بۆ دروستکردنی چوارچێوە و هەلومەرجێك کە تێیدا پاڵنەری پەنابردنەبەر ناسیۆنالیزمی ئابووری نەهێڵدرێت، کە ئاشکرایە لەو کاتەدا لە بواری پیشەسازی خەڵووز و پۆڵاوە دەستیپێکرا، کە ئەمەش ئاسان نەبوو، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی گرنگییان لە بواری پیشەسازیی سەربازی لەو کاتەدا، کە دواتر بوارەکانی دیکەشی گرتەوە، کە ڕەنگە تەنیا بتوانین بڵێین بواری کشتوکاڵی نەبێت- کە دۆخێکی تایبەتی هەیە لە ئەوروپادا-. ئەم هەوڵانە سەرکەوتوو بوون لە دروستکردنی چوارچێوەیەك بۆ هێنانەدی بازاڕێکی هاوبەش و سیاسەتێکی ململانێ کە تەواوی ئامانجەکەی بەرەنگاربوونەوە و بەرهەڵستیکردنی میراتی پەنابردنەبەر گرتنەبەری ناسیۆنالیزمی ئابوورییە لە ئەوروپادا.

*** کەواتە دەکرێت بڵێین لە ئێستادا ئەم پرسە یەکلا کراوەتەوە. مەبەستمان ئەوەیە ئایا هیچ مەیل و پاڵنەرێك نەماوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەم وڵاتانە ڕووبکەنەوە بەر گرتنەبەری ناسیۆنالیزمی ئابووری؟**

- ئەگەر ئێمە لە مێژووی ٧٥ ساڵەی ڕابردووی ئەوروپا بڕوانین، ئەوا ئەوە بەدی دەکەین، بگرە و بەردەیەك هەیە لە نێوان مەیلی ناسیۆنالیزمی ئابووری -کە وەك میراتێك لای دەوڵەتە ئەندامەکانی یەکێتیی ئەوروپا ماوەتەوە-، ئەو چوارچێوەیەی داڕێژراوە کە تەواو دژ و پێچەوانەی ئەم مەیل و میراتەیە.

*** ئەگەر باس لە کاریگەری و دەرهاویشتەی هەلومەرجە دەرەکییەکان بکەین لەسەر ئەم پرسە، ئایا چۆن شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا- کە بە دڵنیاییەوە وڵاتانی ئەوروپا هەست بە هەڕەشە و مەترسییەکەی دەکەن- لەسەر پرسی ناسیۆنالیزمی ئابووری لە ئەوروپا ڕەنگدانەوەی هەبووە؟**

**هیچ ئابوورییەک نییە کە بە تەواوەتی تەوەربەند بێت لەسەر بازاڕ، بە چەشنێک کە حکومەت بە هیچ شێوەیەک دەستتێوەردانی تێدا نەکات**

**تاوەکو پاڵنەری ناسیۆنالیزمی ئابووری گەورەتر و زیاتر بێت، ئەوا چنینەوەی بەرهەمی ململانێی بازاڕ کەمتر دەبێتەوە**

**مێژووی ئەوروپا تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیست بە ڕادەیەکی گەورە مێژووی ململانێ و ڕکابەریی نێوان وڵاتە جیاوازەکان بوو**

**باشترین ڕێگاچارە بۆ بەرگرتن لە بەرپابوونی شەڕ لە نێو ئەوروپادا، بریتییە لە کۆششکردن بۆ دروستکردنی چوارچێوە و هەلومەرجێک کە تێیدا پاڵنەری پەنابردنەبەر ناسیۆنالیزمی ئابووری نەهێڵدرێت**

- بێگومـان لـە ئێستادا هەلومەرجێ سیاسیی نـوێ هاتووەتەئـاراوە و دروست بـووە، کـە دەبینیـن ئەوروپـا ڕووبـەڕووی هەڕەشـەیەکی دەرەکـی بووەتـەوە، بـە چەشـنێك کـە لـە دوای کۆتاییهاتنی جەنگـی دووەمـی جیهانییـەوە وێنـەی نەبـووە، کـە بـە دڵنیاییـەوە لـە ئێسـتادا بیرکردنـەوەی سـتراتیژیی ئەوروپـا سـەرقاڵ بـە داگیرکارییەکـەی ڕووسـیا لـە ئۆکرانیـا، کـە ئەمـەش دەبێتـە هـۆی دووبـارە دارِشـتنەوەی بـژارە سیاسـییەکان و بیرکردنـەوەی جددی لـەو سـتراتیژییانەی لـە مـاوەی ڕابـردوودا هەیانبـووە.

*** ئاماژەتـان بـە تێپەڕاندنـی ناسـیۆنالیزمی ئابـووری و ئاوێتەبوونـی ئابـووری کـرد، وەك**

داگیرکارییەکەیـش بـۆ وڵاتـی ئۆکرانیـا لـە ساڵی ٢٠٢٢ ڕەوتـی ئـەم هەنگاوانـەی ڕووسـیای خێراتـر کـرد. هەروەهـا دەبێـت جەخـت لـەوە بکەینـەوە کـە ئەمـە نەرێتێکـی درێژخایەنـی ڕووسـیایە کـە کار بـکات بـۆ ئـەوەی بـەرەو ئابوورییـەك هەنـگاو هەڵبگرێـت کـە پێـی دەوترێـت (Autarky) واتـە پتر پشت بە خـۆی ببەسـێت و کەمتر پەنا بباتە بە ئاڵوگـۆڕ و بازرگانـی دەرەکـی، کـە ئەمـەش دژ و پێچەوانـەی ئابووریـی کراوەیـە. هەرچەنـدە چەندیـن قۆنـاغ هەبـوون لـە مێـژووی ڕووسـیا کـە کرانـەوە و داخرانـی ئابوورییـان لەخـۆ گرتـووە، بـەڵام دەبێـت ئـەوە بڵێیـن کـە مەیـل و خواسـتێکی بەهێـز هەبـووە بـۆ ئـەوەی بـە ئاراسـتەی ئابووریـی

**ئەوروپا ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی دەرەکی بووەتەوە، بە چەشنێک کە لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانییەوە وێنەی نەبووە**




**ڕێگاچارەیـەك بـۆ بەرگرتـن لـە دروسـتبوونی شـەڕ لـە ئەوروپا، کـە زۆر کـەس پێی وابـوو، ئاوێتەبوونی ئابـووری لەسـەر ئاسـتی جیهانیـش ئەگـەری شـەڕ کـەم دەکاتـەوە، بـەڵام بینیمـان ڕووسـیا- سـەرباری پەیوەندییـە ئابـووری و داراییەکانـی لەگـەڵ ئەوروپـا- پەنـای بردەبـەر داگیرکردنـی ئۆکرانیـا، تێڕوانینـی ئێـوە لـەم بارەیـەوە چیـە؟**

- لـە ڕاسـتیدا ئـەم شـەڕەی ڕووسـیا و ئۆکرانیـا ئـەو ڕاسـتییەی ڕوون کـردەوە و خسـتیە ڕوو، کـە بیرکردنـەوەی ئابـووری لـە پشـت سـەرجەم بڕیـارە سیاسـییەکانەوە نییـە، دواتـر پێشـتریش ڕووسـیا بـۆ چەنـد سـاڵێك هەنـگاوی هەڵدەگرێـت بـۆ ئـەوەی پتـر پشـت بەخـۆی ببەسـتێت لـە ڕێی بەدەسـتهێنانی دراوی قورسـەوە بـە هـۆی هەناردەکـردن و فرۆشـتنی نـەوت و غـازەوە، بـە دڵنیاییـەوە

داخـراودا کار بکرێـت، کـە بـەراورد بـە ئابوورییـە گەورەکانـی دیکـە ئـەم خواسـتە لـە ڕووسـیادا خواسـتێکی بەرچـاو بـووە لـە سـەدەی نـۆزدە و بـە درێژایـی سـەدەی بیسـتیش، کـە ئەمـەش مشـتومڕێکی زۆری لێکەوتووەتـەوە. هەرچۆنێـك بێت ئـەوە ڕاسـتە کـە زۆر کـەس پێشـبینیی ئـەوەی نەدەکـرد، کـە ڕووسـیا پەنـا بـۆ داگیرکردنـی ئۆکرانیا ببات- کـە مـن خۆم یەکێك بووم لەوانە و بـە هەڵەداچـووم-، هەرچەنـدە هۆکارەکـەش تەنیا بیرکردنـەوەی ئابوورییانـە نەبـوو، چونکـە لـەو کاتـە ڕوون بـوو کـە پوتیـن لـە خەمـی ئـەوەدا نەبـوو، کـە زۆرتریـن دەرئەنجامـی ئابووریـی ئەرێنـی بـۆ خەڵك و وڵاتەکـەی بەدەسـت بهێنێـت، بەڵکـو پێمـان وابـوو لەبـەر هـۆکاری سـەربازی و ئەمنییـش ڕووسـیا پەنـا بـۆ کارێکـی لـەم چەشـنە نابـات.

**ئەمە نەرێتێکی درێژخایەنی ڕووسیایە کە کار بکات بۆ ئەوەی بەرەو ئابوورییەک هەنگاو هەڵبگرێت کە پێی دەوترێت (Autarky) واتە پتر پشت بە خۆی ببەسێت و کەمتر پەنا بباتە بە ئاڵوگۆڕ و بازرگانی دەرەکی**

دیمانەی تایبەت



**پرۆفیسۆر ڕۆزێنتاڵ ئەلڤێس بۆ گوڵان:**

# دیموکراسی و ڕۆژنامەگەریی ئازاد دووانەیەکی لێک دانەبڕاون

**ڕۆزێنتاڵ ئەلڤێس، پرۆفیسۆرە لە سکووڵی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن لە زانکۆی تێکساس لە ئۆستن، ژیانی ئەکادیمی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٦ دەستپێکرد، ئەویش دوای کارکردنی بۆ ماوەی ٢٧ ساڵ وەك ڕۆژنامەگەرێکی پیشەگەر، لە نێویاندا حەوت ساڵ وانەبێژی ڕۆژنامەگەری بوو لە وڵاتی بەرازیل. لە زانکۆی تێکساس، لە سێ بواری سەرەکیدا وانەبێژ و توێژەرە: هەواڵنێری نێودەوڵەتی، ڕۆژنامەگەری لە ئەمریکای لاتین و ڕۆژنامەگەریی ئەنتەرنێت. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە پەیوەندیی نێوان ڕۆژنامەگەریی ئازاد و دیموکراسی و شرۆڤەکردنی ئەوەی ماوەیەکە ئاماژەی پێ دەکرێت لە پەیوەندی بە داکشان و لاوازبوونی دیموکراسی و بەدیکردنی هەوڵەکان تەنانەت لەو وڵاتانەی دیموکراسییەتێکی چەسپیویان هەیە، بۆ ئەوەی کار لە دژی پایە و پرەنسیپەکانی بکرێت، کە تەنانەت گەیشتە ڕاددەی ئەوەی کە سەرۆکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (دۆناڵد ترەمپ) بە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنکارەکان بڵێت «دوژمنی گەل و نەتەوە».**

*** بەم دواییانە زۆر باس لە پرسی داکشانی دیموکراسی و لاوازبوون، یان لاوازکردنی بەمەبەستی پایەکانی دەکرێت. ئەگەر ڕۆژنامەگەریی ئازاد و مافی ڕادەربڕین پرسێکی دانەبڕاو بێت لە پرۆسەی دیموکراتی، ئەوا لە هەندێ وڵاتی دیموکراسییش و لەسەر ئاستی بەرپرسی هەرە باڵای ئەو وڵاتە وەك سەرۆکی پێشتری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (دۆناڵد ترەمپ) کار دەکرا بۆ لێدان لە میسداقییەتی ڕۆژنامەنووسان، ئێوە ئەم پرسە چۆن لێك دەدەنەوە؟**

- لە ڕاستیدا ناکرێت ئەم هەوڵانە و ئەم کارکردنە بۆ ناشیرینکردنی کاری ڕۆژنامەنووسان دابڕین لە هەوڵ و کۆششەکانی پەیوەست بە لەقکردنی پایەکانی دیموکراسییەوە، چونکە ئاشکرایە کە دیموکراسی و ڕۆژنامەگەریی ئازاد دووانەیەکی لێك دانەبڕاون و ناکرێت وێنای دیموکراسی بکەین بەبێ بوونی ڕۆژنامەگەریی ئازاد، من پێشتریش ئەوەم دووپات کردووەتەوە، کە ئەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم بارەیەوە ڕووی داوە، پەرەسەندنێکە کە دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و بە وریاییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، کە لە ڕابردوودا، یان چەند ساڵێك پێش ئێستا ئەگەری ئەوە لەبەرچاو نەگیرابوو کە پێشهاتێکی لەم چەشنە دێتە ئاراوە.

*** کەواتە با پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکە بکەین، ئایا دەکرێت بڵێین لاوازبوونی پایەکانی دیموکراسییە کە دەبنە هۆی ئەوەی کار بکرێت بۆ لێدان لە میسداقییەتی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی ئازاد، بە چەشنی ئەوەی لە ئەمریکا ڕووی دا، یان ئەوەتا لاوازیی**

**ڕۆژنامەگەری ئازادە کە بواری ئەوە دروست دەکات، دیموکراسی بەرەو لاوازی و داکشان بچێت، یان دەکرێت بڵێین هەردوولا کاریگەرییان لەسەر یەك هەیە؟**

- بە تێڕوانینی من ئەمە بە ڕادەیەکی گەورە پەیوەندیدار بووە بە لاوازبوون، یان پاشەکشە، یانیش داکشانی دیموکراسییەوە، هەروەها دەکرێت بڵێین کە ئەم هەوڵانە دژ بە ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی ئازادیش دەکرێت لەو چوارچێوەیەدا بخوێندرێنەوە و شرۆڤەکارییان بۆ بکرێت، کە ئەمە بۆ درێژەدانە بە دەسەڵات و حوکمی فەرمانڕەواکانی وڵاتەکە. من خۆم ماوەیەك بەر لە ئێستادا دیدارێکم هەبوو لەگەڵ گرووپێك لە ڕۆژنامەنووسانی نیکاراگوا (کە وڵاتێکی بچووکە لە ئەمریکای ناوەند)، دۆخەکە بە ڕادەیەك گەیشتووە کە ڕۆژنامەگەری لە نیکاراگوا لە خانە و چوارچێوەی تاواندا لە قەڵەم دەدرێت، بە شێوەیەك کە ڕۆژنامەنووسەکانی ئەو وڵاتە ناچار بوون وڵاتەکە جێ بهێڵن و ڕوو لە تاراوگە بکەن. بەڵام ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە ئەوەیە کە هێشتا ئەوەندە ئازایەتی و بوێرییان هەیە کە درێژە بە کار و ئەرکی خۆیان بدەن، کە ئەویش بەهۆی تەکنەلۆژیاوە دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە کە بتوانن بەردەوام بن، ئەوەتا لە دەرەوەی وڵات و لە ڕێی فەیسبووك و کردنەوەی کەناڵی یوتیوب و سایت و پۆدکاستەوە کار دەکەن، و هەواڵ و ڕوماڵەکانیان دەگەیەننە خەڵکی وڵاتەکەیان.

*** بەڵام ئایا ئەمە ئەوەمان پێ ناڵێت کە هەرچەندە وڵاتێك هەنگاوی باشی بڕیبێت لە بەرەودان و بە دیموکراسی و چەسپاندنی پایەکانی، بەڵام دەکرێت ئەو پێشهات و پەرەسەندنانە ڕوو بدەن کە زەمینەیەکی ئەوتۆ بخوڵقێنن، کە ببنە هۆی لاوازکردنی هەم دیموکراسی و هەم ڕۆژنامەگەریی ئازاد؟**

- هەندێ جار بە مەبەست و بە ئەنقەست کار بەم ئاراستەیەدا دەکرێت. من پێشتر ئاماژەم بە وڵاتی نیکاراگوا کرد، کە دەکرێت لەم بارەیەوە ئەوە بڵێین کە ئەوەی لەو وڵاتە ڕووی دا، سیناریۆ بوو، چونکە پێشتر زەمینەی بۆ دروست کرابوو، ئەوە بوو هەڵمەتێك ئەنجام درا بۆ ناشیرینکردن و لەکەدارکردنی ناوبانگی ڕۆژنامەنووسان، پاشان کار کرا بۆ تەنگپێهەڵچنینیان لە ڕووی دارایی و ئابوورییەوە، بۆ ڕێگریکردن لە هەر ڕەخنەیەك، بە شێوەیەك کە بووە تاکە وڵاتێك کە ڕۆژنامەگەری تێدا نەما و دەسەڵاتی دیکتاتۆری لەو وڵاتەدا دۆخێکی زۆر خراپ و مەترسیداری بۆ ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکاران دروست کرد.

*** باشە لە دۆخێکی سەختی ئاوادا، کە ئێوە باس لەوە دەکەن کە هەم لە وڵاتە دیموکراسییەکان و هەم لە وڵاتە دیکتاتۆرییەکانیشدا ڕۆژنامەگەری ڕووبەڕووی دۆخێکی ئاوا خراپ بووەتەوە، ئایا دەتوانرێت چی بکرێت بۆ دووبارە بەهێزکردنەوەی ڕۆژنامەگەری بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرك و ڕۆڵی خۆی لە کۆمەڵگەدا ئەدا بکات؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە پرسیارێکی جێی بایەخ و گرنگپێدانە. من پێم وایە کارێك کە خودی ڕۆژنامەنووسەکانیش کەمتەرخەمن لە ئەنجامدانیدا ئەوەیە کە پێویستە سرووشتی کاری خۆمان بۆ خەڵکی ڕوون بکەینەوە، بەتایبەتی لە سەردەم و ڕۆژگاری ئێستادا کە شۆڕشی تەکنەلۆژیا گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕێکی گەورەیان هێناوەتە ئاراوە. ئەوەتا پێشتر و لە ڕابردوودا ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن تەنیا لای کەسانێکی دیاریکراو بوون، واتە تۆ دەتتوانی وەبەرهێنان بکەیت بۆ دامەزراندنی ڕادیۆیەك، یان چاپکردنی ڕۆژنامەیەك، بەڵام ئێستا دۆخەکە بە شێوەیەکە کە هەموو کەس دەتوانێت دەست بداتە کاری ڕۆژنامەگەری و مومارەسەی بکات. لە ڕۆژگاری پێشوودا پێویستی نەدەکرد ئێمە سرووشتی کاری خۆمان بۆ کەس ڕوون بکەینەوە، چونکە هەموو کەس دەیزانی و ئاگادار بوو کە ئێمە چی دەکەین، ئێمە (لێرەدا مەبەستم ڕۆژنامەنووسانە) زانیاریمان کۆ دەکردەوە و دواتر بڵاومان دەکردنەوە و دەمانگەیاندنە خەڵك، بەڵام ئێستا هەلومەرجێك دروست بووە کە تەواوی مەعریفەی جیهان لە دەستی خۆتدایە و لە ناو مۆبایلەکەتدایە، کە بە هۆی هێڵی ئەنتەرنێتەوە دەستەبەر دەکرێت.

*** کەواتە پێت وایە لە ئێستادا ئەرك و کاری ڕۆژنامەنووسان قورس و سەخت بووە یان گۆڕدراوە، چونکە لەلایەك خەڵکی دیکەش**

**ڕۆژنامەگەری لە نیکاراگوا لە خانە و چوارچێوەی تاواندا لە قەڵەم دەدرێت، بە شێوەیەک کە ڕۆژنامەنووسەکانی ئەو وڵاتە ناچار بوون وڵاتەکە جێ بهێڵن و ڕوو لە تاراوگە بکەن**

**کارێک کە خودی ڕۆژنامەنووسەکانیش کەمتەرخەمن لە ئەنجامدانیدا ئەوەیە کە پێویستە سرووشتی کاری خۆمان بۆ خەڵکی ڕوون بکەینەوە**

**ئێستا هەلومەرجێک دروست بووە کە تەواوی مەعریفەی جیهان لە دەستی خۆتدایە و لە ناو مۆبایلەکەتدایە، کە بە هۆی هێڵی ئەنتەرنێتەوە دەستەبەر دەکرێت**

**دەتوانێت کاری ئەوان ئەنجام بدات، و لەلایەکی دیکەوە دەبێت لە پاڵ کارە تەقلیدییەکەی خۆیاندا ڕوونکردنەوە بدەن لەبارەی ئەو کارەی ئەنجامی دەدەن؟**

- بەڵێ، ئەمە ڕاستە، چونکە لە ئێستادا ڕۆژنامەنووس تەنیا ئەرکەکەی کورت نەبووەتەوە لەوەی زانیاری کۆ بکاتەوە و دواتر بە خەڵکی بگەیەنێت، بەڵکو دەبێت لە هەمان کاتدا ئەوە ڕوون بکاتەوە کە ئەو وەك ڕۆژنامەنووسێك ئەم کارە دەکات، واتە وەك کەسێك کە لەسەر بنەمای کۆمەڵێك پرەنسیپی پیشەیی و ئەخلاقی ئەم کارە ئەنجام دەدات.

مەبەستم ئەوەیە

دەبێت لە پاڵ گەیاندنی زانیارییەکان ئەوەش بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە کە ئەوان وەك هەر کەسێکی دیکەی ئاسایی ئەم کارە مومارەسە ناکەن، بەڵکو ئەوان بە گیانی بەرپرسیارێتییەوە ئەرکی خۆیان ئەدا ئەکەن، کەواتە دەبێت بۆیان ڕوون بکەنەوە کە کاری ڕۆژنامەنووسی چۆن ئەدا دەکرێت و ئەنجام دەدرێت، ئەویش بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونی بدەنە خەڵك کە جیاوازی چییە لە نێوان کاری ڕۆژنامەنووسی و ئەو کارەی لە ڕواڵەتدا لە ڕۆژنامەگەری دەچێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا وا نییە، هەروەها ئەوەشیان بۆ ڕوون بکەنەوە کە ڕۆژنامەگەری چ کاریگەرییەکی ئەرێنیی هەیە لەسەر بەرەوپێشچوونی نەك تەنیا تاکە کەسەکان بەڵکو تێکڕای کۆمەڵگەش، چونکە ئێمە دەزانین کە کاتێك ڕۆژنامەگەری کار و ئەرکی سرووشتی و چاوەڕوانکراوی خۆی ئەدا دەکات، ئەوا دۆخێك دروست دەبێت کە کاربەدەست و بڕیاربەدەستان و خەڵکانی خاوەن دەسەڵات و دەستڕۆیشتوو ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی دەکرێنەوە.

**کاتێک ڕۆژنامەگەری کار و ئەرکی سرووشتی و چاوەڕوانکراوی خۆی ئەدا دەکات، ئەوا دۆخێک دروست دەبێت کە کاربەدەست و بڕیاربەدەستان و خەڵکانی خاوەن دەسەڵات و دەستڕۆیشتوو ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی دەکرێنەوە**





دکتۆر ئەکرەم هەواس بۆ گوڵان:

# جینۆسایدی کوردی فەیلی بە مەبەستی تەعریب و تاڵانکردنی ماڵ و موڵک و داگیرکردنی خاکەکەیان بوو

# کاری جددی و زانستییانە لەسەر کەیسی جینۆسایدی کوردی فەیلی نەکراوە

## لە مەندەلی بۆ ماوەیەک قسەکردنیان بە زمانی کوردی قەدەغە کرد

**لە مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە کوردی فەیلی ڕووبەڕووی پەراوێزخستن و ڕاپێچکردنی بەزۆرەملێ بۆ ئێران بوون و کۆمەڵکوژ کراون، ئەم کۆمەڵکوژییە دەچێتە چوارچێوەی تاوانی نێودەوڵەتییەوە و بە جینۆساید ناسراوە، چونکە دژی پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کورد و هاووڵاتی عێراقی ئەنجام دراوە و مەبەست لێی گۆڕینی دیموگرافیای بەغدا و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە بووە. ئەم تاوانکارییە وێڕای ئەوەی لە چەند قۆناغ و بە پیلانی داڕێژراو ئەنجام دراوە، بەڵام لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە شاڵاوەکە زۆر فراوانتر و دڕندانەتر بووە، بە ڕادەیەك باس لە کوشتن و بێسەروشوێنکردنی زیاتر لە ٢٠ هەزار گەنجی کوردی فەیلی و دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زیاتر و بە زۆرەملێ دەرکردنی دەیان هەزار خێزان بۆ ئێران دەکرێت. هەر لەم بارەیەوە و لە دیداری ئەم جارەی گۆڤاری گوڵاندا، چەند پرسیارمان ئاراستەی دکتۆر ئەکرەم هەواس، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا لە پەرەپێدان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کرد، کە لە چەندین زانکۆی نێودەوڵەتی وەك (دانیمارك و بۆرگ و کۆبنهاگن) وانەی وتووەتەوە و خاوەنی چەندین توێژینەوەی نێودەوڵەتییە.**

*** بەو پێیەی شارەزاییت لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەیە و هەر خۆیشت لە ناو خێزانێکی شاری مەندەلی گەورە بوویت و تا ڕادەیەکی باش شارەزاییت لەسەر پرسی جینۆسایدی کوردی فەیلی هەیە، ئایا ئەو ڕەشبگیری و کۆمەڵکوژی و دەرکردنی بە زۆرەملێی کوردی فەیلی لەژێر چ پاساوێکدا ئەنجام درا؟**

- کۆمەڵکوژیی کوردی فەیلی و بە زۆر ڕاپێچکردنیان بۆ ئێران و تاڵانکردنی ماڵ و حاڵیان و کوشتنی گەنجەکانیان قسە و باسێکی زۆر هەڵدەگرێت و زۆر لایەنی سیاسی و ئەجێندە و مەبەستی شۆڤێنی و تەنانەت دزین و تاڵانیی تێدایە، جینۆسایدەکە تێکەڵ بە مێژووی خوێناویی دەوڵەتی عێراق و ئەو سەردەم و قۆناغانە تێپەڕ بووە، چونکە ڕاستە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کوردی فەیلی ڕووبەڕووی جینۆسایدێکی دڕندانە و فراوان بوونەوە، بەڵام مێژووی ئەم ڕق و کینە و دژایەتییە بۆ پێشتر دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی کوردی فەیلی توێژێکی مەدەنی و ڕۆشنبیر بوون و زۆربەیان فەرمانبەر بوون لە ناو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا و لەناو جەرگەی بەغدا پێکهاتەیەکی گەورەیان پێك

**وەکو شارەزایەکی نێودەوڵەتی دەتوانم بڵێم کوردی فەیلی وەکو زۆر لە پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان و عێراق بوونەتە قوربانیی ململانێیەکی گەورەی ئیقلیمیی نێوان زلهێزەکانی ناوچەکە و جیهان**

**ئەو هەموو گەنجەی کوردی فەیلی ڕاپێچی زیندانەکان کران و دواتر بێسەروشوێن کران و دەیان هەزار خێزان بە زۆرەملێ دەرکران و ماڵ و حاڵیان داگیرکرا، کەچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی زلهێز بێدەنگ بوون**

**تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی بە بڕیاری مەجلسی قیادەی سەورە ژن و ژنخوازییان لەگەڵ کوردی فەیلی قەدەغە کرد و دەستیان بۆ پیرۆزیی خێزانەکانیش برد**

**لە دوای کودەتاکەی سەر عەبدولکەریم قاسم ئەم هێڵە شۆڤێنییە پەرەی سەند و تا ئەمڕۆ زیانی گەورەی بە عێراق و عێراقییەکان و کوردستانیان بە دەرەجەی یەکەم گەیاندووە**

**نازم گزار لاشەی شەهیدەکانیشی دەخستە ناو حەوزی تیزابەوە و ژمارەیەکی زۆری دیکەشیانی دەخستە ناو ڕووباری دیجلەوە**

دەهێنا، بەردەوام دژی زوڵم و چەوسانەوە و ئەو دەسەڵاتدارانە بوون کە کۆمەڵگەی عێراقیان برسی و ماڵوێران کردبوو. هەربۆیە لە ناو بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان و حزبەکانی وەکو حزبی شیوعی عێراقی و پارتی و دواتریش زۆر حزبی دیکە کە دامەزران، فەیلییەکان ڕۆڵێکی کارایان هەبوو. من وەکو شارەزایەکی نێودەوڵەتی دەتوانم بڵێم کوردی فەیلی وەکو زۆر لە پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان و عێراق بوونەتە قوربانی ململانێیەکی گەورەی ئیقلیمیی نێوان زلهێزەکانی ناوچەکە و جیهان، بە واتایەکی دیکە هۆکاری جینۆسایدەکە بۆ هۆکاری نێوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییش دەگەڕێتەوە. ئەی ئەوە نەبوو ئەو هەموو گەنجەی کوردی فەیلی ڕاپێچی زیندانەکان کران و دواتر بێسەروشوێن کران و بە دەیان هەزار خێزان بە زۆرەملێ دەرکران و ماڵ و حاڵیان داگیرکرا، کەچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی زلهێز بێدەنگ بوون، تەنیا لەبەر ئەوەی پاڵپشتیی دەسەڵاتەکەی ڕژێمی بەعسیان دەکرد. من خۆم لە خێزانێکی خەڵکی مەندەلیم و منداڵیم لەوێ بردووەتە سەر، لەبیرمە ماوەیەك لە مەندەلی تەنانەت قسەکردنیان بە زمانی کوردی قەدەغە کرد، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی بە بڕیاری مەجلسی سەورە ژن و ژنخوازییان لەگەڵ کوردی فەیلی قەدەغە کرد و دەستیان بۆ پیرۆزیی خێزانەکانیش برد. بۆیە پەیوەندییەکانی ئەو سەردەمەی حکومەتی عێراق لەگەڵ وڵاتانی ئێران و تورکیا و جیهان هاوکار و یارمەتیدەر بوو بۆ تۆمەتبەخشینەوە و پاساوی دەرکردنی کوردی فەیلی لە عێراق و تەعریبکردنی ناوچەکانیان، بەتایبەتی کە کێشەی عێراق و ئێران کێشەیەکی کۆن و ئاڵۆزە و لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە ئەم کێشەیە هەیە، بەتایبەتی سنووری عێراق لەگەڵ ئێران بە وردی و باوەڕپێکراو دیاری و دەستنیشان نەکرابوو، بۆیە ڕژێمی ئەو سەردەمە ئەوەی بەباش دەزانی کە تەواوی ئەو ناوچەیە لە پێکهاتەیەکی کوردی فەیلی کە خزم و خزمایەتی و دۆستایەتییان لەگەڵ ئەودیو سنوور هەیە لەگەڵ براکانیان لەیەك دابڕن، هاوکاتیش مەرامە گەورەکەی خۆیان جێبەجێ بکەن لە تەعریبکردنی تەواوی ناوچەکە و بە بڕوای ئەوان کۆتاییهاتن بێت بە هەیمەنەتی ئێرانی لە ناوچەکەدا.

*** کەواتە دەرئەنجامی جینۆسایدەکە گۆڕینی دیموگرافیای ناو جەرگەی بەغدا و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە و شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردی فەیلی لێ کەوتەوە، ئایا دەتوانین بڵێین ئامانج و مەرامی داگیرکردنی خاك و تەعریبکردنی ناوچەکە یەکێك بووە لە ئامانجەکانی جینۆسایدەکە؟**

- وەکو ئاماژەم پێدا، پەراوێزخستن و دەربەدەرکردنی کوردی فەیلی دیموگرافیای تەواوی ناو جەرگەی بەغدا و ناوچەکانی کوردی فەیلیی گۆڕی، دەرکردنی ئەو ژمارە زۆرەی خێزانی کوردی فەیلی بۆ دەرەوەی وڵات و دواتر دوورخستنەوەیان بۆ ناو شارەکانی دیکە و بڵاوەپێکردنەوەیان تا ئەمڕۆ ڕەنگی داوەتەوە لەسەر دانیشتووانی ناوچەکانیان، بۆیە لەو سەردەمەدا بابەتی تەعریب یەکێك لە مەرام و سیاسەتە هەڵەکانی ڕژێمەکانی عێراق بوو، بەتایبەتی کە هزری قەومچێتی و شۆڤێنی ڕووی لە زیادبوون دەکرد و لە دوای کودەتاکەی سەر عەبدولکەریم قاسم ئەم هێڵە شۆڤێنییە پەرەی سەند و تا ئەمڕۆ زیانی گەورەی بە عێراق و عێراقییەکان و کوردستانیان بە پلەی یەکەم گەیاندووە، چونکە کەوانەی تەعریب و تەرحیل و دەرکردن بە چەند قۆناغێك دەستی پێکرد هەر لە ساڵانی ١٩٦٩ – ١٩٧٢ دواتر لە ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٥ و شاڵاوە گەورەکەش لە ١٩٨٠- ١٩٩٠ بەردەوامیی هەبوو، لە هەموو ئەم شاڵاوانەدا ماڵ و حاڵی کوردی فەیلی تاڵان دەکرا و گوندەکانیان تەعریب دەکرا و بە زۆرەملێ گوندەکانی کوردی فەیلی لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی دیجلە بە گوندنشینەکان چۆڵ دەکران، دواتر خێزانە عەرەبەکانیان دەهێنا و تێیاندا نیشتەجێ دەکران.

*** زۆر باسی ڕەشبگیری و زیندانیکردن و دواتر بێسەروشوێنکردنی گەنجەکانی کوردی فەیلی دەکرێت. ئایا ئەم پاکتاوکردنە نەژادییە دژ بە کورد تاچەند توانراوە لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا بورووژێندرێت؟**

- کەس ناتوانێت نکۆڵی لەو ڕەشبگیری و

کوشتار و گۆڕەبەکۆمەڵانە بکات کە ڕژێم لە دوای خۆی بەجێی هێشتوون، بەتایبەت دژ بە پێکهاتە کوردییەکان، جێگەی داخیشە دەسەڵاتدارانی هەرێم لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا بەتایبەتی لەلایەن هەردوو حزبی دەستڕۆیشتوو یەکێتی و پارتی نەیانتوانیوە ئەم بابەتە زەق بکەنەوە و هەر هیچ نەبێت مۆنۆمێنت و بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکان کۆبکەنەوە و بە دنیای دەرەوەی بناسێنن. ئەم بابەتەی باسی دەکەن، بە دامەزراوە و حزب و حکومەت و بودجە دەکرێت، واتا لە چوارچێوەیەکی نەتەوەیی و مرۆییدا پاڵپشتی بکرێت. ئایا کورد لە خۆی پرسیوە تائێستا چ کار و بڵاوکراوە و فلیمێکی دیکۆمێنتاری و بەڵگەنامەیی لەسەر زیندانەکانی ئەبوغرێب و نوگرەسەلمان و پێشتر قەسر نهایە و تا دەگاتە زیندانەکانی موخابەرات لە شارەکانی کوردستان کردووە؟ ئێ خۆ نازم گزار لاشەی شەهیدەکانیشی دەخستە ناو حەوزی تیزابەوە و ژمارەیەکی زۆری دیکەشیانی دەخستە ناو ڕووباری دیجلەوە، دواجار قەدەر وای کرد کە ناکۆکی لە نێو خۆیاندا دروست بوو، ئەو نازم گزارەی کوردی فەیلی دەکوشت، ڕووی لە مەندەلی کرد بۆ ئەوەی لە ئێرانەوە بچێتە دەرەوەی وڵات و هەر لەوێش دەستگیر کرا. لێرەدا ئایا بەدواداچوون بۆ هەموو ئەم تاوانانە کراوە؟ ئایا تاچەند کورد بەردەوام بووە لە گەڕان بە دوای گۆڕەبەکۆمەڵەکان و چارەنووسی بێسەروشوێنەکاندا؟ بۆ نموونە لە دوای بڕیارەکەی مەجلسی قیادەی سەورە لە ساڵی ١٩٨٠ چارەنووسی ئەو هەموو خێزان و گەنجە چییان بەسەردا هات؟ لە دوای ئازادکردنی کوردستان و دواتر ئازادکردنی عێراق تا چەند هاوشێوەی تاوانەکانی دیکەی ڕژێم کار لەسەر جینۆسایدی کوردی فەیلی کراوە؟ ئەمانە هەمووی پرسیارن.

*** پێت وانییە دوای هەموو ئەو مەینەتی و قوربانییانە کەچی کوردی فەیلی لە عێراقدا مافی تەواوەتی خۆیان پێ نەدراوە؟ بۆچی کەیسی جینۆسایدی کوردی فەیلی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخانی ڕژێمی ئەو سەردەمەی بەعسیشەوە پشتگوێ خراوە و گرنگیی پێ نەدراوە؟**

- تەنیا حکومەتی عێراق نەبوو کە کەیسی کوردی فەیلی پشتگوێ خستبوو، بەڵکو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی کوردستانیش جگە لە بۆنەکان و یادی جینۆساید کە مەراسیمێك، یان گوتارێك دەدرێت، کارێکی زانستی و درێژخایەن و دامەزراوەیی نابینین. دەیان ڕێکخراوی کوردی فەیلی لە نێوخۆی کوردستان و عێراق و دەرەوەی وڵات هەن، لەبەر بێ ئیمکانی و نەبوونی توانای دارایی ناتوانن کار لەسەر لایەنی کەلتووری و کەیسی جینۆسایدەکە و دەرخستنی پەراوێزخستنەکەیان بکەن، لە دوای ڕووخانی ڕژێمیش بە هۆی ناسەقامگیری و کوشتار و شەڕی ناوخۆی سوننە و شیعە و کوردەوە، کوردی فەیلی زۆریان نەگەڕانەوە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، تەنانەت بابەتی قەرەبووکردنەوەیان بووە حیکایەتێکی دوور و درێژ و بابەتی دادگاکان و یەکلانەکردنەوەیان، وابزانم زۆربوونی کێشەکان وای کردووە، گۆشەگیری زاڵ بێت و وەکو هۆز و تیرە کوردی فەیلی کۆنەبنەوە. لە ئێستادا لە ئەورووپا و وڵاتانی دنیا ڕێژەیەکی زۆری کوردی فەیلی هەیە و لە ناو ئەو کۆمەڵگە گەورانەدا پەرش و بڵاو بوونەتەوە. بیرۆکە و بۆچوون و پێشنیار زۆرە، بەڵام پێویستیان بە سەرکردە و حزب و دامەزراوەی گەورە هەیە، تا کۆیان بکاتەوە. کاتی ئەوە هاتووە لە پایتەختی هەرێمی کوردستان دوور لە بابەتی حزبایەتی و ئایدیۆلۆژیەتی تەسك، کوردی فەیلی ببنە خاوەنی دامەزراوە و سەنتەر و ڕێکخراوی بەهێز. لە ساڵی ٢٠٠٥ لە دوای شەڕی ناوخۆ و مەینەتییەکانی کورد بۆ یەکەمین جار لە هەولێر کۆنگرە و کۆنفرانسی باش بۆ کوردی فەیلی بەڕێوە چوو، من ئەو سەردەمە پێشنیارم کرد، هەرچی کوردی فەیلی هەیە لە سەرانسەری عێراق با لە دەرەوەی هەرێمیش بێت، لە بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و دەرەوەی وڵاتیش، پێویستە بە هاووڵاتی هەرێمی کوردستان دابنرێن، با کوردی فەیلی لە سەرانسەری جیهان ئەم هەرێمە وەکو دەوڵەتی خۆیان سەیر بکەن، ئەمەش پێویستی بە کار و ئیجرائاتی ئیداریی و یاسایی و کارئاسانی هەیە.

**ئەو نازم گزارەی کوردی فەیلی دەکوشت، ڕووی لە مەندەلی کرد بۆ ئەوەی لە ئێرانەوە بچێتە دەرەوەی وڵات و هەر لەوێش دەستگیر کرا**

**دەیان ڕێکخراوی کوردی فەیلی لە نێوخۆی کوردستان و عێراق و دەرەوەی وڵات هەن، لەبەر بێ ئیمکانی و نەبوونی توانای دارایی ناتوانن کار لەسەر لایەنی کەلتووری و کەیسی جینۆسایدەکە و دەرخستنی پەراوێزخستنەکەیان بکەن**

**کاتی ئەوە هاتووە لە پایتەختی هەرێمی کوردستان دوور لە بابەتی حزبایەتی و ئایدیۆلۆژیەتی تەسک، کوردی فەیلی ببنە خاوەنی دامەزراوە و سەنتەر و ڕێکخراوی بەهێز**

**هەرچی کوردی فەیلی هەیە لە سەرانسەری عێراق و لە هەرێم و دەرەوەی وڵاتیش پێویستە بە هاووڵاتیی هەرێمی کوردستان دابنرێن، با کوردی فەیلی لە سەرانسەری جیهان ئەم هەرێمە وەکو دەوڵەتی خۆیان سەیر بکەن**



**مامۆستا هیشام ساڵح محەمەدئەمین**
**پسپۆڕ و شارەزا لە بواری ئایینی**
**ئیسلام بۆ گوڵان:**

# دابەشکردنی ئایینی ئیسلام بۆ عیبادات و سیاسەت مەترسیدارە، چونکە ئیسلام گشتگیرە بۆ بەختەوەری و خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی

**لە دوای ڕۆوخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین و چەندین ڕێکخستنی دیکە لەسەر فکری ئیسلامی دروست بوون، کە لەلای ئەوانە ئیسلام کراوەتە عیبادات و سیاسەت. لێرەدا دەپرسین: ئایا ئەم دابەشکردنە مەترسیدار نییە، بەتایبەتی کە هەندێ گرووپ و لایەنی ئیسلامی سیاسی کورد بە موسڵمان نازانن، یان دەیانەوێت دووبارە بیگەڕێننەوە سەر ئیسلام و هەشیانە خاك و نیشتمان و بەها پیرۆزەکانی وەکو ئاڵا و سروودی نیشتمانی لایان پیرۆز نییە. بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکە، گۆڤاری گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ مامۆستا هیشام ساڵح محەمەدئەمین کە شارەزا و پسپۆڕە لە ئایینی ئیسلام و لە ئێستادا بەڕێوەبەری پەیمانگای کۆمپیوتەری ئاکرێیە، ئەنجام دا.**

*** لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لە میسر دامەزرا، بۆ دووبارە گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی و، دواتر فیکری ئیخوان بووە فیکرێکی جیهانی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش بێت بۆ سیاسی و عیبادەت. ئایا ئەم دابەشکردنە تا چەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟**

- دابەشکردنی ئیسلام بۆ عیبادات و سیاسەت بە هیچ جۆرێك خزمەت بە ئێسلام ناکات، بەڵکو زیانێکی زۆر بە ئایینی ئیسلام دەگەیەنێت و ئیسلام لە پێش چاوی خەڵك بچووك دەکاتەوە. ئایینی ئیسلام ئایینێکی تەواوە بۆ مرۆڤایەتی و ئاشتی و پێکەوەژیانی گەلان لەم دنیایەدا هاتووە. ئیسلام بۆ خۆشگوزەرانیی مرۆڤ، گشتگیرە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و گوزەران و بەختەوەری و عیبادەت، چونکە خودای گەورە بەندەکانی دروست کردووە، تاوەکو بتوانن بە ئازادی و سەربەستی بژین و عیبادەتی بکەن و لە عیبادەتیشەوە هەموو بەندەکان وەکو یەك و یەکسانن، بەڵام دابەشکردنی ئیسلام بۆ عیبادات و سیاسی، ئەوە دۆزینەوەی ڕێگایەکە لەلایەن هەندێ کەس و لایەن بە مەبەستی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیانە. لەو کاتەی ئایینی ئیسلام وەکو ئیسلامی سیاسی لە ناو کۆمەڵگە خۆی دەبینێتەوە، تەنیا لە چوارچێوەی لایەن و حزبێك و هزرێکەوە قەتیسی دەکەن، هەر لایەنەش بە پێی بەرژەوەندیی خۆی بەتایبەتی بۆ گەیشتن بە کورسیی دەسەڵات نمایشی ئایینەکە دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی فریودانی خەڵك و کۆمەڵگە، ئەمەش لەلایەن ئیسلامەوە لە چوارچێوەی بنەماکانی ئیسلام کە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەری خۆشەویستمان (د.خ) بە هیچ شێوەیەك قبووڵکراو نییە.

من وەکو کەسایەتییەکی پابەند بە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) دژی ئەو دابەشکردنەم و لەگەڵ ئیسلامی سیاسی نیم، چونکە ئەگەر ئیسلام وەکو سیاسەت کار و تەعامولی لەگەڵ بکرێت، بۆ بەرژەوەندیی تێکڕای کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی نییە، بەڵکو بۆ ئەو کۆمەڵ و گرووپەیە کە خۆیان لەو چوارچێوە هزر و بیرە تەسکانەوە دەبیننەوە و ئیسلام دەکەنە ئامرازێك بۆ هەندێ مەرامی سیاسی، ئەمەش هیچ خزمەت بە ئایینی ئیسلام ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە زەرەرێکی گەورە و زۆر لە ئایینی ئیسلام دەدات.

*** هزری ئیسلامی سیاسی بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادات، پیرۆزییەکانی نەتەوە بێبەها دەکەن، لێرەش لە کوردستان دەبینین کە لەو مەدرەسانەی حزبە ئیسلامییەکان سەرپەرشتی دەکەن، پرۆگرامەکانیان سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانییە، هەروەها دەبینین سەرکردەی حزبە ئیسلامییەکان ڕێز لە سروودی ئەی ڕەقیب ناگرن. ئایا سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمان چ کارەساتێکی لێدەکەوێتەوە؟**

- ئەم بیر و هزرە کە دژی خاك و نیشتمان و بەها پیرۆزییەکانی نەتەوایەتییە خۆی لە خۆیدا کارەساتە، چونکە قەت ئیسلام لەگەڵ ئەوە نییە کە مرۆڤ ڕێز لە خاك و نیشتمانی خۆی نەگرێت، بەڵکو هەموو مرۆڤێك و

**تەنیا دەبێت ئەوانەی گەیشتوونەتە پلەی موفتی لە زانایانی ئیسلامدا و پاش ڕاوێژێکی زۆر و بەپێی بارودۆخی وڵات و میللەتەکەیان فتوا بدەن**

**دابەشکردنی ئیسلام بۆ عیبادات و سیاسەت بە هیچ جۆرێک خزمەت بە ئێسلام ناکات، بەڵکو زیانێکی زۆر بە ئایینی ئیسلام دەگەیەنێت و ئیسلام لە پێش چاوی خەڵک بچووک دەکاتەوە**

**وەکو کەسایەتییەکی پابەند بە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) دژی ئەو دابەشکردنەم و لەگەڵ ئیسلامی سیاسی نیم**

**ئەگەر ئیسلام وەکو سیاسەت کار و تەعامولی لەگەڵ بکرێت، بۆ بەرژەوەندیی تێکرای کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی نییە، بەڵکو بۆ ئەو کۆمەڵ و گرووپەیە کە خۆیان لەو چوارچێوە هزر و بیرە تەسکانەوە دەبیننەوە**

**قەت ئیسلام لەگەڵ ئەوە نییە کە مرۆڤ ڕێز لە خاک و نیشتمانی خۆی نەگرێت، بەڵکو هەموو مرۆڤێک و نەتەوەیەک ئەرکە لەسەری ئەو خاکەی لەسەری دەژی و ئەو نەتەوە و نیشتمانەی لەگەڵ ئاڵا و بەها پیرۆزەکانی بە گیان و خۆشەویستی و هەموو توانایەکەوە بیپارێزێت**

**کاتێک خاک و نیشتمان نەبێت، بەندەکان لە کوێ عیباداتی خوای گەورە بکەن؟ پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: «ئەگەر هەر کەسێک لەسەر بەرگری لە خاک و ماڵی خۆی بکوژرێت، ئەوە بە شەهید حیساب دەکرێت»**

**جێگای قبووڵکردن نییە، مێژووی هیچ نەتەوە و میللەتێک بەسەر میللەتی کوردی موسڵماندا بسەپێندرێت**

نەتەوەیەك ئەركە لەسەری ئەو خاكەی لەسەری دەژی و ئەو نەتەوە و نیشتمانەی لەگەڵ ئاڵا و بەها پیرۆزەكانی بە گیان و خۆشەویستی و هەموو توانایەكەوە بیپارێزێت. گەورەترین و جوانترین بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە لەو كاتەی كە پێغەمبەر (د.خ) لە مەككە كۆچی بۆ مەدینە كرد، كە لە مەككە دەرچوو، بەرانبەر مەككە ڕاوەستا و فەرمووی: «ئەی مەككە ئەگەر ناچار نەبوومایە و خەڵكی ئێرە ئەمنیان نەگەیاندبایەتە ئەو حاڵەتە، قەت بەجێم نەدەهێشتی و لەلام لە هەموو شوێن و خاكێك خۆشەویستتری». ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت، كە لەلای پێغەمبەر (د.خ) و لەلای خوای گەورەش خاك و نیشتمان چەند خۆشەویست و گرنگن، چونكە لە كاتێك خاك و نیشتمان نەبێت، بەندەكان لە كوێ عیباداتی خوای گەورە بكەن؟ پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: «ئەگەر هەر كەسێك لەسەر بەرگری لە خاك و ماڵی خۆی بكوژرێت، ئەوە بە شەهید حیساب دەكرێت». ئەمانە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت كە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا خاك و نیشتمان و ئاڵا و پیرۆزییەكانی نەتەوە زۆر گرنگ و پیرۆزن و پێویستە هەموو كەس و گەل و میللەتێك پارێزگاری لێ بكەن، تا ئەو ئاستەی تاك خۆی لەسەر بە كوشتن بدات. بۆیە ئێمەش وەكو گەل و نەتەوەی كورد كە میللەتێكی موسڵمانین لەسەر هەموو تاكێكمان پێویستە پارێزگاری لە خاك و نەتەوە بكەن و ئاڵاكەشی بە گرنگ و بەشێكی پیرۆزی ژیان بزانن و پارێزگاری لێبكەن، بەڵام ئەوانەی كە هەڵگر و هزری ئیسلامیی سیاسین، بەپێی بەرژەوەندییەكانی خۆیان تەفسیر بۆ ئەو شتانە دەكەن و لە زۆربەی لێكدانەوەكانیان بە جۆری گونجاو بۆ خۆیان و بەرژەوەندییەكانیان كار دەكەن و دەجووڵێنەوە.

*** ئێمەی كورد وەك گەلێكی موسڵمان خاوەنی مێژوویەكی پاكی موسڵمانیەتی و كوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەیە، هەر لە ئەحمەدی خانی تا دەگاتە مەولەوی و نالی، بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەم مێژووە فەرامۆش دەكات؟**

- فەرامۆشكردنی مێژووی خۆمان وەكو كورد كە گەلێكی موسڵمانی پاك و بێگەردین زۆر هەڵەیە، بەڵكو پێویستە ئەو مێژووە جوان و پڕ لە گیانفیدایی و ژمارە زۆرەی زانایان و سەركردە شۆڕەشگێڕ و ئایینپەروەرەكانی ئیسلام و بوونی مەدرەسە و حوجرە و پێگەیاندنی كەسایەتی و زانایانی گەورە، بخرێتە پڕۆگرامەكانی خوێندنمان، تاوەكو نەوەكانمان یەك لە دوای یەك ئەو ڕۆژگارە پڕشنگدار و پڕ لە سەروەرییانەیان لەبیر بمێنێت و زیاتر چەكەرە بكات، چونكە میللەتی كورد پاش هاتنی ئیسلام بەتایبەتی مێژووەكی پڕ لە سەروەری و شكۆداری هەیە و ئێمەی كورد دەبێت شانازییەكی مەزن بە مێژووی خۆمان بكەین، بەتایبەتی لە پابەندبوون بە بنەماكانی ئیسلام و لە سەرەتای هاتنی ئایینی ئیسلامیشدا میللەتی كوردی ئێمە خزمەتێكی زۆری ئەو ئایینەی كردووە و خاوەنی چەندین زانا و سەركردەی مەزنین و لە پێش هاتنی ئایینی ئیسلامیشەوە كورد خاوەن زانا و سەركردەی دیار و بەناوبانگ بووە، بەڵام لەو سەركردە ئازا و دڵسۆزانەی موسڵماندا تەنیا ئەگەر باسی سەلاحەدینی ئەیوبی بكەین، دەگەینە ئەو باوەڕە و مێژووەی كە جێگای ئەوەیە گەلی كوردی موسڵمان شانازی پێوە بكات، كە دەزانین چی كردووە بۆ ئەو ئایینە پیرۆزەی ئیسلام. هەر بۆیە جێگای قبووڵكردن نییە، مێژووی هیچ نەتەوە و میللەتێك بەسەر میللەتی كوردی موسڵماندا بسەپێندرێت. دەبێت جگە لەوەی كورد شانازی بە مێژوو و ئیسلامبوونی خۆی بكات، هاوكات دژ و ڕێگر بێت بەرانبەر ئەو كەس و گرووپ و لایەنانەی كە هەوڵ دەدەن مێژووی گەل و میللەتانی دیكە بەسەر ئێمەدا بسەپێنن.

*** حزبە ئیسلامییەكان پرۆسەیەك بەڕێوە دەبەن، وەك ئەوەی بیانەوێت سەرلەنوێ كۆمەڵگەی كوردستان بە ئیسلام بكەنەوە. ڕاشكاوانەتر وەك ئەوەی میللەتی ئێمە موسڵمان نەبووبێت و ئەوان بیانەوێت موسڵمانی بكەن. ئایا دەكرێت ئیسلامەتی تەنیا ئەو ئیسلامە بێت كە حزبە ئیسلامییەكان پێناسەی دەكەن؟**

- ئەو بیر و هزرانەی كە هەندێ لە ئیسلامییە سیاسییەكان دەیانەوێت بڵاوی بكەنەوە، زۆر مەترسیدارە، چونكە دەبێتە

هۆکاری دروستبوونی توندوتیژی لەناو کۆمەڵگە، بەوەش ناسەقامگیری دروست دەبێت و ئاسایشی نەتەوایەتی دەکەوێتە بارودۆخێکی خراپەوە. ئەگەرچی ئایینی ئیسلام دژی هەموو توندوتیژییەکە کە لەناو کۆمەڵگەدا هەبێت، تا ئەو ئاستەی کە نابێت مرۆڤ توندوتیژ بێت بەرانبەر هاوسەر و منداڵی خۆیشی نەك بەرانبەر کۆمەڵگەدا. پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: «لەکاتی شەڕدا نابێت دارودرەختی ئەو وڵات و شوێنە ببڕنەوە، یان بیسووتێنن و دەبێت چاوپۆشی لە بەساڵاچووان و منداڵان بکەن».

هەر ئەو ئیسلامە سیاسییە وای کردووە، ئەو هەموو بیر و هزرە توندئاژۆ و خراپانە دروست بن، کە هەندێ کەس و گرووپ و لایەنی وەکو داعش بە ناوی ئیسلام کاری لەسەر دەکەن. ئەوانە ناتوانن بەرگری لە ئایینی ئیسلامی ڕاستەقینە بکەن، وەکو دیتمان کە لەو پەلامارە تیرۆریستییانەی کردیانە سەر عێراق و بەتایبەتی کوردستان، چۆن خۆیان نەگرت و شکان و پووکانەوە. هەروەها بۆ هیچ لایەنێك، یان تەنزیماتێکی حزبی بە ناوی ئیسلامەوە نەهاتووە، بیروباوەڕی ئیسلام بەپێی بەرژەوەندی و پەیڕە و پڕۆگرامی خۆیان بڵاو بکەنەوە و، بەو جۆرەی ئەوان دەیانەوێت لەگەڵ میللەت هەڵسوکەوت بکەن، چونکە ئایینی ئیسلام بۆ مرۆڤایەتی و بەختەوەرییە بە شێوەیەکی گشتیر و بە یەکسانی هاتووە و دوورە لە هەموو توندوتیژی و زۆرەملێیەك. هەر چەندە هەندێك لایەنی ئیسلامی سیاسی چەندین بیر و باوەڕیان بەکارهێناوە، تەنیا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و کورسی و بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆیان بووە و زۆر دوورن لە ئیسلامی ڕاستەقینە کە خوای میهرەبان بە یەکسانی و ئازادانە لە ڕێگای پێغەمبەر (د.خ) پەیامەکەی گەیاندە سەر گۆی زەوی و ناو میللەتان کە ئەوەی ئێستا لەو تەنزیمە ئیسلامییە سیاسییانە دەبینرێت، زۆر دوورە لە واقیعی ئیسلام.

*** خاڵێکی دیکەی ترسناك لە هزری ئیسلامی سیاسی پرسی دووبارە تەفسیرکردنەوەی «فتوا»دانە و لە ئیسلامدا دەبێت حکومەت، یان ئەمیری موئمنین فتوا بدات، بەڵام ئیسلامی سیاسی دەڵێت، هەر کەسێك دەتوانێت فتوا بدات و خەڵك بکوژێت. ئایا ئەمە بێماناکردنی فتوا و دروستکردنی ئاژاوەوە نییە لە کۆمەڵگە؟**

- فتوادان لە ئیسلامدا زۆر گرنگە و بابەتێکی فقهیە و ناکرێت و نابێت هەر کەسێك، یان لایەن و گرووپێك لەلای خۆیانەوە لەسەر بابەتێك و پرسێك فتوا بدەن، بەڵکو فتوادان دەبێت ئەو زانا و شارەزا و پسپۆڕانەی ئایینی ئیسلام بیدەن، کە لە هەموو لایەنێکی ئایینەکە شارەزایی زۆر و تەواویان لە تێگەیشتن لە ئیسلام هەبێت. ئەو کەسانەی کە فتوا دەدەن، دەبێت موفتی بن، ئەوەشی دەبێتە موفتی وەکو دەزانین لە وردەکاری و تەواوی قورئان و تەفسیر و پێشهات و ڕووداوەکانی وڵات و میللەتان و دنیا شارەزایی تا ئەوپەڕی هەیە بۆیە گەیشتووەتە پلەی زانایی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئینجا پاش ڕاوێژ لەگەڵ ڕووداوەکان و کەسانی شارەزا و تاوتوێی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی ئابووری و سیاسییەکە فتوا بدات، کە فتوایەکەش بۆ بەرژەوەندیی خەڵك و وڵات و نەتەوەکە بێت. لەلایەکی دیکەوە ئەو لێژنە زانایە گەورە و دیارانەی لەلایەن حکومەت و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستان دانراوە و تایبەتمەندن بە فتوادان، ئەو لێژنەیەش دەبێت بەپێی پێویست و گونجان لەگەڵ بارودۆخەکە و پێش هەموو شتێك فتواکە دەبێت دوور بێت لە توندوتیژی و لە بەرژەوەندیی گشتیی میللەت و وڵات بێت، فتوا بدەن و هەموو فتوایەکیش دەبێت سنوودار و گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخی سەردەم و میللەتەکە، ئەگینا فتواکە دەبێتە هۆکارێك بۆ نانەوەی ئاژاوە و هەندێکجار دەگاتە توندڕەوییش، بۆیە زۆر گرنگە بە دیقەت و شارەزایی فتوا بدرێت و تەنیا بۆ موفتیان و زانایانی تەواو شارەزا لە ئایینی ئیسلام هاتوو . نابێت وەکو هەندێ فتوا هەیە کە لەلایەن کەسێك، یان لایەنێك بە ناوی ئیسلام بدرێت، کە ماڵ و کوشتنی خەڵك بکاتە حەڵاڵ، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا جگە لەوەی زۆر دوورە لەو ئایینە پیرۆزە کە ئایینی ئیسلامە، هاوکات کارەسات لەناو خەڵك و میللەتەکە دەنێتەوە.

**ئەو بیر و هزرانەی کە هەندێ لە ئیسلامییە سیاسییەکان دەیانەوێت بڵاوی بکەنەوە، زۆر مەترسیدارە، چونکە دەبێتە هۆکاری دروستبوونی توندوتیژی لەناو کۆمەڵگە، بەوەش ناسەقامگیری دروست دەبێت و ئاسایشی نەتەوایەتی دەکەوێتە بارودۆخێکی خراپەوە**

**پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: «لەکاتی شەڕدا نابێت دارودرەختی ئەو وڵات و شوێنە ببڕنەوە، یان بیسووتێنن و دەبێت چاوپۆشی لە بەساڵاچووان و منداڵان بکەن»**

**هەر ئەو ئیسلامە سیاسییە وای کردووە، ئەو هەموو بیر و هزرە توندئاژۆ و خراپانە دروست بن، کە هەندێ کەس و گرووپ و لایەنی وەکو داعش بە ناوی ئیسلام کاری لەسەر دەکەن**

**بۆ هیچ لایەنێک، یان تەنزیماتێکی حزبی بە ناوی ئیسلامەوە نەهاتووە، بیروباوەڕی ئیسلام بە پێی بەرژەوەندی و پەیڕە و پڕۆگرامی خۆیان بڵاو بکەنەوە و، بەو جۆرەی ئەوان دەیانەوێت لەگەڵ میللەت هەڵسوکەوت بکەن**



**مەحموود ڕەش**

ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان :

# چەکدارانی پەکەکە چەندین گرووپ و کەسی مەشقکراویان هەیە بۆ کاری تیرۆریستی و ئاگربەردانە شوێنان

# چەکدارانی پەکەکە چەندین شوێنی گرنگ و ستراتیژییان دووبارە وەکو پیشەی هەمیشەییان بۆ سوپای تورکیا چۆڵ کردووە بۆ نموونە چیای مەتین و گارە

**چەکدارانی پەکەکە زۆر هەوڵ و پیلانیان هەیە، کە بە بەشداریی خۆیان شەڕێکی براکوژی لە باشووری کوردستان دروست بکەن. بۆ ئەوەی بزانین پەکەکە بۆ لە باکوورەوە هاتووەتە باشووری کوردستان و چۆن کار و ڕەفتاری تیرۆریستی و ئاگرکەوتنە و کوشتن و تەقاندنەوە لە باشووری کوردستان لە دژی خەڵك و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدەن، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ مەحموود ڕەش ئەندامی پێشووی پەکەکە ئەنجام دا.**

* ئایا لە باکووری کوردستان دۆڵ و شاخ و چیای سەختی لێ نەبوو، کە پەکەکە تێیدا درێژە بە چالاکییەکانی بدات، کە هاتووەتە باشووری کوردستان و چەندین ناوچەی داگیر کردووە. وەکو شارەزایەك کە چەندین ساڵ لە ناو پەکەکە بوویت، خوێندنەوەت لەو بارەیەوە چییە؟

- لە باکووری کوردستان دۆڵ و شاخ و چیای زۆر دژوار و سەختتر لە باشووری کوردستان بەتایبەتی لە چاو قەندیل و مەتین و گارە هەیە، بەڵام چەکدارانی پەکەکە بە هۆی جووڵە و ڕەفتاری دوور لە مرۆڤایەتی و کوردایەتییان، بەتایبەتی پاش دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان، خەڵك و جەماوەرەکەی لە باکووری کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە کەمکردندا بوو، بەتایبەتی بە هۆی ئەو بارقورسییەی لە رووی دارایی و ژیانی ڕۆژانەیان خستبوویانە سەر شان و ئەستۆی خەڵکە هەژار و کەمدرامەتەکەی باکووری کوردستان، بەتایبەتی گوندنشینەکانیان، هەروەها لێرە و لەوێش سەرانەیان لە خەڵك وەردەگرت، بەتایبەتی لە جووتیاران لە وەرزی دروێنە و لە کاتی بەرهەمهێنانی باخ و بێستانەکانیان و شەوانی سارد و زستان و زریانەکان دەچوونە سەر ماڵان لە گوند و شارۆچکە بچووکەکانی سنووری و ناو چیاکان، بەتایبەتی لە کاتی ژەمە خواردنەکاندا کە خەڵك و میللەتەکە خۆیان زۆر هەژار و کەمدەرامەتن، ئەوە هەر ماڵێك چەند چەکدارێك دەبوونە بارگرانی لە سەریان، لە لایەکی دیکەوە بە هۆی ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەی کە لە نێوان چەکدارانی پەکەکە و سوپای تورکیا و پاسەوانانی سنووردا هەبوو، خەڵك و کەسانی سڤیلی ناوچەکە دەکوژران و بریندار دەبوون، حکومەتی تورکیاش لە ڕێگەی سەربازییەوە پەلاماری ئەو گوندانەی دەدا و کاول و وێرانی دەکردن و بە ناچاری دەبوو خەڵکەکە کۆچ بکەن بۆ شوێنی دیکە، هەموو ئەوانە بە لایەك کە وای کرد جەماوەری پەکەکە بە تەواوی لێیان دوور بکەونەوە و کەم ببنەوە، لەلایەکی دیکەوە چاویان بەو ئازادی و سەربەخۆییەی باشووری کوردستان هەڵ نەدەهات، بەتایبەتی کە دەیانزانی ئەو دەستکەوتە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هاتووەتەدی و هەر پارتی بە سەرۆکایەتیی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی وەکو مەرجەعی گەلی کورد و کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی باشوور دەکات، لە لایەکی دیکەوە چونکە پەکەکە پاش

**بە هۆی ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەی کە لە نێوان چەکدارانی پەکەکە و سوپای تورکیا و پاسەوانانی سنووردا هەبوو، خەڵك و کەسانی سڤیلی ناوچەکە دەکوژران و بریندار دەبوون**

**هەر پارتی بە سەرۆکایەتیی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی وەکو مەرجەعی گەلی کورد و کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی باشوور دەکات**

**لە ئەنجامی ڕووبەڕوو بوونەوەی پەکەکە و سوپای تورکیا لە سەرەتاوە تا مانگێك پێش ئێستا زیاتر لە (٦٠٠) گوندی باشووری کوردستان چۆڵیان کردووە و کار و کاسبییان وەکو کشتوکاڵ و مەڕداری و باخ و بێستانەکانیان کە سەرچاوەی ژیانیان بووە، لەدەستیان داوە و دەربەدەر بوون**

**چەکدارانی پەکەکە بۆ هەرێمی کوردستان بوونەتە پەتایەکی دەگمەن و مەترسیدار کە بەردەوام ئاڵۆزی و بارودۆخی نەخوازراو بۆ خەڵکی باشووری کوردستان و حکومەتەکەی دروست دەکەن**

**درۆنەکانی تورکیا ئەو گرووپانە بۆردومان دەکەن لە ئەنجامدا خەڵکی باشووری کوردستانن کە هیچ پەیوەندییەک دوور و نزیکیان لەگەڵ پەکەکە نییە و دەبنە سووتەمەنی و شەهید و بریندار دەبن**

**چەکدارانی پەکەکە بە پاڵپشتیی حەشدی شەعبی و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەڤەر و شاری شنگال ماون و چۆڵی ناکەن، تاوەکو ئیدارەی ناوخۆی شنگال بۆ هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان نەگەڕێتەوە**

ماوەیەکی کەم لە دامەزراندنی لە بیری نەتەوەیی و کوردستانی و سەربەخۆیی کوردستان بە تەواوی لای دا، کە پڕوپاگەندەی بۆ مارکسییەت و یەکپارچەیی بۆ تورکیا دەکرد، هەموو ئەوانە وای کرد، پەلاماری باشووری کوردستان بدەن، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە کێشە و ئاڵۆزی بۆ حکومەتی کوردستان دروست بکەن. لە ئەنجامی هاتنی ئەو چەکدارانە بۆ قەندیل و هەندێ دەڤەری سنووری باشووری کوردستان تورکیا لەشکرکێشیی کردە سەر خاکی باشووری کوردستان، و لە ئەنجامی ڕووبەڕوو بوونەوەی پەکەکە و سوپای تورکیا لە سەرەتاوە تا مانگێك پێش ئێستا زیاتر لە (٦٠٠) گوندی باشووری کوردستان چۆڵیان کردووە و کار و کاسبییان وەکو کشتوکاڵ و مەڕداری و باخ و بێستانەکانیان کە سەرچاوەی ژیانیان بووە، لەدەستیان داوە و دەربەدەر بوون و کۆچیان بۆ شار و شارۆچکەکان کردووە، لە هەقیقەتدا چەکدارانی پەکەکە بۆ هەرێمی کوردستان بوونەتە پەتایەکی دەگمەن و مەترسیدار کە بەردەوام ئاڵۆزی و بارودۆخی نەخوازراو بۆ خەڵکی باشووری کوردستان و حکومەتەکەی دروست دەکەن.

*** وەکو دەزانین لە سەردەمی ئێستادا هەموو کێشە و ئاڵۆزی و بارودۆخێك لە نێوخو و لە نێوان وڵاتان بە ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆ و ئاشتی چارەسەر دەبێت، لەم بارەوە چەند ساڵێك پێش ئێستا سەرۆك بارزانی لە دەستپێشخەرییەکی زۆر بەچاودا هەوڵی دا، کێشەی کوردی باکوور لەگەڵ تورکیا بە ڕێگەی دیالۆگ و ئاشتی چارەسەر بکات، ئایا ئەم کار و هەوڵە خەمخۆری و دڵسۆزییەی بارزانی بۆ سەری نەگرت؟**

- پەکەکە لە پەیڕەو و پلان و بەرنامەکانیاندا بە وشەیەکیش باسی ئاشتی و دیالۆگی تێدا نییە، هاوکات کە دیتیان جەنابی سەرۆك بارزانی بەو کاریزماییەی و وەکو مەرجەعی گەلی کورد و کوردستان پاش هەوڵێکی زۆر لەگەڵ حکومەتی تورکیا توانی بگاتە ئەوەی کە تورکیا ڕازی بکات کە کێشەی کوردی باکوور لەگەڵیان بە دانیشتن و گفتوگۆ و بە ڕێگەی ئاشتی چارەسەر بکات، ئەوە بە جارێك وای کرد سەرانی چەکدارانی پەکەکە بەو هەنگاوە گرنگ و مێژووییە ڕازی نەبن و بۆ نانەوەی کۆسپ و کێشە لەبەردەم ئەو پرۆژەیەدا شەڕی خەندەقیان لە باکووری کوردستان دروست کرد، کە بووە هۆی ماڵوێرانی بۆ خەڵکی باکوور و پرۆژەکەی جەنابی سەرۆك بۆ ئاشتەوایی و هاتنەدیی ماف و دواڕۆژێکی باش و پرشنگدار بۆ کوردی باکوور لەبار برا.

*** چەکدارانی پەکەکە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە لێرە و لەوێ، بەتایبەتی لە دەڤەری ڕاپەڕین و گەرمیان و چەمچەماڵ و پارێزگای سلێمانی و ماوەت بە شێوەی گرووپی چەکدار دەردەکەون. ئایا پەکەکە لە سەرەتا و دامەزراندنییەوە بەو شێوەیە بوو، یان ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- پەکەکە هەر لەگەڵ دامەزراندنی کار و هەنگاوی ئەوەی هەبووە کە ڕێکخستن و چەکدارەکانی لە چەند گرووپ و هێزی جیاجیادا دابەش بکات، کە گوایە ئەمە بۆ پاراستنیانە، بەڵام ئێستا بۆ چەکدارەکانیشیان دەرکەوتووە کە لە پێناو خۆیان سەرانی پەکەکە ئەو پیلانەیان هەیە، لەلایەکی دیکەوە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە چەکدارانی پەکەکە لە چەند ناوچەیەکی باشووری کوردستان جووڵەیان زیادی کردووە، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوەیە کە بە ڕێگەیەکی دیکە پەلکێشی سوپای تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان زیاتر بێت، لەم بارەشەوە وەکو دەبینین درۆنەکانی تورکیا ئەو گرووپانە بۆردومان دەکەن لە ئەنجامدا خەڵکی باشووری کوردستانن کە هیچ پەیوەندییەك دوور و نزیکیان لەگەڵ پەکەکە نییە و دەبنە سووتەمەنی و شەهید و بریندار دەبن.

*** هۆکاری چییە کە پەکەکە لە شنگال ناکشێتەوە؟ ئایا ئەمە ناگەڕێنیتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو چەکدارانە بە فەرمان و دەستلەپشتدانی وڵاتانی داگیرکەر دەجووڵێنەوە؟**

- چەکدارانی پەکەکە بە پاڵپشتیی حەشدی شەعبی و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەڤەر و شاری شنگال ماون و چۆڵی ناکەن، تاوەکو ئیدارەی ناوخۆی شنگال بۆ هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان نەگەڕێتەوە، کە خاوەن ماڵە و هەر ئەم پیلان و هۆکارەشە وای کردووە، ناوچەکە ئاوەدان نەکرێتەوە و

ڕێککەوتنی شنگال کە لە نێوان هەرێم و بەغدا بە چاودێریی نێودەوڵەتی و هاوپەیمانان کراوە، جێبەجێ نەکرێت و سەقامگیری و ژیان بۆ ناوچەکە نەگەڕێتەوە. دەتوانین بڵێین ئەمەش بەشێکە لەو پیلانەی بۆ دروستکردن و تەواوبوونی کەوانەی شیعە کە بەو ناوچەیەدا دەڕوات، لە لایەکی دیکەوە ئەو چەکدارانەی پەکەکە و ژمارەیەکی زۆرتریشیان لە قەندیل و شوێنی دیکەش مووچە و هاوکاری لە شیعەی عێراقی سەر بە ئێران وەردەگرن، ئەگینا بە نەمانی ئەو چەکدارنەی پەکەکە لە شنگال و دەڤەرەکە ئەوا خەڵکی سنوورەکە و ئاوەدانی بۆ شنگال دەگەڕێتەوە .

*** ئایا ئەو کار و ڕەفتارانەی پەکەکە دەیکات کە لەگەڵ نیزام و سیستمی جیهانی هاوچەرخ ناگونجێت، هەر ئەوە هۆکار نییە کە وای کردووە پەکەکە لە لیستی تیرۆردا دابنرێت؟**

- پەکەکە لەگەڵ دامەزراندنیدا چەندین گرووپ و یەکەی جیاجیای داناوە، هەر یەکەی بەناو و کار و ڕەفتارێك مەشق و ڕاهێنانیان پێ کراوە، لەوانە کەس و گرووپیان هەیە کە کوڕ و کچانی خوار تەمەن هەژدە ساڵی هەڵدەخەڵەتێنن بەپێی ئەو بەرنامەیەی بۆیان دانراوە، پاشان چەکداریان دەکەن و ناهێڵن بە دایك و باوك و خێزانەکانیان شاد ببنەوە، کە ئێستاش لەوەتەی لە هەرێمی کوردستانن چەندین کوڕ و کچی لەو تەمەنانەیان ڕفاندووە و تا ئێستاش چارەنووسیان نادیارە لەلایەن ماڵباتەکانیان، هەروەها گرووپی چەکداریان هەیە بۆ هاتنە ناو شار و ئەنجامدانی کوشتن و کردەوەی تیرۆریستی تا دەگاتە دانانەوەی تی ئێن تی و جۆرەها تەقەمەنیی دیکە، وەکو ئەوەی لەسەر پردێکی پەڕینەوەی خەڵکی سڤیل لە شاری هەولێری پایتەختی کوردستان دایاننا، یان وەکو ئەو کردەوە تیررۆیستییەی کە لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو بەرانبەر بەرپرسی لقی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجام درا بە دانانەوەی تەقەمەنی بە ئۆتۆمبێلە شەخسییەکەی، هاوکات چەکدارانی پەکەکە یەکەی ئاگرکەوتنەوە و ئاگربەردانە شوێنانیان هەیە، بەتایبەتی بۆ ئەو شوێنانەی کە سەرچاوەی کار و کاسبیی هاووڵاتیان، وەکو ئاگربەردانە قەیسەریی کەرکووك و هەولێر و دهۆك. هەروەها پەکەکە کەس و گرووپی ڕاهێنراویان هەیە بۆ کوشتن و تیرۆرکردنی ئەو کەسانەی کە خۆیان لە ڕێزەکانیان ڕزگارکردووە، یان ئەو کەسانەی کە ئەوان بە دوژمنی خۆیانیان دەزانن، هەندێ لە کوشتنەکانیان بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن لە ڕێگەی خنکاندنەوە ئەنجامی دەدەن و بەڵگەی زۆریش لەوبارەوە هەیە.

*** ئایا چەکدارانی پەکەکە توانای بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەی تورکیایان هەیە کە چەند ڕۆژە دەستی پێکردووە، یان مەبەستی دیکەیان هەیە؟**


- نەخێر، چەکدارانی پەکەکە بە هیچ شێوەیەك ئەو توانا و هێز و چەکەیان نییە بتوانن بەرەنگاری بکەن، یان شەڕ لەگەڵ سوپایەکی وەکو تورکیا بکەن، بەڵکو مەبەستی سەرەکییان وێرانکردن و تێکدانی بارودۆخ و ڕەوشی سەقامگیری هەرێمی کوردستانە، کە چەند ڕۆژە بەو ئۆپەراسیۆن و شەڕەی نێوانیان زیاتر لە ١٥٠ گوندی دیکەش چۆڵ کراون، هاوکات کێشە بۆ بازگەکانی حکومەتی کوردستان و هێزی پێشمەرگە دروست دەکەن، لەلایەکی دیکەوە پەکەکە زۆر مەبەستیانە شەڕێکی براکوژی لەنێوان کورد لە باشووری کوردستان دروست بکەن کە بەم هۆیە خۆیان چەند زەرەرمەند بن لە لایان گرنگ نییە، چونکە دڵنیان کە هێزی پێشمەرگە ئەو فەرمان و بڕیارەی جەنابی سەرۆك بارزانی جێبەجێ دەکات، کە فەرموویەتی نابێت شەڕی کورد و کورد بە هیچ جۆرێك جارێکی دیکە ڕوو بدات و شەڕی کورد لەگەڵ کورد حەرامە، ئەگەرچی چەکدارانی پەکەکە ئەو فەرمان و کارە پیرۆزە بە هەل دەزانن و دەیقۆزنەوە و لێرە و لەوێ دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کار و ڕەفتاری ناشیرین و قبووڵنەکراو دەکەن، تاوەکو تووشی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەیان بکەن، هاوکات لەم ئۆپەراسیۆنەی دواییشدا وەکو پیشەی هەمیشەییان چەکدارانی پەکەکە چەندین شوێنی گرنگ و ستراتیژییان دووبارە بۆ سوپای تورکیا چۆڵ کردووە، بۆ نموونە چیای مەتین و گارە.

**ئەو چەکدارانەی پەکەکە و ژمارەیەکی زۆرتریشیان لە قەندیل و شوێنی دیکەش مووچە و هاوکاری لە شیعەی عێراقی سەر بە ئێران وەردەگرن**

**چەکدارانی پەکەکە بە هیچ شێوەیەک ئەو توانا و هێز و چەکەیان نییە بتوانن بەرەنگاری بکەن، یان شەڕ لەگەڵ سوپایەکی وەکو تورکیا بکەن، بەڵکو مەبەستی سەرەکییان وێرانکردن و تێکدانی بارودۆخ و ڕەوشی سەقامگیری هەرێمی کوردستانە**

**پەکەکە زۆر مەبەستیانە شەڕێکی براکوژی لەنێوان کورد لە باشووری کوردستان دروست بکەن کە بەم هۆیە خۆیان چەند زەرەرمەند بن لە لایان گرنگ نییە**

**هێزی پێشمەرگە ئەو فەرمان و بڕیارەی جەنابی سەرۆک بارزانی جێبەجێ دەکات، کە فەرموویەتی نابێت شەڕی کورد و کورد بە هیچ جۆرێک جارێکی دیکە ڕوو بدات و شەڕی کورد لەگەڵ کورد حەرامە**



# بەشێک لە زیانە ژینگەیی و ژیارییەکانی دیاردەی پەنابەری و ئاوارەبوون

شار بە درێژایی مێژوو پەیوەندییەکی تایبەتی هەبووە لەگەڵ ڕەفتاری مەدەنییانەی دانیشتووانەکانیدا لە ڕووی پابەندبوونیان بە سیستمێکی تایبەتیی ڕۆشنبیریی و بەها و ڕەفتاری ناسراو بە مەدەنییەت و مامەڵەکردنێکی شارستانییانەش لەگەڵ یەکدی و لەگەڵ خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا.

شارەکان لە بنەڕەتدا بەپێی بنەما و پلانێکی زانستی بنیاد دەنرێن، بە بوونی ژێرخانێکی تەواوکار و یەکەی نوێی نیشتەجێبوون، بەڵام شارەکان لە ئەمڕۆدا زۆرێك لە سیفاتە شارستانی و ژیارییەکانی خۆیان لەدەست داوە و لە شارەوە خەریکە دەبنە کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون، بەتایبەت لەگەڵ پەیدابوونی شەپۆلی یەك لە دوای یەکی پەنابەر و ئاوارە بە هۆکاری جیاوازی وەك:

١- هۆکاری سرووشتیی وەك وشکەساڵی و گۆڕانی کەشوهەوا.

٢- لاوازیی گەشەپێدان لە گوند و ناوچە پەراوێزخراوەکان.

٣- بوونی هەلی کار لە شارەکاندا.

٤- هۆکاری وەك جەنگ و شەڕ و ململانێی سەربازی.

ئەم هۆکارانە و زۆری دیکەش دەبنە مایەی سەرهەڵدانی زۆر دیاردەی نامۆ بە شارستانییەت و پێچەوانە لەگەڵ ڕەفتاری ژیاری لەنێو شارەکاندا وەك:

یەکەم: دروستبوونی نشینگەی لە تەنەکە و نایلۆن دروستکراو و بنیادنانی هەڕەمەکی:

ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی دیاردەی دیکەی وەك:

١- شکستهێنانی شار لە گرتنەخۆی ئەو هەموو خەڵکەی کە خزمەتی زیاتریان دەوێت.

٢- نەمانی ڕۆڵی پلانسازیی نەخشەکێشانی زانستییانە.

٣- دەرکەوتنی دیاردەی سەرپێچیکردن لە یاسا و ڕێنماییەکانی شارەوانی و ژینگە و تەندروستی.

٤- بە تێپەڕبوونی کات ئەو کۆمەڵگە نایاساییانە زیاد دەبن و، دەبنە گەڕەکی گەورەی دوور لە خزمەتگوزاری و ژێرخانی پێویست.

دووەم: چالاکیی هەڕەمەکی و بازرگانیی نارێکخراو:

بە هۆی ئەمەشەوە چەند دیاردە دێنە ئاراوە وەك:

١- زیادبوونی خێرای ژمارەی دانیشتووان دوور لە پلان و نەخشەدانان.


٢- کەمبوونی هەلی کار لە چاو ئەو زیادبوونە خێرایەی ژمارەی دانیشتووان.

٣- هەڵکشانی ڕێژەی هەژاری و بێکاری لەنێو دانیشتوواندا.

٤- دەرکەوتنی بازرگانیی سەر شۆستە و چوارڕێیانەکان و فرۆشتن لە ڕێگەی دەستگێڕ و عارەبانە و ئۆتۆمۆبێلی گەڕۆکەوە.

٥- پەنابردنی بێکاران بۆ کاری ڕەش و کارپێکردنیشیان لەلایەن خاوەن کارەوە دوور لە چاوی یاسا.

٦- زیان گەیاندن بە ئابووریی وڵات بە هۆی خۆدزینەوە لە پێدانی ڕسومات و باج.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵانی نووسیوە

سێیەم: دەرکەوتنی کۆمەڵگەی داخراوی خەڵکانی هەمان گوند و هۆز:
ئەمەش نموونەیەکە کە چەند دیاردەیەکی نەخوازراو لەخۆ دەگرێت، وەك:
١- هاتنی خەڵکی یەك ناوچەی دیاریکراو بۆ شارەکان و هاتنەئارای گەڕەك و کۆڵانی تایبەت بە یەك بنەماڵە و عەشیرەت و هۆز و ناوچەی دیاریکراو.
٢- لاوازیی تێکەڵبوونی دانیشتووان لەگەڵ دەوروبەرە شارستانییە نوێیەکان.
چوارەم: پەیدابوونی دیاردەی سواڵکردن و منداڵانی سەرشەقام:
کە لە ئەنجامی ئەمەشدا دیاردەی دیکەی لاوەکی دێنە ئاراوە، وەك:
١- زیادبوونی ژمارەی سواڵکەر و دەرۆزەکاران لە شاردا.
٢- دەرکەوتنی دیاردەی منداڵانی سەرشەقام و سواڵپێکردنیان لە بەرگی بەناو کردنەوە.
پێنجەم: بەخێوکردنی ئاژەڵ لەنێو گەڕەك و شوێنی نیشتەجێبووندا:
کە ئەمەش لە چەند دیاردەیەکی وەك ئەمانەی لای خوارەوەدا دەردەکەون :
١- تەرخانکردنی بەشێك لە رووبەری نێو ماڵان، یان دەرەوەی بۆ ڕاگرتن و بەخێوکردنی ئاژەڵ.
٢- تەرخانکردنی سەربانی ماڵان بۆ بەخێوکردنی مریشك و پەلەوەر.
٣- بەرەڵاکردنی مەڕ و مانگا لەنێو کۆڵان و نزیك شەقامەکان.
شەشەم: نەمان، یان بچووکبوونەوەی گۆڕەپان و شوێنە تەرخانکراوەکان بۆ باخچە و شوێنی حەوانەوە:
ئەمەش بە هۆی دەستدرێژیکردنە سەر ئەم ڕووبەرانە لەلایەن سەرپێچیکارانەوە، زۆر زیانی ژینگەیی و کەلتووریی لێدەکەوێتەوە، وەك:
١- تێکەڵبوونی شوێنی نیشتەجێبوون و شوێنە تەرخانکراوەکان بۆ باخچە و شوێنی حەوانەوە.
٢- دەرکەوتنی دیاردەی بەیەکداچوونی دانیشتووان و زیادبوونی ژاوەژاو.
٣- نەمانی شوێنی تایبەت بە دانیشتنی هاووڵاتیان و شوێنی گەمەی منداڵان.
چی بکرێت بۆ ڕێگرتن لە ڕەفتاری نابەرپرسیارانە و ناشارستانییانەی پەنابەر و ئاوارە؟
یەکەم: پیادەکردنی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە لەبارەی پابەندبوون بە ڕەفتاری بەرپرسیارانە و شارستانییانە.
دووەم: پیادەکردنی یاسا و ڕێنماییەکان و سزادانی هەر سەرپێچییەکی ژینگەیی و ناشارستانی .
سێیەم: ڕێگرتن لە هاتنی بەناو پەنابەر و ئاوارە و، گێڕانەوەی بەشێکی دیکەیان کە لەپاڵ زیانگەیاندن بە ژینگە، کە زیانی کەلتووری و تەندروستیی ژیارییشیان دەبێت لە ئایندەدا.
چوارەم: پابەندکردنی بەشێك لە پەنابەر و ئاوارە بە ژیان لە دەرەوەی سەنتەری شارە گەورەکاندا و دابەشکردنیان بەسەر ڕووبەرەکانی دیکەی نیشتەجێبووندا.
پێنجەم: ڕێکخستنەوەی ناوشار و نشینگە و شوێنی حەوانەوە و فرۆشگە و بازاڕەکان.

پ. د. شوان محەمەدئەمین خۆشناو:

# پێویستە کەرتی تایبەت و حکومەت هاریکار بن بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچووان

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر شوان محەمەدئەمین خۆشناو، بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین، لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە ڕێکارەکانی بەکارخستنی توانای دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان لە هەلومەرجی ئێستادا دەکات، ئاماژە بەوەش دەکات کە وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆکان پێویستیان بە بەستنی کۆنفرانسێکی زانستی و نێودەوڵەتی هەیە بۆ ئەم پرسە و دواجار حکومەت پێویستە کار بە ڕاسپاردە و توێژینەوە زانستییەکان بکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



***وەك دەبینین لە هەرێمی کوردستان ڕێستۆرانت و چێشتخانەکان لە گەشەسەندندان و لەلایەکی دیکەوە لایەنی گەشتوگوزار لە فراوانبووندایە، کەچی تاوەکو ئێستا هەوڵ نەدراوە دەرچووانی بەشی گەشتیاری بەکاربخرێن. هۆکار چییە و چۆن ئەوە چارەسەر دەکرێت؟**

- دیارە هەرێمی کوردستان سەرەڕای دەیان کێشەی کەڵەکەبوو زیاتر لە سی ساڵی ڕابردوودا، بەهۆی هەلومەرجی سیاسی و هەرێمی و نێودەوڵەتی لە لایەك و بارودۆخی ناوخۆیی لەلایەکەی دیکە و نەگەیشتووە بە هەرێمێکی تەواو دامەزراوەیی و بەربەستی زۆری بۆ دروست کراوە. زانکۆ لە وڵاتانی پێشکەوتووی دونیا ئاوەزی کارپێکراوە بۆ پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگە و هێزی وڵاتەکانە، بەڵام وەك ئاماژەمان پێکرد، لە هەرێمی کوردستان ئەو سیستمە بە تەواوی بەرکار نەبووە، تا بتوانین پێشبڕکێ لەگەڵ وڵاتە خاوەن کیان و قەوارە یاساییەکان بکەین. هاوکات فەرهەنگی خزمەتکردنی دڵسۆزانە لای تاکی کورد بە تەواوی بەرجەستە نەبووە، بۆیە زۆربەی گرفتەکان بۆ ئەم هاوکێشەیە دەگەڕێتەوە. لە وڵاتان بۆ ئەم پرسە چارەنووسسازانە، ئامۆژگای تایبەت هەیە، بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکان بە توێژینەی زانستی پلان دادەڕێژن و کار دەکەن بۆ کەمکردنەوەی ئەم ئاریشانە و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو.

*** هۆی چییە خواستی قوتابیان لەسەر بەشە کشتوکاڵییەکان و مێژوو و جوگرافیا و فەلسەفە کەم بووەتەوە؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئەو بەشانە بە بەشی دیکە پڕبکرێنەوە، کە هاوکار بێت لە دەستکەوتنی کار بۆ دەرچووانی زانکۆ؟**

- دیارە دەرچووانی هەر بەشێکی زانستی پێویستە دەلیڤەی کاری بۆ بدۆزرێتەوە. زەوی سەرچاوەی داهات و بژێوی ژیانە، بەداخەوە کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان ڕوو لە کزییە و وەك پێویست

سوودی لێ نەبینراوە، سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکانی کابینەی نۆیەم بۆ هاندانی جووتیاران و کشتوکاڵکردن و بەبازاڕکردنی بەروبوومی خۆماڵی، بەڵام هێشتا لە هەرێمەکەمان شێوازی چاندن سەرەتاییە و ڕووبەرێکی بێ ئەندازەی خاکی بەپیت لە دەشت و دۆڵ و شاخەکانی کوردستان ڕووتە و سێبەرێکی تێدا نییە و سوودی لێ نەبینراوە. بۆیە دەرچووانی بەشی کشتوکاڵ بە نموونە باس دەکەین، دەرفەتی کاریان نییە، بەشەکانی دیکەش بە هەمان شێوە، مێژوو تیشکی ڕابردووە و داهاتوو ڕۆشن دەکاتەوە، لە هەرێمەکان ڕاوێژکردن بە پسپۆڕانی مێژوو نییە، دەرچووانی ئەم بەشە بە ڕێژەیەکی زۆر بە بێکاری دەکەونە بازاڕەکان و ئەوانەی لە مۆڵەکان و پارکەکان و بازاڕەکان کارێك دەکەن، دوور و نزیك پەیوەندی بە پسپۆڕییان نییە، چونکە ئەم بەشانە توێژەر پێدەگەیەنێت، نەك مامۆستا، چونکە وانەکانی دەروونزانی و وانەوتنەوەیان نەخوێندووە، بۆیە ئەم بەشە زانستییانە وەك شوێنەوار، مێژوو، فەلسەفە، کۆمەڵناسی، جوگرافیا و دەروونزانی دەرفەتی دامەزراندنیان زۆر کەمە و هەلی کارکردنیان بۆ نارەخسێت، ئەوەش دەبێتە هۆکاری کەمبوونەوەی خواستی قوتابیان. وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆکان پێویستیان بە بەستنی کۆنفرانسێکی زانستی و نێودەوڵەتی هەیە بۆ ئەم پرسە و دواجار حکومەت پێویستە کار بە ڕاسپاردە و توێژینەوە زانستییەکان بکات.

دەبێت کەرتی تایبەت و حکومەت هەماهەنگ بن لە چارەسەری دەرچووانی زانکۆکان لە هەموو بەشە زانستییەکان، چونکە دوای چوارساڵ خوێندن، هیچ دەرچوویەك نییە شتێك لە پسپۆڕی و بوارەکەی خۆی فێر نەبووبێت، بەڵام بە پەراوێزبوون و دانەمەزرانی، دوای چەند ساڵێك وای لێدێت، تەنیا هەڵگری بڕوانامەیەك بێت و پسپۆڕیی خۆی لەبیر بچێتەوە. بۆیە بەهەر شێوازێك بێت پێویستە بیر لە ئاپۆڕەیەك لە دەرچووانی دانەمەزراو و بێکار بکرێتەوە. سەبارەت بە نموونەکان دەربارەی دەرچووانی بەشی گەشتیاری، گومانی تێدا نییە، ئێمە کێشەی ستافی گەشتیاریمان هەیە لە هەرێمەکەمان، کە گەشتیاری کەرتێکە بڕبڕەی پشتی ئابووریی زۆرێك لە وڵاتانی جیهانە، ناوچە گەشتیارەکانی هەرێم بەراورد لەگەڵ شوێنانی دیکە بێ ناز و هەژارن لە ڕووی خزمەتگوزاری و پاکوخاوێنی و ستافی پێشوازی و بیرۆکەی ڕاکێشانی گەشتیاران، تەنانەت هەندێك جار لەم شوێنانە لە جیاتی گۆڕینی کەشێکی خێزانی بێزاری و خەمۆکی داتدەگرێت، بۆیە ئەگەر سوود لە تواناکانی دەرچووانی ئەم بەشە وەربگیرێت و بە شێوازی ستانداری زانستی بەڕێوەببرێت، بە دڵنیاییەوە کوردستان دەبێتە یەکێك لە تۆپی وڵاتە گەشتیارییەکان.

*** ئەگەر سەیری ڕێژەی قوتابیانی کچ بکەین لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە قۆناغی خوێندنی باڵاشەوە، دەبینین ژمارەی قوتابیانی کچ لە کوڕان زیاتر نەبن کەمتر نین، بەڵام لە بواری کاری حکوومی و سیاسی و بازاڕدا ئەو دەرفەتەی بۆ کوڕان و پیاوان فەراهەم دەبن، بۆ ئافرەتان فەراهەم نابن، هەروەها لەسەر ئاستی کاری ئەکادیمی و زانکۆکانیشدا هێندەی پۆستەکان بەر پیاوان دەکەون، هێندە بەر ئافرەتان ناکەون. ئایا وەك ئەکادیمییەك چۆن سەیری ئەم پرسە دەکەیت؟**

- دیارە کچان و ژنان یان ئافرەتان ڕۆڵێکی کارایان هەیە لە دامودەزگا و فەرمانگەکان، بەڵام ڕێژەیان لە وەرگرتنی پۆستەکان کەمترە لە پیاوان، ئەوە بەشێکی پەیوەندی بە بونیاد و هەڵومەرجی سیاسی هەیە، کە ڕێژەیان دیاریکراوە، بەشێکی دیکەی پەیوەندی بە نەریتی بەڕێوەبردن هەیە لە ناوچەکە بەگشتی، بە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی پیاوان داینەمۆی بەگەڕخستنی سیاسەت و بەڕێوەبردن بوون و شەنگ و توانای سەربازی پیاو بووە و ڕووداوەکانی خولقاندووە و ڕەوتی مێژووی جووڵاندوە. ئەم شێوازە بیرکردنەوانە، لە ئەزموونەکانی پێشترەوە سەرچاوەی گرتووە و تا ئاستێك ڕاستی تێدایە، بووەتە نەریت، جگە لە مەسەلەی ئایین و کۆمەڵێك باسی دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتانی سەرکەوتوو لە دامودەزگاکانی هەرێم توانیویانە شوێن و پێگەی خۆیان بکەنەوە و جێ پەنجەیان دیارە، ڕەنگە هەندێك کار هەبێت پێویستی بە توانای زیاتر هەبێت لە ڕووی جەستەییەوە بۆ کوڕان گونجاوتر بێت، ڕەنگە بەشێکی مەسەلەکە پەیوەندی بە جیاوازی ڕەگەزییەوە هەبێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی توانای هزرییەوە هیچ جیاوازییەك لە نێوان دوو ڕەگەزەکە نییە، بەڵکوو ئافرەتی سەرکەوتوومان هەیە لە شوێنی خۆی کە ڕەنگە پیاو وەك ئەوی پێنەکرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین هەوڵ و تێکۆشانی تاکەکانە ڕۆڵ دەبینێت.

*** ئایا لە هەلومەرجی ئێستادا بە چ میکانیزمێك دەتوانرێت دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان بەکاربخرێن و سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت؟**

- باشترین چارەسەر بۆ ئەم مەبەستە هاوکاریکردنی کەرتی تایبەتە بۆ حکومەت و دۆزینەوەی هەلی کارە، چونکە هیچ حکومەتێك ناتوانێت ئەم ڕێژە زۆرەی دەرچووان دابمەزرێنێت، بەڵکو دەلیڤەی کارکرن و دەستگیرۆیی کردنیان بۆ فەراهەم دەکەن، هەماهەنگی نێوانی کەرتی تایبەت و حکومەت بۆ خستنەگەڕی توانا و وزەی گەنجان، دواجار دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری.

بەڕای من تەنیا بە بەستنی کۆنفرانسێکی زانستی و نێودەوڵەتیی گەورە دەتوانین ئەو بارودۆخە چارەسەر بکەین و سوود لە تواناکانی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان وەربگرین، پاشان ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسەکە بەرکار بکرێت و کاری جددی لەسەر بکرێت.

**فەرهەنگی خزمەتکردنی دڵسۆزانە لای تاکی کورد بە تەواوی بەرجەستە نەبووە و زۆربەی گرفتەکانیش بۆ ئەم هاوکێشەیە دەگەڕێتەوە**

**هێشتا لە هەرێمەکەمان شێوازی چاندن سەرەتاییە و ڕووبەرێکی بێ ئەندازەی خاکی بەپیت لە دەشت و دۆڵ و شاخەکانی کوردستان ڕووتە و سێبەرێکی تێدا نییە**

**ئافرەتانی سەرکەوتوو لە دامودەزگاکانی هەرێم توانیویانە شوێن و پێگەی خۆیان بکەنەوە و جێ پەنجەیان دیارە**

**ئافرەتی سەرکەوتوومان هەیە لە شوێنی خۆی کە ڕەنگە پیاو وەک ئەوی پێنەکرێت**

# بۆچی پرۆژە زۆرەکانی نیشتەجێبوون نەبووەتە هۆکاری چارەسەری کرێنشینی؟



ئەو هەموو یەکەی نیشتەجێبوونە کە بە بەردەوامی لە هەرێمی کوردستان دروست دەکرێن، بۆچی نەبوونەتە هۆکاری کەمبوونەوەی ڕێژەی کرێچی و دابەزینی نرخی خانوو؟ هۆکارەکەی چییە؟ بەردەوام سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێم پێداگری لەسەر فرەچەشنیی داهات دەکەن، کەچی کەرتی بیناسازی(عقارات) و دروستکردنی باڵاخانەکان و یەکەکانی نیشتەجێبوون زۆرترین بایەخی پێدراوە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان زیاتر تاوتوێی ئەم پرسە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



لە هەرێمی کوردستان ڕەوتی پێشکەوتن و ئاوەدانی هەنگاو بە هەنگاو لە پێشوەچووندایە، بە خۆشحاڵییەوە لە کابینەی نۆیەمی حکومەت دەستی ئاوەدانکردنەوە گەیشتووەتە هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لە کەرتی خانووبەرە و یەکەکانی نیشتەجێبوون، کە بەردەوام لە فراوان بووندایە، ئەوەش بووەتە مایەی ئومێدی خەڵکانی کەمدەرامەت و کرێنشینان، بەشێکی ئەو پڕۆژانە بە شێوەی قیستی درێژخایەن بە هاووڵاتیان دەفرۆشرێنەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لێرە و لەوێ دەبینین ئەو ژمارە زۆرەی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون و ئەو ژمارە زۆرەی یەکەکانی نیشتەجێبوون و باڵەخانەی چەند نهۆمی نەبوونەتە هۆی چارەسەری قەیرانی نیشتەجێبوون و کەمبوونەوەی کرێچێتی و کەمکردنەوەی کرێی خانوو و شووقە، لەم ڕوانگەیەوە هاوڵاتییان ئەو پرسە تاو و توێ دەکەن.

عەلی ئیبراهیم حەسەن ڕاوێژکار لە بزنێسی عقارات، ڕای وایە: «دانەبەزینی کرێی خانوو بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانە هەولێری پایتەخت ئارامی و سەقامگیری تێیدا بەرقەرارە، ئەوەش وادەکات بەردەوام خاوەن کار و بزنێس لەو شارەدا بمێننەوە، چونکە پاراستنی سەروماڵیان لە گەرەنتیدایە و تێیدا سەلامەت و پارێزراون. هەروەها بەرجەستەبوونی پاکێجێکی تەواوی خزمەتگوزاری لە بواری خۆشگوزەرانی و پەروەردەیی و فێرکاری و تەندروستی و کۆمەڵایەتی، ئەوانە هۆکارگەلێکن تاوەکو سەرمایەداران پڕۆژەکانیان لەو شارەدا جێبەجێ بکەن، خاڵێکی دی ئەوەیە کە بە هۆی گۆڕانکاری لە کەشوهەوادا خەڵك لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق بەتایبەتی لە وەرزی گەرما ڕوو دەکەنە کوردستان و لە ئێستا و لە ئایندەشدا ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستان دەبنە چەقی وەبەرهێنان، لەلایەکی دیکەوە ناجێگیریی بارودۆخی ئەمنیی وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکانی دەوروبەرمان و لەگەڵ دارمانی ئابووری و بێ بەهابوونی دراوی وڵاتانی دراوسێ وای کردووە بەردەوام خەڵك بۆ دەستکەوتنی هەلی کار و بزنێس ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن، تەنانەت درێژەکێشانی شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا وادەکات بارگرانییەکی زۆر لەسەر وڵاتانی ئەورووپا دروست بکات، پێشبینی دەکرێت لە ماوەی چوار پێنج ساڵی داهاتوو ئەو یەکێتییەی کە هەیە بەناوی یەکێتیی ئەورووپا تووشی لێکترازان ببێت و ڕووبەڕووی دارمانی ئابووری بێت. لەبەر ئەوە لە ئێستاوە خەڵکێکی زۆر بیر لەوە دەکەنەوە کە یەکەی نیشتەجێبوونیان لە کوردستاندا هەبێت، بە تایبەت ئاوارە و پەنابەران و تەنانەت ئەوانەی کە لە ئەورووپا نیشتەجێن، لە هەرێمی کوردستان یەکەی نیشتەجێبوون دەکڕن و ساڵانە کە دەگەڕێنەوە تێیدا نیشتەجێ دەبن، بێ ئەوەی بە کرێی بدەن. هەروەها بەشێك لەو پڕۆژانە کە دەبوو تەواو بێت، بەڵام بە هەر هۆکارێك بێت تەواو نەکراون، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ساڵانە ڕێژەی دانیشتووان زیاد دەکات و لە هەرێمی کوردستان نزیکەی سەد هەزار گەنج پێویستی بە یەکەی نیشتەجێبوون دەبێت، دیارە ئەو یەکە نیشتەجێبوونانەی لە ڕابردوودا دروست کراون، بۆ چینی ناوەند و دەوڵەمەند دروست کراون، نەك بۆ خەڵکی کەمداهات و کرێچی، بۆ ئەو چینەی کۆمەڵگەش پێویستی بە پڕۆژەی تایبەت هەیە و ئەوەش لە بەرنامەی حکومەتی هەرێمدایە و ئێستا کاری لەسەر دەکرێت».

گوڵان حوسێن، چالاکی مەدەنییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە هەموو جیهاندا ناهاوتایی هەیە لە بەردەوامیی ڕێژەی دانیشتووان و شوێنی نیشتەجێبوون، کوردستانیش بەدەر نییە لەم ناهاوتاییە. یەکەی نیشتەجێبوون بەردەوام دروست دەکرێت، بەڵام نەبووەتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی کرێچی، ژمارەی دانیشتووانیش ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوونە، واتە هەرچەندە یەکەی نیشتەجێبوونی زۆر دروست کراون، بەڵام خەڵکی هەژار و کرێچی نەیتوانیوە سوودی لێ وەربگرێت، بە هۆی زۆریی نرخیان زیاتر خەڵکی دەستڕۆیی و دەوڵەمەند سوودیان لەم یەکە نیشتەجێبوونانە وەرگرتووە».

سەبارەت بە چارەسەریش ئەو خاتوونە گوتی: «ئەرکی حکومەت و لایەنی پەیوەندیدارە کار لەسەر ئەوە بکەن، کە خەڵکی هەژار و کەمداهات و کرێچی ببن بە خاوەنی یەکەی نیشتەجێبوون، پێویستە کار بۆ کەمکردنەوەی نرخی خانوو بکرێت، یان بە شێوەی قەرزی درێژخایەن بە هاووڵاتیانی هەژار و کرێنشینان بدرێت».

عوبێد خدر، کۆمەڵناسە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە چەند ساڵی ڕابردوو هەزاران یەکەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لەناو شارەکان دروست کراون، لە سەرەتادا کاریگەرییان لەسەر کرێنشینان هەبوو، بەتایبەت ئەو پڕۆژانەی بۆ کرێچی دروستکران



عەلی ئیبراهیم حەسەن:

**هەولێری پایتەخت ئارامی و سەقامگیری تێیدا بەرقەرارە، ئەوەش وادەکات بەردەوام خاوەن کار و بزنێس لەو شارەدا بمێننەوە، چونکە پاراستنی سەروماڵیان لە گەرەنتیدایە و تێیدا سەلامەت و پارێزراون**



گوڵان حوسێن:

**هەر چەندە یەکەی نیشتەجێبوونی زۆر دروست کراون، بەڵام خەڵکی هەژار و کرێچی نەیتوانیوە سوودی لێ وەربگرێت، بە هۆی زۆریی نرخیان زیاتر خەڵکی دەستڕۆیی و دەوڵەمەند سوودیان لەم یەکە نیشتەجێبوونانە وەرگرتووە**

و بەسەر کرێنشینان دابەشکران، بۆ نموونە شوقەکانی هانا سیتی لە هەولێر ڕێژەیەکی بەرچاو لە خەڵکی کرێنشین لێی سوودمەند بوون، یان پرۆژەکانی (هیران سیتی و ئاشتی سیتی و بیابان و منارە و لاوان و...هتد)، ئەوانە کاریگەریی باشیان لەسەر خەڵکی کەمداهات و داهات سنووردار هەبوو، بەتایبەتی مامۆستا و فەرمانبەران، بەڵام نەبووە هۆی چارەسەری یەکجارەکی کێشەی کرێنشینان، ئەمەش لەبەر ئەو هۆکارانەی خوارەوە:

١ـ ئەو پرۆژانە پێویستیان بە پلانێکی وردتر و دوورمەودا هەبوو، بەتایبەت شوقە بۆ کرێنشینان، یان ئەو پرۆژانەی بۆ نیشتەجێبوون دروست کران. پێویستە توێژینەیەکی ورد لەسەر ڕێژەی کرێنشینان بکرێت و ساڵانە دەفەرت بۆ چەندین کرێنشین دەستەبەر بکرێت و بە شێوەی قیستی درێژخایەن یەکەی نیشتەجێبوون بە کرێچییان بدرێت، بەتایبەتی بەو گەنجانە کە هاوسەرگیری دەکەن، هەروەک لە چەندین وڵات هەیە، یان ئەوانەی هیچ خانوو و زەوییەکیان نییە بۆ نیشتەجێبوون.

٢- دابەشکردنی زەوی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمەوە هەبوو، دەبوایە بە بەرنامەی وردتر زەوی بدرێتە کەسانی شایەن، نەک کەسێ دوو سێ زەوی پێ بدرێت و خەڵکانی کرێچیش لە وەرگرتنی زەوی سوودمەند نەبن. جگە لەوەی لەگەڵ پێدانی زەوی دەبوایە پێداویستی و کەلوپەلی خانووبەرەیان پێ بدرێت، نەوەک لەبەر ناچاری و بۆ بژێوی ژیانی زەوییەکە بفرۆشێتەوە، دواتر هەر لە خانووی کرێ بمێنێتەوە.

٣ـ دەبوایە شارەوانییەکان پلانێکی وردیان لەبارەی دابەشکردنی زەوی هەبوایە، هەر مامۆستایەك، فەرمانبەر، یان پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدانی (٢٠٠ ـ ٢٥٠)مەتر زەوییان پێ نەدرێت، بەڵکو هەر کەسەو ١٥٠ مەتر زەوییان پێ بدرێت، بۆ ئەوەی ئەو زەوییانە دابەشی دوو بەش نەکرێن و کاتێ زەوییەکان دەکرێنە خانوو وەك خۆیان بمێننەوە، ئەمەش کاریگەری باشی لەسەر ئەو نارێکی و جەنجاڵییەی ناو شارەکان دروست نەدەکرد، زۆر لە کۆڵانی گەڕەکەکان لەبەر وەستانی ئۆتۆمبێل ڕێگەی هاتوچۆ نەماوە.

٤ـ لەم چەند ساڵەی دواییدا چەندین زەوی دراوە بە وەبەرهێنەران، بەڵام کراون بە خانووی گەورە و گرانبەها و ڤێلا بۆ دەوڵەمەندەکان، ڕووبەری ئەو خانووانە ٣٠٠ تا ١٠٠٠ مەترن، کە لە توانای کڕینی کەسانی هەژاردا نین.

٥ـ ئەو پرۆژە گەورە و گرانبەهایانەی بیناسازی لە جیاتی چارەسەری گرفتی کرێنشینان بوونەتە هۆی گرانبوونی کرێی نیشتەجێبوون، چونکە بە مەبەستی بازرگانی و قازانج دروست دەکرێن، بەتایبەت کەسانی دەوڵەمەند لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و کەسانی بیانی سوودیان لە پرۆژەکانی بیناسازی وەرگرتووە، لەو پرۆژانە ٢٪ی کورد، یان خەڵکی هەرێمی کوردستانن، ٩٨٪ی کەسانی بیانی کڕیویانە. ئەم بابەتەش لەداهاتوودا کاریگەریی خراپی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت و خەڵکی بیانی لە خەڵکی شارەکە زیاتر دەبێت.

دانیە هەوراز بەڕێوەبەری سەرچاوە مرۆییەکان لە کۆمپانیای حاجی سەلام، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت:»

لە ڕاستیدا ناتوانین بڵێین زۆری پرۆژەکانی نیشتەجێبوون نەبوونەتە هۆکاری کەم بوونەوەی کرێچیەتی، بە پێچەوانەوە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون تا ئاستێکی باش بوونەتە هۆکاری ئەوەی هاوڵاتییان لە کرێچێتی ڕزگاریان بێت، دەتوانم بڵێم ٥٠٪ کێشە و گرفتی هاوڵاتیانی چارەسەر کردووە، بە تایبەتی ئەو پرۆژانەی کە بە شێوازی قیست دروست دەکرێن یان بە پێشەکییەکی کەم دەفرۆشرێنەوە، ئەوەش دەبێتە یارمەتیدەر بۆ خەڵکی کەمدەرامەت بۆ ئەوەی لە کرێچێتی ڕزگاریان بێت، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین لە زۆربوونی کرێچێتی هۆکارەکەی بۆ سروشتی ژیانکردن دەگەڕێتەوە، لە ڕابردوودا کوڕ کە هاوسەرگیری دەکرد ماوەی چەند ساڵێك لە ماڵی باوکی دەمایەوە، بەڵام ئەمڕۆ لە سەرەتای هاوسەرگیرییاندا لە ماڵی جیا ژیان دەستپێدەکەن، دیارە لە سەرەتاشدا توانای کڕینی خانوو یان شوقەیان نابێت و ناچار دەچنە خانووی کرێ.

ئاشکرایە لە هەموو وڵاتانی دونیا کرێنشینی بوونی هەیە بەڵام بە ئاست و ڕێژەی جیا جیا کە دەگەڕێتەوە بۆ سەر باری ئابووری تاکەکان، چونکە هەموو خێزانەکان لە یەك ئاستی ئابووریدا نین، لەلایەکی دیکەشدا شاری هەولێر بەپێی ئەوەی پایتەختی هەرێمی کوردستانە و ناوچەیەکی سەقامگیرە، بزنسکار و خاوەن پرۆژەکان کار و پرۆژەکانیان دەهێننە کوردستان و وەبەرهێنان لێرە دەکەن.



عوبێد خدر:

**ئەو پرۆژە گەورە و گرانبەهایانەی بیناسازی لە جیاتی چارەسەری گرفتی کرێنشینان بوونەتە هۆی گرانبوونی کرێی نیشتەجێبوون، چونکە بە مەبەستی بازرگانی و قازانج دروست دەکرێن، نەوەک چارەسەری گرفتی کرێنشینی**



دانیە هەوراز:

**ئەو پرۆژانەی کە بە شێوازی قیست دروست دەکرێن یان بە پێشەکییەکی کەم دەفرۆشرێنەوە، ئەووش دەبێتە یارمەتیدەر بۆ خەڵکی کەمدەرامەت بۆ ئەوەی لە کرێچێتی ڕزگاریان بێت**

# کۆتایی هاتنی ٥٨مین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «کارلۆڤی ڤاری»








ڕێوڕەسمی کۆتایی پەنجا و هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «کارلۆڤی ڤاری» Karlovy Vary لە شاری کارلۆڤی ڤاری لە وڵاتی چیک بەڕێوەچوو و براوەکانی بەشی پێشبڕکێی سەرەکی «گۆی بلوورین» Crystal Globe و بەشی پێشبڕکێی «پراکسیما» Proxima دیاری کران و خەڵاتی «گۆی بلوورین».

### ● براوەکانی بەشی پێشبڕکێی سەرەکی «گۆی بلوورین»

ئەندامانی لیژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی سەرەکی «گۆی بلوورین» Crystal Globe لە پەنجا و هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «کارلۆڤی ڤاری» کە بریتی بوون لە: «کریستییەن واچۆن» Christine Vachon بەرهەمهێنەر لە وڵاتی ئەمەریکا، «جیۆفرێی ڕاش» Geoffrey Rush ئەکتەر لە وڵاتی ئۆستڕالیا، «سێجون» Sjón سیناریۆنووس و نووسەر لە وڵاتی ئیسلەندا، خاتوو «ئێلیشکا کرینکۆڤا» Eliška Křenková ئەکتەر لە وڵاتی کۆماری چیک، هەروەها «گابۆر رێیس» Gábor Reisz دەرهێنەر، سیناریۆنووس و ئاوازدانەر لە وڵاتی هەنگاریا، دەنگەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:



مارک کازین

### ● خەڵاتی گەورە

**بەڵگە** فیلمی بڵیندی «ڕوانینێکی لەناکاو بە شتە قووڵەکان» A Sudden Glimpse to Deeper Things لە دەرهێنانی «مارک کازین» Mark Cousins فیلمسازی سکۆتلەندی ـ ئیرلەندی، خەڵاتی گەورە گۆی بلوورینی باشترین فیلم و بڕی پارەی ٢٥ هەزار دولاری بەدەستهێنا.

● **خەڵاتی تایبەتی لێژنەی دادوەران**

فیلمی سینەمایی «ئەویندارییەتی» Loveable لە دەرهێنانی خاتوو «لیلیا ئینگۆلفسدۆتیر» Lilja Ingolfsdottir بەرهەمی وڵاتی نەرویج، خەڵاتی تایبەتی لێژنەی دادوەران و بڕیی پارەی ١٥ هەزار دۆلاری پێبەخشرا.

● **خەڵاتی باشترین دەرهێنان**

خەڵاتی باشترین دەرهێنانی ئەم فێستیڤاڵەش بە خاتوو «نێلیسیا لۆو» Nelicia Low بۆ دەرهێنانی فیلمی سینەمایی «کون کردن» Pierce بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی سەنگاپوور، تایوان و پۆڵەندا پێشکەش کرا.

خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژن

خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژن بە «هێلگا گۆرێن» Helga Guren بۆ ڕۆڵ بینین لە فیلمی سینەمایی «ئەویندارییەتی» Love-able بەرهەمی وڵاتی نەرویج بەخشرا.

● **خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو**

خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو، بە شێوەی هاوبەش بە «تون کاس» Ton Kas و «گوێدۆ پۆلیماس» Guido Pollemas بۆ ڕۆڵ بینین لە فیلمی سینەمایی «سێ ڕۆژیی ماسی» Three Days of Fish بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی هۆڵەندا و بەلژیکا پێشکەش کرا.

● **ڕێزلێنانی تایبەتی لێژنەی دادوەران**

ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی سەرەکی «گۆی بلوورین» لە فیلمی سینەمایی «کەوڵکردنی بەرازە خۆشەویستەکەی ئێمە» Our Lovely Pig Slaughter لە دەرهێنانی «ئادام مارتینێک» Adam Martinec بەرهەمی وڵاتی کۆماری چیک و هەروەها فیلمی سینەمایی «خوفتێکس» Xoftex لە دەرهێنانی «نواز دێشە» Noaz Deshe بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی ئەڵمانیا و فەرەنسا بە شێوەی هاوبەش ڕێزیی تایبەتیان لێگیرا.

● **خەڵاتی بینەرانی «پراڤۆ»**

خەڵاتی بینەرانی «پراڤۆ» Právo لەم ڕووداوە هونەرییە بە فیلمی سینەمایی «شەپۆلەکان» Waves لە دەرهێنانی «جیرێی مێدڵ» Jiří Mádl بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی کۆماری چیک و کۆماری سلۆڤاکیا گەیشت.

● **براوەکانی بەشی پێشبڕکێی «پراکسیما»**

هەروەها ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی «پراکسیما» Proxima لەم ڕووداوە گرینگ و پلە یەکەی سینەمای جیهان، کە بریتی بوون لە: خاتوو «بیانکا بالبوئێنا» Bian-ca Balbuena بەرهەمهێنەر لە وڵاتی فیلیپین، «ڤۆتێر یانسێن» Wouter Jansen بڵاوکەرەوەی فیلم لە وڵاتی هۆڵەندا، خاتوو «ئادێلا کۆمیرزی» Adéla Komrzý دەرهێنەر لە وڵاتی کۆماری چیک، «محەمەد کۆردۆڤانی» Mohamed Kordofani دەرهێنەر لە وڵاتی سوودان و هەروەها «دانیێلا میشێل» Daniela Mi-chel بەرپرسی هونەریی لە وڵاتی مەکزیک، دەنگەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

● **خەڵاتی گەورە**

خەڵاتی گەورە و بڕیی پارەی ١٥ هەزار دۆلاری بە فیلمی سینەمایی «نامۆ» Stranger لە دەرهێنانی «ژێنگفان یانگ» Zhengfan Yang بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی ئەمریکا، چین، هۆڵەندا، نەرویج و فەرەنسا بەخشرا.

● **خەڵاتی تایبەتی لێژنەی دادوەران**

خەڵاتی تایبەتی لێژنەی دادوەران و بڕیی پارەی ١٠ هەزار دۆلاری ئەم بەشەش بە بەڵگە فیلمی بڵیندی «شەو داهات» Night Has Come لە دەرهێنانی «پاوڵۆ تیزۆن» Paolo Tizón بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی پیرۆ، ئیسپانیا و مەکزیک و هەروەها فیلمی سینەمایی «مارس تا مایی» March to May لە دەرهێنانی «مارتین پاوڵ ڕێپکا» Martin Pavol Rep-ka بەرهەمی وڵاتی کۆماری چیک گەیشت.

● **خەڵاتی «سەرۆکی فێستیڤاڵ» بە «ئیڤان ترۆجان» و «کلایڤ ئۆوێن»**

لە درێژەی ئەم ڕێوڕەسمەدا، خەڵاتی «سەرۆکی فێستیڤاڵ» لە لایەن «جیری بارتۆشکا» Jiří Bartoška بەرپرسی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «کارلۆڤی ڤاری» بە «ئیڤان ترۆجان» Ivan Trojan ئەکتەری ناوداری وڵاتی چیک و «کلایڤ ئۆوێن» Clive Owen ئەکتەری بەریتانی پێشکەش کرا.

● **نمایشی فیلمی سینەمایی «سێو» لە بەرهەمهێنانی «کێت بلانشێت»**

لە ڕێوڕەسمی کۆتایی پەنجا و هەشتەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «کارلۆڤی ڤاری»، فیلمی سینەمایی «سێو» Apples لە دەرهێنانی «کریستۆس نیکوو» Christos Nikou، لە بەرهەمهێنانی «کێت بلانشێت» Cate Blanchett و بە ڕۆڵ بینینی «جێسی بۆکلێی» Jesse Buckley و «ریز ئەحمەد» Riz Ahmed نمایش کرا.



لیلیا ئینگۆلفسدۆتیر



نێلیسیا لۆو


هێلگا گۆرێن


نواز دێشە


جیرێی مێدڵ



ژێنگفان یانگ

# سەلما بەرگری لە ئافرەتان دەکات



سەلما حایکی خانمە ئەکتەری مەکسیکی بە ڕەچەڵەک لوبنانی، ڕەخنەی لە هۆڵیوود گرت و تۆمەتباری کرد بەوەی بە شێوەیەکی ناعەقڵانی چاوپۆشی لە ئافرەتان دەکات.

ئەم ئەستێرە نێودەوڵەتییە، باسی لەوە کرد هۆڵیوود لە سەلیقەی ئافرەتان تێناگات و لەسەر شاشەکان بەهرەکانیان ناناسێت و ڕێزی زیاتری ئەکتەرە پیاوەکان دەگرێت بەراورد بە هاوتا ئافرەتەکانیان لە ڕووی دارایی و داڕشتنی گرێبەستەکانیان ئاشکرا کرد و سەلما لەم بارەیەوە زیاتر دەڵێت «ئەمە ڕێگە بە ئەکتەرەکان دەدات نارەزایەتی بکەن». ئاماژەی بەوەشدا کە ئەو فیلمانەی ئافرەتان مووچەی زیاتر لە پیاوان وەردەگرن تەنها فیلمی پۆرنۆگرافییە، ئافرەتە ئەستێرەکان ناتوانن حەقدەستەکانیان بەرزتر بکەن، چونکە دەرفەتیان بۆ نارەخسێت توانا و بەهرەکانیان پیشان بدەن، و تەنانەت ئەگەر وایش بێت توانیان داهات بۆ فیلمەکانیان بهێنن، شانازیی بۆ هەرکەسێک دەکرێت کە ڕۆڵی سەرەکی پیاوی بەرامبەری لە فیلمەکەدا بینیبێت.

لە میانی بەشداریکردنی لە سیمپۆزیۆمێکی یەکسانی جێندەری کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەڕێوەچوو، حایک دانی بەوەدانا کە پێشتر ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر ڕۆڵگێڕان بەهۆی سەرسامبوونی بە هەستی نوکتە و زیرەکیی. ئەو کارەکتەرەی کە ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت، بەڵام سەری سوڕما کاتێک فیلمەکە پێشکەش کرا ئەم جۆرە دیمەنەی سڕیەوە، بۆ ئەوەی «ڕووناکی» ئەو ئەستێرەیەی کە هاوکارە لە فیلمەکەدا نەکوژێتەوە.

# لەتیفا: هەمیشە حەز دەکەم کاری مەترسیدار ئەنجام بدەم



دوای دابڕانێکی کورت بەهۆی کۆچی دوایی دایکییەوە جارێکی دیکە خانمە گۆرانیبێژی تونسی لەتیفا بە چەند بەرهەمێکی هونەری نوێ دەگەڕێتەوە.

لەتیفا لە دیمانەیەکیدا سەبارەت بە بارودۆخی تایبەتی خۆی دەڵێت: لە ماوەی رابردوودا ناخۆشترین ڕۆژ و هەفتە سەختەکانم بەسەر بردووە، دوای ئەوەی دایکم کۆچی دوایی کرد، ژیان سەخت بوو، نەمتوانی گۆرانی بڵێم، یان لە ستۆدیۆ و لەسەر شانۆ بوەستم، بۆ ئەوەی لەگەڵ ژیان و دۆخی نوێدا خۆم بگونجێنم، و لێرەوە سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە، پرسە و سەرەخۆشییان پێشکەش کردم تەنانەت ئەوانەی نەیانتوانی ئامادەبن.

سەبارەت بە بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد لە گۆرانیەکانی ئەلبومە نوێیەکەیدا ڕوونیکردەوە: بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد بیرۆکەی دەرهێنەر وەلید نەسیف بوو، کە لە چوار ڤیدیۆ کلیپدا پێکەوە کارمان بە بەکارهێنانی ئەم تایبەتمەندییە، ئەویش لە زیرەکیی دەستکرد دەخوێنێت، بۆیە ئێمە ٣ مانگە تەواو کاریان لەسەر کردووە بۆ من بیرۆکەکە جیاوازە و بوێرە، و مەترسییەکی هەیە، بەڵام هەرکەسێک لەتیفا بە باشی بناسێت دەزانێت کە من حەز دەکەم کاری مەترسیدار ئەنجام بدەم، و بەبێ ئەنجامدانی کاری مەترسیدار نەدەبووم گۆرانی بڵێم.

سەبارەت بە نیگەرانییەکانی لە زۆر بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد، وتی: ئەگەر بە شێوەیەکی دروست بەکاربهێنرێت، سوودی دەبێت بۆ هونەر دەبێت بەپێی دیدگایەک و پاساوێک بەکاربهێنرێت، چونکە دووبارەکردنەوەی بەکارهێنانی بەبێ پێویست سوودی بۆ گوێگر یان بینەرە لە ڕووی هونەریەوە.

سەبارەت بە گەڕانەوەی بۆ سینەما، ئاماژەی بەوەکرد: سینەما بۆ من وەک گۆرانی وتن وایە من زۆرم پێ خۆشە و ڕۆژێک تێناپەڕێت بەبێ ئەوەی لانیکەم دوو فیلم ببینم ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ نواندن ئەوا دەگەڕێمەوە بۆ سینەما. بەتایبەتی گۆرانی وتن لە سینەما، بەڵام تا ئێستا هیچ کارێک نییە.

# هونەرمەندان باس لە گرنگیی پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون دەکەن

**لە هەموو قۆناغەکاندا سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆڵی بەرچاوی هونەرمەندانی لە پرسە نیشتمانییەکاندا لەبەرچاو بووە.**
**ماوەی دوو ساڵ دەبێت هەوڵێك دراوە لەلایەن کەمپینی هونەرمەندان بۆ سەربەخۆیی کوردستان، کەوا پرۆژەیەکی نیشتەجێبوونی ناوازەی تایبەت لە ڕێی کەرتی تایبەتەوە بۆ هونەرمەندان دروست بکرێت بەناوی (هونەرمەندان ستی) کە تایبەتە بە هونەرمەندان و پێداویستیی زۆری هونەریشی تێدایە و**



**قادر ئەسعەد:**
هونەرمەندان سیتی گەڕەکێك لە پێشەنگی و جوانی، دەروازەیەك ڕوو لە شارستانییەت، بەو ئومێدەی لە ئایندەیەکی نزیکدا پیاسەیەك لە نێو کۆڵان و دەروازەکانیدا بکەین.



**ئەحمەد سالار:**
هونەرمەندان سیتی پرۆژەیەکە بە قەد باڵای هونەرمەندان، پێویستە پشتگیری بکرێ و هەرچی زووە بێتە دی.



**بەکر ڕەشید:**
پرۆژەی هونەرمەندان سیتی پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ هونەرمەندانی کوردستان و ئومێد دەکەین بێتە دی.



**نزار سەلامی:**
هونەرمەندان سیتی جوانترین سوپرایز دەبێت بۆ هونەرمەندان.



**کەریم بایز:**
هونەرمەندان سیتی پرۆژەیەکی زۆر گرنگ و باشە شایانی هونەرمەندانە.



**هانا کاوە:**
هونەرمەندان پێویستیان بە پرۆژەیەکی جوان و نازدار هەیە وەك پرۆژەی هونەرمەندان سیتی.



**ڕوپاک عەبدولقادر :**
لە ئێستادا هونەرمەندان ستی پرۆژەکی تا بڵێی گرنگ و باشە بۆ هونەرمەندان، بەڵام زۆر بە ئاگاداری و ڕێکوپێکی و بەپێی هونەرمەندێتی و خزمەتکردن بدرێت بە هونەرمەندان.

**محەمەد ئیسماعیل:**
هونەرمەندان سیتی جوانترین پرۆژەیە تا ئێستا بۆ هونەرمەندان بکرێت، ئەگەر جێبەجێ بکرێت!
هیوادارم هونەرمەندان ئەو توانایەیان هەبێت ببنە خاوەن شوێنێك لەم پرۆژەیەدا، جوانییەکەی لەوەدایە هونەرمەندان لە هەمان گەڕەك جێنشین دەبن، ئاگایان لە چالاکییە هونەریەکانی یەکتر دەبێت.



**ئاشنا عومەر:**
جێگەی دڵخۆشییە لە پرۆژەی وەبەرهێناندا بیر لە هونەرمەندان بکرێتەوە، کاتی ئەوە هاتووە ڕێز لە هونەرمەندان بگیرێت، هیوادارم ئەم پرۆژەیە یەکسانی و دادپەروەریی تێدا ڕەچاو بکرێت و بەبێ جیاوازیی هونەرمەندان تێیدا سوودمەند بن.



# شتەجێبوون بۆ نزیک کردنەوەیان دەکەن



**ئاسانکاریی زۆریش بۆ هونەرمەندانی کوردستان دەکات، کە ببن بە خاوەنی یەکەی نیشتەجێبوونی خۆیان و لە شوێنێکی شایستە بەخۆیاندا کۆببنەوە و ژیان بەسەر بەرن و ئاگاداری جموجوڵی هونەریی یەکدی بن.**
**پڕۆژەکە تا ئێستا ڕەزامەندیی لەسەر نەدراوە، لەم بارەوە هونەرمەندانی کوردستان بۆچوونیان دردەبڕن.**

**عەلی کەریم:**
هونەرمەندان ستی پڕۆژەیەکی گرنگ و پیرۆزە هیوادارم هەرچی زووە بێتە دی.





**مەهدی ئومێد:**
هەموومان چاوەڕێین سەرۆکی حکومەت ئەو شانازییە گەورەیە تۆمار بکات و هونەرمەندان سیتی بێتە دی.

**نەرمین کاوانی:**
حکومەتی هەرێم شانازییەکی گەورەی مێژوویی تۆمار دەکات بە جێبەجێکردن و ڕەزامەندیدان لەسەر پڕۆژەی هونەرمەندان سیتی.



**خەرمان هیرانی:**
هیوادارم پڕۆژەی هونەرمەندان سیتی بەس هیوایەك نەبێت.





**شادیە جەزا:**
هونەرمەندان سیتی دەبێتە دەستکەوتێکی گەورەی سەرۆکی حکومەت ڕێزدار مەسرور بارزانی.

**عەبدولی حەمە جوان:**
بیرکردنەویەکی جوانە، ئەگەر ئەم پڕۆژەی هونەرمەندان ستییە پشتگیری بکرێ، شانازییەکی گەورە دەبێ بۆ هونەرمەندان.



**حەمە عەلی خان:**
هونەرمەندان سیتی خەونی هەموو هونەرمەندانی کوردە زۆر گرنگە بێتە دی.



**نەژاد نەجم :**
هەر حکومەتێك بیر لە هونەرمەندانی بکاتەوە و پڕۆژەی جوانیان بۆ بکات، مایەی ستایش و پێزانین و سوپاسە، هیوادارم هەرچی زووە هونەرمەندان سیتی بێتە دی.



**ئەرسەلان دەروێش:**
پرۆژەی هونەرمەندان ستی کارێکی بەهادار و گرنگە، هیوادارم حکومەتی کوردستان ژمارەیەك لەو یەکەی نیشتەجێبوونانە بە دیاری ببەخشێت بە خانەوادەی هونەرمەندانی شەهید و کۆچکردووی کوردستان.



هاوژین دڵشاد

یاریزانی تۆپی فوتساڵی یانەی ڕواندز:

# بۆ بەرەوپێشچوونی فوتساڵ پێویستە بەرپرسان پشتگیریمان بکەن

*** ئاستی یاریی فوتساڵ چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- تا ڕادەیەك باشە، بەتایبەتی بۆ کچان کە بتوانن خۆیان بەرەوپێش ببەن، بە بۆچوونی من یاریکردن لە یاریگەی فوتساڵدا چێژبەخشترە وەك لە یاریگەی گەورە.

*** کەمیی پاڵەوانێتی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- کەمیی پاڵەوانێتی وا لە یاریزان دەکات کە ئاستی بەرەوپێش نەچێت، بێگومان یاریزان تاوەکو یاریی زیاتر بکات ئاستی باشتر و بەرەوپێش دەچێت.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

- بۆ بەرەوپێشچوونی یاریی فوتساڵ پێویستە پاڵەوانێتیی زیاتر ئەنجام بدرێ و بەرپرسان پشتگیریمان بکەن لەم یارییە، واتە چەند پشتگیریی زیاتر بێت، بێگومان بەرەوپێشچوونێکی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێ.

*** گرفتی وەرزشیی یاریی فوتساڵ لە چیدا دەبینی ؟**

- وەك خۆم زیاتر لە یاریگە کە هەندێك یانە خزمەتێکی وا باشی یاریگەکەیان نەکراوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی کێشە لە کاتی یاریکردندا.

*** لەلایەن یانەکانەوە گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

- بەڵێ لە یانەی ئەمانەی بەغدا گرێبەستم کردووە بۆ ماوەی یەك وەرز.

*** بەنیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**

- وەکو یاریزانێکی لاو بەهیوای ئەوەم بتوانم یاری بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقی بکەم بە هەوڵ و ماندوو بوونی خۆم و بە پشتگیریی خوای گەورە دەگەمە ئەو ئاواتەم.

*** یاریکردن لە یاریگەی فوتساڵ یان یاریگەی گەورە ئاسانترە بۆ ئێوەی یاریزان ؟**

- بە بۆچوونی من زەحمەت نییە باشە، بەڵام یاریکردن



**قەزای ڕواندزی سەر بە ئیدارەی سەربەخۆیی سۆران یەکێکە لەو شارانەی کوردستانە کە گرنگیی زۆر بە یاریی تۆپی پێی کچان دەدات، کچە یاریزانانی ئەو قەزایە بەردەوام لە ڕکابەریی سەرسەختی یانەکانی دیکەی کوردستان و عێراقدان لە یاریی فوتسالدا، لە زۆربەی چالاکییە وەرزشییەکاندا ساڵانە تیپە جیاوازەکان بەشدارن لە خولەکانی عێراق و کوردستان، یانەی ڕواندزیش یەکێکە لەو یانانەی گرنگیی زۆر بە بواری وەرزشی دەدەن لە سەر ئاستی ئافرەتان، تیپی فوتساڵی یانەکە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە کە ساڵانە لە هەریەك لە خولەکانی کوردستان و عێراقدا بەشدارن، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش (هاوژین دڵشاد)ـە، کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکەی لەسەر ئاستی کوردستان، هاوژین لەدایکبووی ساڵی ٢٠١٠ی قەزای ڕواندزی سەر بە ئیدارەی سەربەخۆیی سۆران، لە خولی عێراقی بۆ هەریەك لە یانەکانی ئەمانەی بەغدا و لە خولی کوردستان بۆ یانەی ڕواندز یاریی کردووە، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

لە فوتساڵدا ئاسانترە وەك لە یاریگەی گەورە.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

- داواکارم هاوکارمان بن چ لە ڕووی پێداویستیی وەرزشییەوە بێ یان یاریگە، یان هەر شتێك کە بۆ یاریزانان پێویستە.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یاریزانێك؟**

- خەونی من یاریکردنە بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقی..

*** بەهیوای ئەوە نیت کە هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە بیت؟**

- بێگومان زۆر دڵخۆش دەبم کە هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێت، هەموو یاریزانێکی کوردیش ئەو حەزەی هەیە.

*** لە دوو خولدا بەشداریت، کوردستان و عێراق کامەی بەهێزترە؟**

- خولی عێراقی بەهێزترە، بەڵام خولی کوردستان چێژبەخشترە.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- کریستانۆ ڕۆناڵدۆ.

*** یاریکردن بە درێسی هەڵبژاردەی عێراقی چ هەستێك بە یاریزانان دەبەخشێ؟**

- بێگومان هەستێکی خۆشە کە ڕەنگە ئاواتی نیوەی یاریزانان بێت کە بۆ هەڵبژاردەی عێراقی یاری بکەن..

*** سەرکەوتن چ هەستێك دەگەینێ لای تۆ؟**

- سەرکەوتن بەندە لەسەر هەوڵ و تواناکانی یاریزان و ڕاستگۆیی لەگەڵ خۆت و خودای گەورە، بێگومان ئەوەی کە هەوڵی خۆی بدات و ماندووبێ سەرکەوتن دەبینێ.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤارەکەتان کەوا پشتگیریی یایزانەکانی کوردستان دەکات، کە لە ڕێگەی ئێوەوە باشتر دەناسرێن.



# مۆراتا و ئەتلەتیکۆ جیابوونەوە

ئەلڤارۆ مۆراتا ڕۆیشتنی لە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید ڕاگەیاند.
مۆراتا وەرزی ڕابردوو لەگەڵ یانەکەی توانی لە ٣٣ یاری لە خولی ئیسپانی ١٥ گۆڵ و ٣ ئەسیست تۆماربکات.
لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ٥ گۆڵ و ئەسیستێکی هەبوو.
بەپێی ئاماژەکان یانەی ئەی سی میلان نزیکترینە بۆ گواستنەوەی مۆراتا.
مۆراتا لێدوانی بۆ ڕۆژنامەکانی ئیتاڵیا داوە و گوتویەتی: بەمنزیکانە پشکنینە پزیشکیەکان ئەنجام دەدەم و پاشان پەیوەندی بە یانەی میلان دەکەم و ماڵئاواییم لە تیپەکەم و یاریزانان وسیمیۆنی ڕاهێنەر کردووە.
لە درێژەی لێدوانەکەیدا ئەلڤارۆ ئاماژەی بەوەکردووە، کە چیتر نەیدەتوانی زیاتر پێشکەش بکات لەگەڵ ئەتلەتیکۆ و باشترە جیابیتەوە لەوەی، کە نەتوانێت ١٠٠٪ی ئاستی خۆت پێشکەش بکەیت و بەدەستهێنانی جامی یۆرۆ شانازییە بۆ یانەی ئەتلەتیکۆ.
مۆراتا بە ئەزموونێکی زۆرەوە ڕوودەکاتە ئەی سی میلان، کە پێشتر لە سێ خولی جیاواز یاریکردووە ئیسپانی، خولی ئینگلیزی لەگەڵ چێلسی وخولی ئیتاڵی لەگەڵ یۆڤانتوس تاقیکردووە.



# هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە بێ ڕاهێنەر مایەوە

بەفەرمی گاریس ساوسگەیت دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە پۆستی ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا ڕاگەیاند.
ماڵپەری فەرمی یەکێتیی تۆپی پێی ئینگلتەرا ڕایگەیاند، گاریس ساوسگەیت دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشکردووە و واز لە ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا دەهێنێت.
ساوسگەیت لە هاوینی ساڵی ٢٠١٦ پۆستی ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی ئینگلتەرای وەرگرت.
ڕاهێنەرەکەی ئینگلتەرا لەگەڵ هەڵبژاردەکەی ١٠٢ یاری ڕاهێنەرایەتی کردووە و توانیویەتی لە هەردوو یۆرۆی ٢٠٢٠ و ٢٠٢٤ ئینگلتەرا بگەیەنێتە یاری کۆتایی.
بە گوێرەی زانیارییەکانی ڕۆژنامەکانی بەریتانیا، هەریەك لە ئێدی هاو و ماوریسیۆ پۆچێتینۆ پاڵێوراون بۆ وەرگرتنی پۆستی ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی ئینگڵتەرا.

# پاریس سانت جێرمان لەپێناو یاریزانێک کارێکی سەرسوورهێنەر دەکات

یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی لە بەرانبەر گواستنەوەی ڤیکتۆر ئۆسیمین هێرشبەری ناپۆلی، دەستبەرداری سێ یاریزانی یانەکەیان دەبن.
ئۆسیمین لە سالانی ڕابردوویەکێک بووە لە یاریزانە سەرەکییەکانی یانەی ناپۆلی و ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕکابەرییەکانی خولی ئیتاڵی بینیوە و سەرنجی گەورە یانەکانی ئەورووپای ڕاکێشاوە.



ئۆسمین ساڵی ڕابردوو گرێبەستێکی نوێی لەگەڵ یانەی ناپۆلی مۆرکرد، کە یەکێک لە بڕگەکانی هەر یانەیەک ئارەزووی کڕینی هەیە دەبێت بڕی ١٣٠ ملیۆن یۆرۆ بداتە ناپۆلی.
ڕۆژنامەکانی ئیتاڵیا هەفتەکانی ڕابردوو هەواڵی گرنگیدانی پاریس سانت جێرمان کرد بۆ گواستنەوەی ئۆسیمین، ئێستاش باس لەوەدەکرێت، کە ڕۆبێرتۆ کالێندا بەڕێوەبەری کارەکانی یاریزانە نێجیرییەکە لە پاریسە و لەگەڵ بەڕێوەبەرانی پاریس سانت جێرمان گفتوگۆی لەسەر گواستنەوەی ئەنجامداوە.
ڕۆژنامەکانی ئیتاڵیا بڵاویانکردۆتەوە، کە یانەی ناپۆلی بەڕێوەبەرانی یانە فەرەنسییەکە و بەڕێوەبەری کارەکانی ئۆسییمین ئاگادارکردووە، کە ئامادەن لە بەرانبەر گواستنەوەی ئۆسمین هەریەکە لە کارلۆس سۆلێ و نۆردی مۆکیلی و لی کانگ ئین وەک سێ بژاردەی پاریس سانت جێرمان بۆ فرۆشتن بە ناپۆلی ڕاگەیەندراوە، بەڵام تا ئێستا بڕیاری کۆتایی ناپۆلی دیارنییە.



# تارمی چووە خولی ئیتاڵی

مەهدی تارەمی هێرشبەری ئێرانی یانەی پۆرتۆی پۆرتوگاڵی بەفەرمی پەیوەندی بە ڕیزەکانی ئەنتەر میلانی ئیتاڵی کرد.
ماڵپەری فەرمی یانەی ئەنتەر میلان بڵاویکردەوە، لەگەڵ مەهدی تارەمی هێرشبەری ئێرانی یانەی پۆرتۆی پۆرتوگاڵی گەیشتنە ڕێککەوتن و ئەو یاریزانە دوای تەواوبوونی گرێبەستەکەی لەگەڵ یانە پۆرتوگاڵیەکە، بێ بەرانبەر و بۆ ماوەی سێ وەرز پەیوەندی بە یانەکەیانەوە کرد.
ماڵپەری فەرمی یانەی ئەنتەر میلان هیچ ئاماژەیەکی بەمووچەی ساڵانەی ئەو یاریزانە نەکردووە، بەڵام سەرچاوە ڕۆژنامەوانیەکانی ئیتاڵیا باس لەوە دەکەن، هیرشبەرە ئێرانیەکە ساڵانە سێ ملیۆن یۆرۆ وەکو مووچەی پێدەدرێت.
تارەمی لە ساڵی ٢٠٢٠ پەیوەندی بە پۆرتۆ کرد و لەگەڵ ئەو یانەیە بەشداری ١٨٢ یاریکرد و توانی ٩١ گۆڵ و ٥٦ ئاسیست بکات.



# زانیاریی گرنگ سەبارەت بە کۆلیسترۆڵ

ئەوە روونە کە ئاستی بەرزی کۆلیسترۆڵ بەتایبەتی کۆلیسترۆڵی خراپ لە خوێندا ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ زیاد دەکات، بەڵام لێکۆڵینەوەکان جەختیان کردووەتەوە کە ئاستی بەرزی کۆلیسترۆڵ پەیوەندی بە زیادبوونی گەلێک گرفت و نەخۆشیی ترەوە هەیە، بۆنموونە:

- کۆنترۆڵکردنی ئاستی کۆلیسترۆڵی خوێن ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی پرۆستات کەم دەکاتەوە.
- ئاستی بەرزی کۆلیسترۆڵ کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر توانا و فرمانەکانی مێشك بەتایبەتی توانای بیرهاتنەوە.
- بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵی خوێن پەیوەندی هەیە بە زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی ئەلزهایمەر.
- ئاستی کۆلیسترۆڵ لە خوێندا بەرزدەبێتەوە لەپاش تەمەنی وەستانی یەکجارەکی سووڕی مانگانەی ئافرەت Menopause و ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ زیاد دەبێت.
- پێویستە کە پشکنینی رۆتینی کۆلیسترۆڵ لە تەمەنێکی زوو ئەنجام بدرێت، بۆنموونە لە تەمەنی ٢٠ ساڵی و بەسەرەوەدا هەر ٥ ساڵ جارێك.
- چەورە تێرەکان Saturated و چەوری نێوەندەکان Trans fats رۆڵی گەورەیان هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵدا.
- ئاستی بەرزی کۆلیسترۆڵ تاکە هۆکاری هاندەر نییە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، هەروەها ئاستی نزمی کۆلیسترۆڵ تاکە رێگەی خۆپاراستن نییە لە نەخۆشیی دڵ، بەڵکو گەلێك هۆکاری دی ئەگەری نەخۆشیی دڵ بەرزدەکەنەوە وەکو: ئاستی بەرزی چەوریی گلیسریدە سیانییەکان TG، جگەرەکێشان، کەمیی جووڵە و ئەنجام نەدانی مەشقی وەرزشی، قەڵەوی، نەخۆشیی شەکرە، هەروەها بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن.

# هۆکارەکانی لەدەستدانی هەستی بیستن



لەدەستدانی هەستی بیستن Hearing loss لەوانەیە کە لەدەستدانی گشتی Total یان تەنیا بەشێك لە بیستن Partial واتە گرفت لە بیستنی دروستی دەنگەکاندا، کە حاڵەتێکی باوە لە هەر تەمەنێکدا، لەوانەیە لە یەك یان لە هەد دوو گوێیەکاندا ڕوو بدات. هۆکارەکان: ژاوەژاو لە شوێنی کاردا، زەبر یان بریندار بوونی سەر یان گوێیەکان، کە لەوانەیە ببێتە هۆی لەدەستدانی هەمیشەیی هەستی بیستن، گۆڕانی کتوپڕی پەستانی هەوا لەکاتی سەفەر بە فڕۆکە یان چوونە ژێر ئاو، کە زیان بە پەردەی گوێ یان گوێی ناوەوە دەگەیەنێت، زیانی لابەلای بەکارهێنانی دەرمانی وەکو ڤیاگرا یان دەرمانی شێرپەنجە لەگەڵ چەند دەرمانێکی دژەژی، جەڵتەی گوێ Ear stroke کە بریتییە لە لەدەستدانی کتوپڕی هەستی بیستن لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، کە تا ئێستا هۆکارەکەی بە تەواوی نازانرێت، دەنگی تەقینەوەکان کە نزیك بن، دەبنە هۆی پەیدابوونی شەپۆلی بەهێزی دەنگ و دڕانی پەردەی گوێ یان تێکدانی گوێی ناوەوە، زرینگەی گوێ Tinnitusپاش کۆنسێرتەکان کە ئاستی دێسیبلی دەنگ لە ٨٥ زیاتر بێت، زیاد بەکارهێنانی هێدفۆن یان (ئیربەد Earbuds) بۆ گوێگرتن لە میوزیك بە دەنگی بەرز، زیاد کۆبوونەوەی مۆمی گوێ لە کەناڵی گوێدا، بەساڵاچوون، چونکە لەگەڵ تەمەندا توانای هەستی بیستن کەم دەبێتەوە، بەتایبەتی لە تەمەنی ٧٥ و بەسەرەوەدا، نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەکو نەخۆشیی دڵ، جەڵتەی مێشك، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نەخۆشیی شەکرە، هەروەها نەخۆشیی هەوکردنە میکرۆبییەکان وەکو مێکوتە، ئەنفلوەنزا، سوورێژە، گوێرەپە، یان هەوکردنی پەردەکانی مێشك.

# کەمخوێنی و کێشی لەش



پەیوەندیی بەهێز هەیە لە نێوان کەمخوێنی لەبەر کەمیی ئاسن و کێشی لەشدا، کەمخوێنی Anemia دوولایەنە کاریگەری دەکاتە سەر کێشی لەش، لە هەندێك حاڵەتدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کێشی لەش و لە هەندێك حاڵەتی دیکەدا زیادبوونی کێشی لەش. بۆنموونە هەستکردن بە ماندووبوون کە نیشانەیەکی کەمخوێنییە لە توانای جووڵە و سووتاندنی کالۆری کەم دەکاتەوە و دەبێتە هۆی زیادبوونی کێشی لەش، لە لایەکی دیکە کەمخوێنی هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن و لاوازبوونی سیستمی بەرگریی لەش و زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە هەوکردن و نەخۆشیی دی، ئەمەش هاندەر دەبێت بۆ دابەزینی کێشی لەش. لەش ئاسن بەکار دێنێت لە کرداری گۆڕینی خۆراك بۆ وزەدا، ئاسن پێویستە بۆ دروستبوونی هێمۆگلۆبین لە ناو خڕۆکە سوورەکانی خوێندا، کە ڕۆڵی گرنگی هەیە بۆ گواستنەوەی ئۆکسجین بۆ هەموو خانەکانی لەش کە ماسوولکەکانیش دەگرێتەوە، کە ڕۆڵی سەرەکییان هەیە بۆ سووتاندنی چەوری، کەواتە کەمخوێمی لەبەر کەمیی کانزای ئاسن لە لەشدا دەبێتە هۆی کەم وزەیی و هەستکردن بە ماندووبوون و کەمبوونەوەی توانا بۆ مەشق و جووڵەی ماسوولکە و سووتاندنی کالۆری یان چەوری، دەرەنجام لەوانەیە کە کێشی لەش زیاد بکات. ئەمەش ڕوونە کە لە هەموو جۆرەکانی کەمخوێنیدا، بەتایبەتی لە حاڵەتەکانی کەمخوێنی لە ئەنجامی کەمی ئاسن یان ڤیتامیندا، نیشانەی وەکو کەمیی وزە و هەستکردن بە هیلاکی لە توانای مەشقی وەرزشی کەم دەکەنەوە، واتە زیادبوونی کێشی لەش لەوکاتەی کە سووتاندانی چەوری پێویستی بە بڕی تەواوی ئۆکسجین هەیە، هەروەها ئاستی هۆرمۆنی هێپسیدین Hepcidin کە لە جگەر دەدەدرێت، گۆڕانی بەسەردا دێت کە کاریگەری دەکاتە سەر هەڵمژین و ڕێکخستنی بەکارهێنانی ئاسن لە لەشدا.





# بەهای خۆراکیی تووی سپی

تووی سپی White mulberry ماددەی خۆراکیی گرنگ لەخۆدەگرێت وەکو: ڕیشاڵ، ڤیتامینەکانی B6، C، لەگەڵ کانزاکانی پۆتاسیۆم، کالسیۆم، ئاسن، مەگنسیۆم، هەروەها ماددە دژەئۆکسانەکانی فلاڤۆنۆیدەکان و چەند ئەنزیمێك. سوودە تەندروستییەکان: کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، سووککردنی نیشانەکانی هەوکردنی جومگەکان و گرژبوونی کۆڵۆن، سووککردنی شەقەسەر، دابەزاندنی ئاستی کۆلیسترۆڵی گشتی و بەرزکردنەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵی باش HDL لە خوێندا، خۆپاراستن لە ئەگەری ڕەقبوونی خوێنبەرەکان، کەمکردنەوەی ئەگەری نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ و جەڵتەی مێشك، سووککردنی هەستکردن بە ماندووبوون، هاندانی دابەزاندنی کێشی لەش، خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە، هاندانی تواناکانی مێشك بەتایبەتی توانای بیرکردنەوە و بیرهاتنەوە، پاراستنی تەندروستیی ددانەکان، ڕێگرتن لە پووکانەوەی ئێسك، سووککردنی نیشانەکانی نەخۆشیی ئەلزەهایمەر، کەمکردنەوەی نیشانەکانی خەمۆکی و باشترکردنی مەزاج، کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن، بۆیە میوەیەکی گونجاوە بۆ نەخۆشانی شەکرە، هەروەها بۆ سووککردنی سترێس.

# پاراسیتۆل: زانیاری بۆ بەکارهێنەران



پاراسیتۆل کە بە پاراسیتامۆڵ Paracetamol یان ئەستامینۆفین Acetaminophen ناسراوە، دەرمانێکی ئازارشکێنە، بۆ سووککردنی ئازاری سادە بەکار دێت لە حاڵەتەکانی: سەرئێشە، پشت ئێشە، ئازاری ماسولکە، هەڵامەت، ئازاری ددان، یان ئازاری جومگە، هەروەها بۆ دابەزاندنی کاتیی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش. پاراسیتۆڵ کە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە سەرتاسەری جیهاندا بەکار دەهێنرێت، بە گشتی دەرمانێکی بێ زیانە هەتا لەکاتی دووگیانی و شیردانی سرووشتیدا ئەگەر بە ژەمی زیاد بەکار نەهێنرێت، بەڵام ژەمی زیاد کە زیاتر بێت لە ٣،٠٠٠ میللیگرام لە ڕۆژێکدا بەتایبەتی لەو کەسانەی کە نەخۆشیی جگەریان هەیە، دەبێتە ئەگەری تێکدان و پەککەوتنی جگەر، پەککەوتنی گورچیلە، هەروەها هەوکردنی پەنکریاس، کە ژیان دەخەنە مەترسییەوە. بە گشتی زیانە لابەلاکانی پاراسیتۆڵ سووک و سادەن ئەگەر بە ژەمی بچووک بەکار بێت، بە شێوەی: سەرسووڕان، خورشتی پێست، کۆکە، هەناسەراوکێ، بەڵام لەکاتی بەکارهێنانی ژەمی گەورەی پاراسیتۆڵ لەوانەیە کە زیانی لابەلای توندتر بەدی بکرێن، وەکو: ژاراویبوونی جگەر یان پەککەوتنی جگەر، ژاراویبوونی گورچیلەکان، خوێنبەربوون لە ڕیڕەوەکانی کۆئەندامی هەرسدا، ئاوسانی قوڕقوڕاگە، کەمبوونەوەی ڕێژەی خەپلەکانی خوێن Platelets، هەورەها کەمبوونەوەی ڕێژەی خڕۆکە سوور و سپییەکانی خوێن.

# ئەو شتانەی پەستانی خوێن بەرزدەکەنەوە

گەلێک هۆکار بە شێوەیەکی کاتی هاندەرن بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن نەک هۆکاری ڕاستەقینەی تووشبوون بن، چونکە تا ئێستا هۆکاری ڕاستەقینەی تووشبوون بە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن بە تەواوی نەزانراوە. هۆکارەکان: خوێ (سۆدیۆم) کە دەبێتە هۆی قەتیسبوونی شلە لە لەشدا کە فشار لەسەر دڵ و بۆڕییەکانی خوێن زیا دەکات، شەکرە زیادکراوەکان کە لەوانەیە زیاتر لە خوێ هاندەر بن بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، بۆ نموونە خواردنەوەی ٧٢٠ میللیلیتر لە ساردەمەنی شیرینکراو هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی ژمارەی سەرەوەی کەرتی پەستانی خوێن تا ١٥ پلە و ژمارەی خوارەوە تا ٩ پلە، تەنیایی کە لە ماوەی چوار ساڵدا دەبێتە ئەگەری بەرزبوونەوەی ژمارەی سەرەوەی کەرتی پەستانی خوێن تا ١٤پلە، وەستانی کاتیی هەناسە لە کاتی خەودا، کەمیی پۆتاسیۆم کە هاوسەنگیی نێوان سۆدیۆم و پۆتاسیۆم لە گورچیلەدا تێک دەدات، ئازاری تیژ و کتوپڕ، یاریدەدەری گیایی وەکو جینسینگ Ginseng یان گینکۆ Ginko، سترێس، سستبوون یان زیاد چالاکبوونی گلاندی دەرەقی، دواخستنی میزکردن کە ئەگەر بۆ ماوەی سێ کاتژمێر بێت ئەوا ژمارەی سەرەوەی پەستانی خوێن تا سێ پلە و ژمارەی خوارەوە تا چوار پلە بەرز دەبێتەوە، بەکارهێنانی دەرمانەکانی سووککردنی گیرانی لووت کە دەبنە هۆی تەسکبوونەوەی بۆڕییەکانی خوێن، کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش، بەکارهێنانی دەرمانی هۆرمۆنی بۆ ڕێگرتن لە دووگیانی کە دەبنە ئەگەری گرژبوونەوەی بۆڕییەکانی خوێن، زیاد قسەکردن کە پەستانی خوێن بۆ ماوەی چەند خولەکێك بەرزدەکاتەوە، هەروەها بەکارهێنانی دەرمانی دژەخەمۆکی و دژەئازار.



# ئامێرێک بۆ تۆمارکردنی فیلمی AR



فیلمەکانی AR بەو جۆرە فیلمانە دەگوترێت کە بەهۆی چاویلکەی تایبەتەوە دەبێ سەیر بکرێن و ئەوکات بینەر هەست بەوە دەکات لە جیهانی واقیعیدایە هەربۆیە بەو جۆرە فیلمانە دەگوترێت واقیعی- مەجازی، واتە دیمەنەکان وەك واقیعی دەبینرێن، بەڵام جیهانەکە مەجازییە.

کۆ مپا نیا ی XREAL ئامێرێکی بەرهەم هێناوە کە بە Beam Pro ناسراوە. ئامێرەکە زۆر وەك مۆبایل دەچێت، بەڵام مۆبایل نییە، واتە بۆ پەیوەندیگرتن نابێت. سیستەمی ئەندرۆید ١٤ی لەسەرە و بۆ گرتنی فیلمی AR واتە فیلمی واقیعی مەجازی دەبێت. چاویلکەیەکی تایبەت بە سەیرکردن کە ئەویش بەرهەمی هەمان کۆمپانیایە بە کێبڵ پەیوەند دەدرێت و بەهۆیەوە دەتوانی سەیری فیلمەکان بکەی. شاشەکە ٦,٥ ئینجە. دوو کامێرای ٥٠ میگاپیکسیلی لە پشتەوەیەتی، مەودای دوو کامێراکە ٥ سانتە بە مەودای دووری نێوان چاوەکانی مرۆڤ. ڕامەکەی ٨ گیگابایتە و میمۆری ناوخۆی ٢٥٦ گیگابایتە. سیستەمی وای-فای خێرا و بلوتوسی خێرای لەسەر داندراوە.



# تەبلێتێکی ڕەش و سپی بۆ خوێندنەوەی کتێب

کتێبخوێنەکان ئەو تەبلێتانەی تایبەتن بە کتێب خوێندنەوە بۆ نموونە کیندڵی تایبەت بە ئامازۆن، یەک ڕەنگن و شاشەکەیان لە حیبری ئەلکترۆنی دروستکراوە. جیاوازیان لەگەڵ تەبلێتێکی ئاسایی ئەوەیە کە جگە لە چەند پرۆگرامێکی تایبەت بە خوێندنەوەی کتێب هیچی دیکەی لەسەر نییە.

تەبلێتی جۆری daylight dc 1 تەبلێتێکی ڕەش و سپییە، تەنیا تایبەت نییە بە خوێندنەوەی کتێب، بەڵکو هەموو ئەو ئاپ و پرۆگرامانەی کە ئەندرۆید دان لەسەر ئەو تەبلێتەش دەکرێنەوە تەنانەت یارییەکانیش. شاشەکەی ١٠,٥ ئینجە. تەبلێتی ناوبراو لە شەو و هەروەها لە بەر تیشکی خۆریش کار دەکات. یەکەی لێکدانەوەی تەبلێتەکە لە جۆری he-lio G99یە. ڕامەکەی ٨ گیگابایتە و میمۆرییەکەی ١٢٨ گیگابایتە. سیستەمی ئەندرۆید ١٣ی لەسەر داندراوە.

# کۆمپیوتەرەکەت بکە بە ستۆدیۆ




ئەوانەی کاروباری دەرهێنانی فیلم دەکەن، یا خەریکی تۆمارکردنی گۆرانین لەم سەردەمەدا پێویستیان بە ستۆدیۆیەکی دیجیتالییە. بە زۆری ستۆدیۆیەکان گرانبایین و تێچوویەکی زۆریان دەوێت. ئامێری MasterHUB ئەو ئەرکەی ئاسان کردۆتەوە وا دەکات هەموو ئەو ئەرك و کاروبارانەی بە ئامێرە گەورەکان جێبەجێی بکەی بەو ئامێرە جێبەجێ دەکرێن. ئامێرەکە ماژۆڵە، واتە پارچەکانی لێك جیا دەکرێنەوە و لە بۆردەکە بە هۆی ڕاکێشانی موگناتیسیەوە لێکدەدرێن. پارچەکان بە ویستی خۆت دادەنرێن. پارچەی تایبەت بە کۆنترۆڵی کردنی دەنگ، پارچەی تایبەت بە کۆنترۆڵ کردنی پرۆگرامە گرافیکی و دەنگی و ڤیدیۆییەکان. بەکارهێنەر دەتوانێت بە جیا پارچەکانی بۆ دابین بکات.

# ئەڵقەیەک بۆ زانینی تەندروستی





لە سەردەمی نوێدا کە ژیانی مرۆڤ بەتەواوی گۆڕانی بەسەرداهاتووەو زیاتر بەرەو دانیشتن و تەنبەڵی ڕۆیشتووە، کێشەکانی تەندروستی زۆرتر دەبن. لەو سەردەمەدا هیچ شتێك بەقەد تەندروستی بایەخی نییە. ئامێرەکانی وەك مۆبایل بۆ چاودێری تەندروستی و هەروەها کاتژمێرە زیرەکەکان و لەم دواییەشدا ئەنگوستیلەی زیرەك بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هاتووە.

ئەنگوستیلەی زیرەکی جۆری slim تایبەتە بە چاودێری تەندروستی. کێشی ئەنگوستیلەکە تەنیا ٢ گرامە و تایبەتە بە لێدانی دڵ، ڕێژەی زانینی ئوکسیجین لەناو خوێندا و ڕێژەی قەڵەك و دڵەراوکێ. ئەنگوستیلەکە لە ڕێگای ئاپێکەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و لەوێوە زانیارییەکان بۆ بەکارهێنەر نیشان دەدرێن. جگە لەوە چۆنییەتی خەوی بەکارهێنەریش دەزانرێت و لەکاتی نارێکی خەودا جۆرە لەرزینێکی هەیە و کاتێك شەحن دەبێتەوە هەتا ٥ ڕۆژ شەحنی دانابەزێت.




# کیبۆردێک بە تایبەتمەندییەکی جیاوازەوە

کیبۆردەکان جگە لەوەی بۆ نووسین و تایپکردنن و هەروەها بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی کۆمپیوتەریشن. کیبۆردەکان هەرچەندە یەك ئەرك ئەنجام دەدەن بەڵام جۆرەکانیان زۆرن. کیبۆردی جۆری AJAZZ AKP815 کیبۆردێکی ناوازەیە، بە هەندێك تایبەتمەندییەوە جیاوازە لە گشت کیبۆردەکانی دیکە. جیاوازییەکەشی لەو شاشە ٤,٤ ئینجییە کە لە لای ڕاستی کیبۆردەکەیە و ئاسانکاری تەواو لە ئەرکەکاندا دەکات. لە شاشەکەدا شوێنی ١٦ کاراکتەر یا دوگمەی مەجازی دەبێتەوە بەهۆی ئەو دوگمانە کارئاسانییەکی زۆر بۆ بەکارهێنەر دەکرێت. بۆ نموونە دەکرێت ئەو ئاپ و پرۆگرامانەی پێویستتن، یا ئەو ماڵپەڕانەی بەردەوام ڕۆژانە سەردانیان دەکەی لەو شاشەیەدا دابنرێن و بەکارهێنەر بە داگرتنی ئایکۆنی پرۆگرام یا ماڵپەڕەکە بە یەك کلیك بیکاتەوە. جگە لەوەش لەگەڵ پرۆگرامەکانی تایبەت بە ئەدۆب دەگونجێت و دەتوانرێ فەرمانەکانی ناو پرۆگرامەکانیش بەو شاشەیە بسپردرێن. شاشەکە لە ٧٥ دوگمە پێکهاتووە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، چۆن دەکرێت دوو دانە هارددیسك لەسەر لاپتۆپ دابنێم چونکە شوێنی دوو هاردیسکی نییە؟**

خوێنەری بەڕێز هیچ لاپتۆپێك شوێنی دوو هاردی نییە، چونکە قەوارەی بارستایی لاپتۆپ تەنکە بۆیە ناکرێت دوو هاردی بۆ دابندرێ. بەڵام ڕێگا چارەیەك هەیە بتوانی دوو هارددیسك لەسەر لاپتۆپێك دابنێی. ئەگەر لاپتۆپەکە شوێنی دانانی CD drive هەبوو، ئەوە CD ەکە دەربێنە و لە شوێنی ئەو هارددیسکی جۆری SSD دابنێ. بەڵام دەبێت کەسی شارەزا ئەو کارە بکات، چونکە ئەگەر بە باشی دادەنرێ ئیدی کێشە بۆ لاپتۆپەکەت دروست بێت. بە دانانی دوو هارددیسك لەسەر لاپتۆپێك وا دەکات خێرایی لاپتۆپەکە زۆر زیاتر بێت و داتایەکی زۆرتر لەخۆیدا هەڵبگرێت.



# بازنەیەک هەم کیبۆردەو هەم ماوس

ڕەنگە پێتان سەیر بێت، ئەو بازنەیەی کە لە دەست دەکرێت لە یەك کاتدا ئەرکی ماوس و کیبۆرد و ریمۆت کۆنترۆڵ بکات. بازنەی جۆری tap sysstems tapXR کە کامێرایەکی بەسەرەوەیە و لەگەڵ چەند هەستەوەریەك وا دەکات بەکارهێنەر بازنەکە هەم وەك ماوس و هەم وەك کیبۆرد بەکار بێنێت. کاتێك لە دەست دەکرێت پەنجە لەسەر هەر شتێك دابنێی دەبێت بە کیبۆرد و بۆ هەرلایەك بیجوڵێنی دەبێتە ماوس. کێشی ئامێرەکە تەنیا ١٤ گرامە، چوار ڕەنگی هەیە.

٣٥ جوڵە دەناسێت و دەتوانێت بەکارهێنەر بە خێرایی ٧٠ وشە لە خولەکێکدا تایپ بکات. لەسەرەتادا بۆ چاویلکە زیرەکەکان بەرهەم هاتبوو، بەڵام دواتر پەرەی پێدرا و بۆ مۆبایل و لاپتۆپ و ئامێرەکانی گەیمیش لە ڕێگای بلوتوسەوە سوودی لێوەربگرێت. نە تەنیا وەك کیبۆردی کۆمپیوتەر بەڵکو بۆ کیبۆردی ئامێرە مۆسیقیەکانیش سوودی لێوەربگیرێت. کاتێك شەحن دەکرێتەوە هەتا دە کاتژمێر شەحنی دانابەزێت.



# پرۆگرامێکی ژیریی دەستکرد بۆ گۆڕینی دەنگ

ژیریی دەستکرد هەرچەندە زۆربەی هەرە زۆری ئۆنلاینە، بەڵام بەشێکی دەکرێت وەك پرۆگرامێکی سەربەخۆ چ بۆ مۆبایل و چ بۆ کۆمپیوتەر دابەزێندرێت.
پرۆگرامی murf.ai پرۆگرامێکی ژیریی دەستکردە و تایبەتە بە دەنگ و گۆڕانکاری لە دەنگدا. بەهۆی ئەو پرۆگرامە یا ئەو ماڵپەڕەوە دەتوانرێت تەواو گۆڕانکاری بە سەر پیشەی دۆبلاژ دابێت، چونکە دەتوانێت دەق بخوێنێتەوە و شێوازەکانی خوێندنەوە وەك: حاڵەتی سۆز و عاتیفە، توڕەیی، بەڵگەنامەیی، ترس..تاد دەزانێت. زیاتر لە سەد شێوازی دەنگی بە ١٥ زمانی جیهانی تێدایە. تایبەتمەندییەکی دیکە لە پرۆگرامەکەدا ئەوەیە دەتوانرێت دەنگ بگۆڕدرێت، ئەو تایبەتمەندییە دەبێتە هۆی ئەوەی پێویستی بە وزە و توانایی مرۆیی بۆ بەرهەمهێنانی فیلم و وەرگێڕانی فیلم کەمتر بێتەوە.





## ماڵپەڕێکی ژیریی دەستکرد بۆ جوڵەدارکردنی وێنەکان

ئەم رۆژانە لە سۆشیال میدیاکان دەبینن کە وێنەکان جۆڵەدار دەکرێن، بۆ نموونە وێنەیەکی کۆنت لەلایە دەتهەوێ گیان بخەیە بەر وێنەکە و وا لە بینەر بکەی کە هەست بکات سەیری فیلمێك دەکات. ماڵپەڕی ژیریی دەستکردی https://lumalabs.ai/ ئەو کارە لە چرکەیەکدا ئەنجام دەدات و زۆربەی ئەو وێنانەی ئەم رۆژانە دەیبینن بەهۆی ئەو ماڵپەڕەوە ئەنجام دراون. ماڵپەڕەکە تەنیا تایبەت نییە بە جولەدارکردنی وێنە و چەندین تایبەتمەندی بەهێزتری تێدایە وەك دروستکردنی فیلم تەنیا بە نووسینی دەق و زۆر شتی دیکە. بۆ بەشی جولەدارکردنی وێنە ئەو بەشە هەڵدەبژێری و وێنەکەت ئاپلۆد دەکەی، ماڵپەڕەکە خۆکار وێنەکە دەناسێت و دەزانێت چۆنی جولەدار بکات و بیکاتە فیلمێکی چەند چرکەیی..

## ئایەرفۆنێکی ناوازە




ئایەرفۆن، ئەو سپیکەرە بچووکانەی لە گوێ دەخرێن و لە کاتی پەیوەندی و گوێگرتن لە مۆسیقی زۆر بە سوودن و دەنگەکە بۆ دەوروبەر ناڕوات. هەموو ئایەرفۆنەکان لەگەڵ مۆبایل یا کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێن و لە رێگای ئەوانەوە دەنگ وەردەگیرێت. ئایرفۆنی جۆری RELOD touch buds زۆر تایبەتە، ئەو بەشەی داندراوە بۆ شەحنکردنەوەی ئایرفۆنەکە شاشەیەکی بچووکی هەیە و راستەوخۆ لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و لەوێوە مۆسیقا وەردەگرێت، جگە لەوەش دەگرێت زیاتر لە هەزار گۆرانی تێدا تۆمار بکرێت. لە شاشەیەکی بچووکدا گۆرانی بە ڤیدیۆش نیشان دەدات. کاتێك شەحن دەبێتەوە هەتا نزیکەی چل کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. ئایەرفۆنی ناوبراو دەنگە دەنگ و ژاوەژاو ناهێڵێت.

# سوودەکانی زەیتی زەیتون و سیر بۆ نینۆک



زەیتی زەیتون و سیر تێکەڵەیەکی سرووشتین کە بۆ نینۆك بەسوودن، بەو پێیەی دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ بەهێزکردنی نینۆك و ڕێگریکردن لە شکان و چارەسەرکردنی کەڕوو و هەندێ لە نەخۆشییەکان.

کەوچکێك زەیتی زەیتون و سیری ڕندەکراو: زەیتی زەیتون و سیرەکە بە باشی تێکەڵ بکە، بە تێکەڵەی زەیتەکە بۆ ماوەی ١٠ خولەك نینۆکەکانت مەساج بکە، گرنگی بە ناوچەی پێستی دەوروبەری نینۆکەکان بدە، تێکەڵەکە بۆ ماوەی ٣٠ خولەك لەسەر نینۆکەکانت بەجێ بهێڵە، پاشان بە ئاوی گەرم و سابوون بیشۆ. باشتر وایە هەفتەی ٢-٣ جار ئەم ڕێگەیە دووبارە بکەیتەوە بۆ ئەوەی باشترین ئەنجام بەدەست بهێنیت.

زەیتی زەیتونی گەرمکراو: کەمێك زەیتی زەیتون لەسەر ئاگرێکی کەم گەرم بکە، بە بەکارهێنانی فڵچەیەکی نەرم یان پارچەیەك لۆکە، نینۆکەکانت بە زەیتەکە بۆ ماوەی ١٠ خولەك مەساج بکە، پێش خەوتن دەستکێشی لۆکە لەدەست بکە، هەروەها زەیتەکە لەسەر نینۆکەکانت بەجێ بهێڵە بۆ ماوەی شەوێك، بەیانییەکەی نینۆکەکانت بە ئاوی گەرم و سابوون بشۆ. باشتر وایە هەفتەی جارێك ئەم ڕێگەیە دووبارە بکرێتەوە.




# ئەڵقەی دەستگیرانی بە دیزاینێکی هێلکەیی

ئەڵقەی دەستگیرانداری بە دیزاینێکی هێلکەیی لە دلڕفێنترین و ڕەسەنترین پارچەکانە، بەو پێیەی جوانیی کلاسیك و دیزاینی مۆدێرن تێکەڵ دەکەن بۆ ئەوەی ببنە هێمای ڕازاوەیی، ئەم ئەڵقانە زۆر ناوازەن، ئەمەش وا دەکات ببێتە هەڵبژاردەیەکی دڵخواز بۆ ئەو خانمانەی کە بەدوایدا دەگەڕێن.
ئەڵقەی تیفانی سۆلێست ئۆڤاڵ هالۆ لە کۆمپانیای تیفانی: بەهۆی ڕەنگی زەردی گەشاوەی لە پلاتینیۆم دروست کراو ئیلهامەکەی لە تیشکی خۆرەوە وەرگرتووە، کە ئەڵماسێکی هێلکەیی زەردی لەسەرە و بە ئەڵماسی سپیی بچووك دەورە دراوە، ئەمەش جوانییەکی تایبەتی پێ دەبەخشێت.
بەهۆی دیزاینە هەمەچەشنەکانیانەوە، ئەڵقەی دەستگیرانیی هێلکەیی لەگەڵ هەموو سەلیقەیەکدا دەگونجێت، ئاسانە کە لەگەڵ سێتی زێڕینگەرییەکانی دیکەدا تێکەڵ بکرێت بۆ زیادکردنی کاریگەرییەکی دلڕفێن بۆ دیمەنی بووك.

# لاوازکردنی دەموچاو و جوانکردنی بە ماکیاژ



تەکنیکی باریککردنی یان لاوازکردنی ڕوخسار بە ماکیاژ یەکێکە لە ئامانجە گرنگەکان بۆ خانمان، بەو پێیەی ڕێگەیان پێدەدات هەندێك کەموکووڕی بشارنەوە، بەبێ ئەوەی پێویستیان بە پەنابردنە بەر نەشتەرگەریی جوانکاری هەبێت.
گرنگترین سوودەکانی لاوازکردنی دەموچاو بە ماکیاژ بریتین لە:
**شاردنەوەی پەڵە:** ئەم تەکنیکە یارمەتیدەرە بۆ شاردنەوەی خاڵ لە دەموچاودا، وەك دەموچاوێکی پڕ یان پان یان دوو چەناگە، ئەمەش دیمەنێکی هاوسەنگتر و جوانتر بە دەموچاو دەبەخشێت.
**پەیکەرسازیی دەموچاو:** تەکنیکی لاوازکردنی دەموچاو ڕێگە بە پەیکەرسازی و پێناسەکردنی سیماکانی دەموچاو دەدات، وەك ئێسکی ڕوومەت، ئەمەش ڕوخسارێکی ژنانەتر و سەرنجڕاکێشتر بە خانمان دەبەخشێت.
**تیشك خستنە سەر تایبەتمەندییەکان:** تەکنیکی لاوازکردنی دەموچاو یارمەتی جوانیی تایبەتمەندییە سرووشتییەکان دەدات، وەك چاو و لێو، ئەمەش شێوازێکی زیندووتر و گەنجتر بە ڕووخسار دەبەخشێت.
**بەدەستهێنانی سیمایەکی سرووشتی:** بە پەیڕەوکردنی هەنگاوە دروستەکان و بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کونتورکردن و ڕووناکیی گونجاو، دەتوانرێت سیمایەکی سرووشتی و سەرنجڕاکێش بەدەست بهێنرێت بەبێ زیادەڕەویکردن لە بەکارهێنانی کەرەستەی جوانکاریدا.

**ئامادە کردنی: شیلان عەلی**

# یەک عارەبانە وردە



دەربڕینی توڕەیی و بێزاری، هەندێ جار دەبێتە مایەی حاڵەتێکی پێکەنین و سەیر، نیك ستافۆرد هاووڵاتییەکی ئەمریکییە لە ویلایەتی ڤێرجینیا، وەك نارەزایەتییەك بەرانبەر بڕی ئەو باجەی کە لەسەریان داناوە، هاتووە بە دراوی وردەی (١،٢،١٠) پێنسی بە ٥ عەرەبانەی گواستنەوە هێناوە، تا بیدات بە فەرمانگەی باج، هەروەها هەر سێ جۆرە دراوەکەی تێکەڵ کردووە، تا لە ڕێی کێشانەوا زوو نەژمێردرێت، تەنیا ژماردنەکەی ١٠ کاتژمێری خایاندووە.

## یاسا



**لەباربردنی کۆرپەلە**

لەباربردنی کۆرپەلە (جنین) بەگوێرەی (یاسای سزاکانی عێراقی) تاوانە، وەك لە مادە (٤١٧)ی یاساکەدا هاتووە:

١- هەر ئافرەتێك بە ڕێیەك منداڵی لەبارخۆی بردبێت، یان وای کردبێت کەسی دیکە بە ڕەزامەندیی ئەو کارە بکات، ئەوا بە بەندکردن سزا دەدرێت کە ماوەکەی لە ساڵێك زیاتر نەبێت و بە پێبژاردن کە لە (٢٢٥٠٠٠) دینار زیاتر نەبێت، یان بە یەکێك لەم دووانە سزا دەدرێت.

٢- هەمان سزا دەدرێت ئەو کەسەی بە مەبەست و بە ڕەزامەندی کاری لەباربردنی بۆ کردووە، ئەگەریش لەباربردنەکە یان ئەو ئامرازەی لەم کارە بەکار هێنراوە بووە هۆی مردنی دایکی کۆرپەلە، ئەوا بەرکاری تاوان هەژمار دەکرێت، هەرچەندە لەباربردنەکە تەواو نەبووبێت، سزاکەی زیندانیکردنە، کە ماوەکەی لە (٧) ساڵ زیاتر نەبێت.

٣- ئەگەر تاوانکار پزیشك یان دەرمانساز یان کیمیاگەر یان مامان یان یاریدەدەری یەکێك لەمانە بوو، ئەوا سزاکە بە بارودۆخی توندکەری سزا دادەنرێت.

٤- ئەگەر ئافرەت خۆی لەباری ببات بۆ خۆلادان لە ئابڕوچوون و، ئەگەر بە داوێنپیسی سکپڕ بووبێت، ئەوا سزاکە بە بارودۆخی سوککەری قەزائی دادەنرێت، هەروەها هەمان شت لەم حاڵەتەدا لەبارەی ئەوەی لەباربردنی بۆ دەکات لە خزمانی ئافرەتەکە تاوەکو کەسی پلە دوو.



## کاریکاتێر

لەم کاریکاتێرەدا ئاماژە بە ڕۆڵی خوێندنەوەی کتێبەکان دەبینیت، کە چەندە کاریگەری لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی زیرەکی و درك پێکردنی ئەقڵ و هزر دەکات.



## دیمەنە سەیرەکان

**شەمەندەفەرەکەی خانەقین**

دیمەنی کچێکی سەرنشینە لە وێستگەی شەمەندەفەری خانەقین - دیالی لە ساڵی ١٩٧٠ی زایینی.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

متمانەت بە خۆت هەبێت بۆ ئەو هەنگاوانەی دەیان نێیت، لە کەوتن مەترسە، سەرقاڵیی زۆرت بە کارکردنەوە لە پەیوەندیی سۆزداری دوورت دەخاتەوە، بۆیە وریابە لە چۆنیەتی دابەشکردنی کاتەکانت، ئاگاداری تەندروستیت بە، سیستمی خۆراکی تەندروست پەیڕەو بکە.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ گەشتکردن، پەیوەندییەکانت فراوان بکە لە شوێنی کارەکەتدا، زۆر کەسێکی خۆپەرست مەبە لە ئاست خۆشەویستەکەت، لە ڕووی تەندروستییەوە هەست بە ماندوبون دەکەیت و پشوو وەرگرە.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

هەمیشە پێویست ناکات بەهۆی یارمەتیدانی کەسانی دیکە دڵسۆزیی خۆت بسەلمێنیت، وشەیەکیش دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ کەسانی دیکە، چونکە زۆرجار وشەیەك ئەو شتەیە کە کەسانی دیکە پێویستیانە، کات تەرخان بکە بۆ خۆشەویستەکەت، بەڵام با نەبێتە هۆی ئەوەی خۆت فەرامۆش بکەیت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

کەسێك داوای ئامۆژگاریت لێ دەکات، هەوڵ بدە بە پێی ئەزموونی ژیانت ئامۆژگاریی بکەیت و ڕێنمویی بکەیت، لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە پێگەی خۆت بزانە و هەرگیز خۆت بە بچوکتر لەوانی دیکە مەزانە، بەردەوام بە لەسەر هەوڵەکانت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەت.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

کەسێکی بەهێزیت و هەست بە بەرپرسارێتی دەکەیت لە ئاست دەوروبەرەکەتدا، سەرباری هەموو تەنگوچەڵمەکان پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەوسیتەکەت باشتر بکە، ئاگاداری دۆخی تەندروستیت بە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

بەرپسیاریەتییەکی زۆرت لەسەر شانە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت ژیانی تایبەتی خۆت فەرامۆش بکەیت لەپێناو هەڵگرتنی بەرپسیارێتییەکانت، مەترسە لەوەی داوای ئامۆژگاری لە کەسانی بە ئەزموونتر بکەیت، داوای ڕێنماییان لێ بکە ئەگەر گرفتێك هاتە پێشت.



## پەند و وتە

ئەدەلین ڤێرجینیا وولف، نووسەری ئینگلیزی، مۆدێرنیستی سەدەی ٢٠، لە ساڵی ١٨٨٢ لە شاری کینسنگتۆن لە بەریتانیا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٤١ کۆچیی دوایی کردووە، دەربارەی خوێندنەوە دەڵێ: خوێندنەوە وات لێدەکات کە دوای هەست و درکەکانت بکەویت، بە بەکارهێنانی عەقڵ و بگەیتە دەرئەنجامەکانی تایبەت بە خۆتەوە.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو دیمەن دەردەکەویت، یەکێکیان وێنەی سەری کەسێکە، دیمەنی دووەمیش چەندین کەسن، هەوڵە لە زووترین کاتتدا ژمارەی کەسەکان دیاری بکەیت.

بۆ زانیاریت

## مێشوولە



مێشوولە ١٠٠چاوی هەیە، ٤٨ددانی هەیە و سێ دڵی هەیە، شەش تیخی هەیە لە لمۆزیدا، ئەمانەش هەریەکە و ئیشی خۆی هەیە، مێشولە دوو باڵی و هەر باڵێکیان ڕەنگاوڕەنگە، ئامێری تیشکی ژێر سووری هەیە و پێستی مرۆڤەکان لە دوورەوە بەڕەنگی وەنەوشەیی تۆخ دەبینێت، ئامانجەکەی جوان دیاری دەکات. لمۆزی مێشولە خۆی موعجیزەیەکە، لمۆزی شەش تیخ (شەفرە) ی تیژی پێوەیە، چوار شەفرەی بۆ برینی پێست و دەمار بەکار دەهێنێت و دوانیشیان بۆ مژینی خوێنە، مێشولە لەجەستەی خۆیدا ئامێری پشکنینی خوێنی هەیە کە جۆری خوێنەکان لێك جیا دەکاتەوە.

هۆکاری ئەویشی کە تۆ هەست بە پێوەدانی ناکەی تا دەفرێت، ئەوەیە کە مێشولە ئامێری بەنجی کاتیی هەیە کە پێی دەڵێن (Local anesthesia) لە کۆتییدا مێشولە ئامێری گواستنەوەی خوێنی هەیە و لە دووری ٦٠ مەترەوە بۆنی ئارەقەی مرۆڤەوە دەکات، بەم دواییانە ئاشکرا بووە کە مێرویەکی دیکە لەسەر پشتی مێشولەدا دەژیت، ئەویش تەنیا بە وردبینی پێشکەوتوو دەبینرێت.

## بۆشاییگەر - Spaceman




فیلمێکی زانستی و سەرکێشییە، باس لە ئەرکێکی شەش مانگا دەکات بۆ ناو بۆشایی ئاسمان، کە لە هەمان کاتی سەروبەندی هاوسەرگیرییەکەیدایە، ئەوەش وا دەکات دوودڵ بێت لە هەڵبژاردنی کام ئەرك و خواستی ژیان.

ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤٩ خولەکە، لە دەرهێنانی جۆهان ڕینیك، لە نووسینی جەیکوب ئەهری، بودجەی فیلمەکە ٤٠ ملیۆن دۆلارە، لە نواندنی (ئادەم ساندلەر، پاوڵ دانۆ، کاری مولیگان، کونال نایار، سادی سەندلرە، ئیزابێلا ڕۆسلینی )یە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هێمنی و ئارامی لە زۆر هەڵەکردن دوورت دەخاتەوە، بەم شێوەیە هەستیار مەمێنەرەوە و قسەی نەرێنیی کەسانی دیکە با کارت تێ نەکات، لەبیری مەکە کە تۆ بۆ خۆت دەژیت نەك کەسانی دیکە، هاوڕێیەکت دەیەوێت دەربارەی بابەتێك قسەت لەگەڵدا بکات، کاتی بۆ تەرخان بکە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئاهەنگ گێڕان زیاتر دزورت دەخاتەوە لە خەم و سترێس، هەوڵ بدە زیاتر بەرەو ئامانجەکانت هەنگاو بنێیت، بە ئاسانی کۆڵ مەدە، ئەمڕۆ مێشکت هێمن بکەرەوە و پاشان پلانێکی ورد دابنێ بۆ تەواوی هەفتەکەت، ڕۆژانە زیاتر گرنگی بە خواردنی سەوزە و میوە بدە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

پێویستە چۆنێتی کارکردنت بگۆڕیت تاوەکو داهاتووت فراوانتر بێت، کەسێکی نوێ دێتە ژیانتەوەو دڵخۆشت دەکات، دۆخی تەندروستیت تێك دەچێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


ئاسان نابێت ئاگاداری هەمو ئەو ڕووداوانە بیت کە ڕوو دەدەن، بەڵام چاوت بکەرەوە و بزانە چی لە دەوروبەرت ڕوو دەدات، بەبێ ئاگاییەوە مەمێنەرەوە، ئەو چانسە دێتە بەردەمت کە گفتوگۆ بکەیت، بۆیە خۆت ئامادەبکە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


ئێستا کاتی پشوو وەرگرتن نییە، باشترە ئەرکەکانت بە جێ بگەیەنیت و دوای نەخەیت، ئەم چەند ڕۆژە بەهۆی سەرقاڵیتەوە شتەکانت لەبیر دەکەیت، هەوڵ بدە سەرنجی زیاترت هەبێت، ئێوارە خوانێك لەگەڵ خۆشەویستەکەت ئارامت دەکاتەوە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


ئەگەر لە شوێنی کارەکەت گرفتت هەیە سەبرت هەبێت، چونکە هەموو شت باش دەبێت، خۆشەویستەکەت هەوڵ دەدات تۆ لەو کەشە نائارامە دەربکات، خواردنی شیرینی کەم بکەوە.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت



- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و ڕێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی -٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاوڕێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.

**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

www.gulanmedia.com

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq



Gulan Weekly
July 22, 2024 Issue,No.1422




0750 104 1777
0770 104 1777

هەولێر / ڕێگای سەرەکی هەولێر پیرمام
/تەنیشت یانەی ئەسپ سواری

Catalogue